


# ژیان.. عەشق.. راپەڕین

## ئۆشۆ

# ژیان.. عەشق.. ڕاپەڕین

## ئوشۆ

هەڵبژاردن و وەرگێڕانی: جەلیل عەباسی

ناونیشان:

- ژیان.. عەشق.. راپەڕین...
- ئوشۆ
- هەڵبژاردن و کۆ کردنەوەو وەرگێڕان: جەلیل عەباسی
- نەخشە سازی ناوەوە:
- پیتچنین: وەرگێڕ
- بەرگ:ئیبراهیم ساڵح
- نرخ: شەش هەزار
- چاپی یەکەم: 2018
- تیراژ:500 دانە
- چاپخانە: چوارچرا

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەسپادنی (     )
ساڵی 2018 ی پێدراوە.

ناوەرۆك:

دەربارەی ئوشۆ:..................................7
دەفتەری یەکەم/ عەشق سەمای ژیانە:...............31
دەفتەری دووەم/ راپەڕیو:..........................93
دەفتەری سێیەم/ ئەڵماسەکانی وشیاری:.............135
دەفتەری چوارەم/ ئەمیش بەسەر دەچێت:...........169
دەفتەری پێنجەم/ لە خاچ درانەوەی دووبارەی مەسیح، ئەمجارەیان لە ئەمەریکای (رۆناڵد ریگن)دا:..............211
ژێدەر:...............................................257

ژیـــان..

عـــەشق..

راپـــەڕین



**دەربارەی نوسەر:**

ئوشـۆ (راجنـیش چـاندرا موهـان جـین) (1999/1931)، سـۆفییەکی هاوچـەرخی هیندییـە کـە ژیـان و رێنموونییـەکانی، ملیۆنەها کەسی بە تەمەن و بیروبڕوای جیاجیاوە خسـتۆتە ژێـر کاریگەریی خۆیەوە. رۆژنامـەی (سـەندی تـایمز)ی لەنـدەنی بـە یـەك لەهـەزار مێژووسـازی سـەدەی بیسـتەم نـاوی بـردووە و رۆژنامەی (ساندی مید دەی)ی هێندییش پێگەی ئـەوی لـە پـاڵ دە مرۆڤی مەزنی وەکوو (گاندی) و (نەهرۆ) و (بوودا) داناوە کە چارەنووسی هیندیان گۆڕی. ئەم عارف و فەیلەسووف و بیرمەند و ئاوەزمەندە هێژایە لە شەستەکاندا بە (ئاچاریا راجنیش) و لـە حەفتا و هەشتاکاندا بە (بەهاگوان شەری راجنـیش) دەناسـرا و ساڵی (1989) نازناوی (ئوشۆ)ی بۆ خۆی هەڵبژارد و ئیدی بـە هـەمان نـاو مایـەوە و ناسـرا. ئـەم نازنـاوەی لـە ریشـەی (ئوشنەنیك)ەوە وەرگرت کە واتای (پەیوەست بە ئـاوی دەریـا) دەگەیەنێت و بۆ یەکەمجار لـە بەرهەمـەکانی (ویلیـام جـەیمز)دا بەکار هاتووە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم نازناوە ئەوە بوو کە وەکوو دەریایـە و تایبەتـە بـە ئـەزموون و تەجروبـە کـردن و هیچـیدی ناگرێتە خۆی.. دواتریش پەیی بەوە برد کە ئەم وشـەیە پێشـتر لە رۆژهەڵاتدا باو بووە و بە واتای (تـاکێکی پـیرۆز کـە ئاسمـان گوڵی بەسەردا دەبارێنێ) بەکار هاتووە.

**له دایکبوون و منداڵی:..**

**1931**

باگوان شەری راجنیش لە (11)ی دیسەمبەر، لە گوندی (کوچ وادا)ی سەربە پارێزگای (مادیا پرادێش)ی هیند لە دایك بوو، کوڕی گەورەی بازرگانێکی رۆحسوکی پەیڕەوی مەزهەبی (جاین)ە. حەوت ساڵی سەرەتای ژیانی خۆی لەگەڵ باپیرە و داپیرەیدا ژیا کە سەرپشکیان کردبوو لە هەموو کارەکانیدا و چیی ویستبا، بە ئازادی و سەربەستی ئەنجامی دەدا.

**1938**

دوای مردنی باپیرەی، گەڕایەوە لای خێزانەکەی لە شاری (گاداوارا)دا کە بیست هەزار کەسی تێدا دەژیان، داپیرەی لە گەڵی رۆیشت کە لەگەڵی بژی و تا دوایین ساتەکانی ژیانی (1970) نزیکترین دۆستی بوو، ئەو رایگەیاندبوو کە موریدی ئەم کچەزایەی خۆیەتی.

**1946**

باگوان، یەکەم ئەزموونی (ساتۆری) واتە (ئیشراق/ دەروونرۆشنیی کاتی)ی خۆی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا تێپەڕاند. بە درێژایی چەندین ساڵ، تاقیکارییەکانی بە هۆی (موراقەبە/مەدیتیشەین)ەوە قووڵتر دەبوونەوە.. گەرم و گوڕیی کنە کردن و لێکۆڵینەوە رۆحانییەکانی، کاری کردبۆوە سەر باری جەستەیی و کەسوکاری نیگەرانی ئەوە بوون نەوەك

تەمەنی کورت بێت و زۆر نەژی.

**ساڵەکانی زانکۆ:**

**1952**

لــە تەمــەنی بیســتویەك ســاڵی (21ی مارچــی 1952) و (سەرەتای نــەورۆز)، بـاگوان گەیشـتە ئیشـراق، واتــە بــەرزترین لووتکەی ئاوەزی مرۆیی. خۆی دەڵێت: لێرەوە ژیانی دەرەوەی کۆتایی پێهات و لەوە بەدوا لە پێگەی بێ نەفسی و لە ئاوێتــەیی یاسا دەروونییەکانی ژیاندا دەژیا. خوێندنی لە زانکۆی (ساگەر) درێژە پێدا و ساڵی 1956 بە پلەی یەکەم لە بەشی فەلسەفەدا دەرچــوو. ئــەو، پێشــبڕکێی دوانــدنی رووبــەڕوو (مونــازەرە)ی سەرتاسەریی هیندی بـردەوەو میـدالیای زێڕینــی لـە بەشـەکەی خۆیدا وەر گرت.

**1957**

باگوان بو بە مامۆستای کۆلیژی سانسکریتی (ریپـۆر) و سـاڵی دواتریش بووە مامۆسـتای فەلسـەفەی زانکـۆی (جەبـەل پـور). بەڵام دوای ساڵێك دەستی لە کارەکەی کێشا بۆ ئەوەی خۆی بە تــەواوەتی تــەرخان بکـات بـۆ راهێنـانی مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە لەســەر موراقەبــە. لــە (1960)ەوە دەســتی کــردە گــەڕان و سەفەری بەردەوام و هەمیشەیی بە سەرتاسـەری هیندسـتاندا و ناوی بە مامۆستا (ئاچاریا راجنیش) دەرکـرد و ئیـدی، رۆیشـتە

هەرکوێ، رق و کینە و تووڕەیی رژێمی ورووژاند. ئەو، لە قسە و باسە ورووژێنەرەکانیدا، دووڕوویی و ناپاکیی بەرژەوەندیخوازانی کۆمەڵگەی ئاشکرا دەکرد و راشکاوانە دەیگوت: ئەوان دەبنە بەربەست لە رێگەی سەرەتاییترین مافی مرۆڤ واتە مافی (خود بوون)، بەردەوام لە بەرانبەر جەماوەری دەیان هەزار کەسیدا قسەی دەکرد و بە گوتە گەرمەکانی، ختووکەی دڵی میلۆنەها مرۆڤی دەدا.

**ساڵەکانی بۆمبای:**

## 1968

ئەو، لە بۆمبای نیشتەجێ بوو و دەستی کردە وانە گوتنـەوەو راهێنــانی خــەڵك لەســەر ناســینی شــێوازی شۆڕشــگێڕانەی موراقەبەی دینامیك، واتە ئەو شێوازەی کە بەهۆی بەتاڵ کردنی زەینەوە دەبێتە هۆی ناچالاك کردن و وەستاندنی.. لـە 1970 بە دواوە دەستی کردە ئاشنا کردنی پەیڕەو و فێرخوازەکانی بە بزووتنەوەی (نیۆ سانیاس) یا هـەمان شـێوازی بەرپرسـیارێتی لەمەڕ کەشفی خود و موراقەبە کردن، ئەمەش لە رێگەی عەشـق و هیدایـەتی شەخسـیی خۆیـەوە دروسـت دەبـوو، لێـرەدا، ئـەو (باگوان)، ناوی (بوونی پیرۆز)ی لێدەنرا.

## 1970

یەکەمین پــەیجۆکانی هەقیقـەت لـە رۆژاواوە هـاتن کـە دەیـان کەسی پیشەیی و ناسراویان لە ناودا بوون. ناوبانگی بـاگوان لـە ئــەورووپا و ئــەمریکا و ئوســترالیا و ژاپــۆن و...دا زێــتر بــوو.. ئۆردووگای مانگانەیان بۆ درێژەدانی کارەکـان دروسـت کـرد تـا سەرەنجام، ساڵی 1974 شوێنێکیان لە (پۆنا)دا دۆزییــەوە کـە دەکرا راهێنانەکانی ئـەوی تێـدا بـەردەوام بێـت و پــەرەیان پــێ بدرێت.

## ساڵەکانی پۆنا:

## 1974

لە بیستویەکەمین ساڵڕۆژی ئیشراقی باگواندا، پەرستگەی نوێ لە پۆنادا کرایەوە. تیشك و تیرۆژی ناوبانگ و کاریگەریی باگوان بووە جیهانی و سەرتاسەری.. هەر لەم سەردەمەشدا باری تەندروستیی بە تەواوەتی رووی لە خراپی کرد.. ئەو، زۆرتر و زۆرتر رووی دەکردە سووچی چۆڵی ژوورەکەی و لە رۆژێکدا تەنیا دوو جار دەهاتە دەرەوە: بۆ قسەکردنەکانی بەربەیان و بۆ دیداری موریدەکانی لە دوانیوەڕواندا. گەلێ گرووپ و دەستەی دەرمانی دامەزران کە بریتی بوون لە روانگەی رۆهەڵاتی و شێوازی دەروون دەرمانیی رۆژاوایی. لە ماوەی دوو ساڵدا، پەرستگەی پۆنا وەکوو باشترین ناوەندی گەشە و دەرمانی جیهان ناسرا. وتارەکانی باگوان سەرجەم نەریتە مەزهەبییەکانی دنیای لە خۆ دەگرت. هەر لەم سەردەمەدا زانیارییە پەرە سەندووەکەی لەمەڕ زانست و هزری رۆژاوایی و هەرواش رۆشنیی کەلام و قووڵیی باس و بەڵگەهێنانەوەکانی، سنوورە کۆنەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژاوای لە ناو بیسەر و موریدەکانیدا سڕییەوە.. وتارەکانی ئەو، کە تۆمار دەکران و دەنووسرانەوە، گەیشتە سەدان کتێب کە لە رێگەی سەدان هەزار کەسەوە خوێنرانەوە.. لە کۆتایی حەفتاکاندا پەرستگەی

باگوان لە پۆنادا بۆ مورید و ڕێبوارانی ڕێبازی هەقیقەت وەکوو (مکە)ی لێهاتبوو.

## 1980

لە یەکێك لە کۆڕ و وتاردانەکانیدا ئەندامی گرووپێکی نەریتخوازی هیندو، تەقەی لێکرد.. ئەو زەمەنەی کە کلێسە و مەزهەبە فەرمییەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا دژایەتییان دەکرد، مورید و پەیڕەوەکانی لە دووسەد و پەنجا هەزار کەس لە سەرتاسەری دنیادا تێپەڕیبوون.

## قۆناغێکی نوێ.. راجنیش پۆرام.. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:

## 1981

سەرەتای مانگی مایس، باگوان دەستی لە وتار دان هەڵگرت و قۆنـاغی پەیوەنـدنیی بێـدەنگ (دڵاودڵ)ی لەگـەڵ موریـدەکانی دەستپێکرد. ژانی کەمەر و پشت ئێشەیەکی زۆر ئـازاری دەدا و ناچـار بـوو حەوانەوەیـەك بداتــە خـۆی.. بـەهۆی پزیشــك و چاودێرەکانییەوە، بـە مەبەسـتی چارەسـەر و عەمـەلیاتێکی بـە پەلە، گەیەنرایە ئەمەریکا.. موریدە ئەمریکییەکانی، زەوییـەکی شەستوچوار هەزار مەترییان لە دەشـتی (ئۆرێگـان)ی ناوەندیـدا کڕی و داوایان لـە بـاگوان کـرد بچێتە ئـەوێ بـۆ ئـەوەی زۆرتـر بحەوێتــەوەو باشــتر و زووتــر چــاك ببێتــەوە. کۆمەڵگەیــەکی کشتوکاڵی لەو شوێنەدا کرایەوە کە بە شـێوەیەکی زۆر سـەیر و خێـرا و بـە سـەرکەوتنێکی سـەر سـوورهێنەرەوە کەوتـە کـار و بەرهەمهێنان و، ئیدی ئەو زەوییە وشك و بێ بەهرەیـەی جـاران بە هەوڵ و تەقالای شەو و رۆژانەی موریدەکانی بـاگوان بـوو بـە باغستانێکی سەرسەوز و رازاوە و پڕ بەرهەم کە دەیتوانی ژیـان و گوزەرانی پێنجهـەزار کـەس دابـین بکـات و لـە جـەژن و بۆنـە تایبەتییەکانیشـدا زیـاتر لــە بیســت هــەزار کەســی تێـدا کـۆ دەبوونەوە.

هــەر لەگــەڵ پــەرە ســەندنی ئــەم شارۆچــکەیەدا، چــەندین کۆمەڵگەی گەورەتر لە شارەکانی وڵاتانی رۆژاوایی و ژاپۆنیشـدا بینـا کـران کـە هــەر لــە رێگــەی داهــاتی کاروپیشــەی ئــازادی موریدەکانیەوە بەڕێوە دەبران.

هەر لەو سەردەمانەدا بوو کە باگوان، وەکوو پێشەوایەکی دینی، خوازیاری نیشتەجێبوونی تاهەتایی ئەمەریکا بوو، بەڵام دەوڵـەتی ئەم وڵاتە داخوازییەکەی رەت کردەوە، یـەك لـە هۆکارەکـانی ئـەم رەت کردنەوەیە، هەمان ئەو (پەیمانی بێدەنگی)یە بوو کە بـاگوان پەیڕەوی دەکرد. هەروەها لە لایەن دەسەڵاتی ویلایەتی ئۆرێگان و زۆربەی هاوشارییە مەسیحییەکانیشەوە، بەردەوام هێرش دەکرایـە سەر ئەو کۆمەڵگەیـەش کـە موریـدەکانی بنیاتیـان نـابوو، یاسـای کـەڵکوەرگرتن لـە زەمینـەکانی ئۆرێگـان کـە زۆرتـر بـە مەبەسـتی پاراستنی ژینگە دانرابوو، چەکێك بوو دژی ئەم کۆمەڵگە نوێیە کـە هەوڵیدابوو ئەو بیابانـە وشـکە بکاتـە سـەرزەمینێکی سەرسـەوز و بەرهەمهێن، لە راستیدا ئەو شارە وەکوو شارێکی نموونە لە بواری ژینگەپارێزییەوە لە دنیادا ناسرابوو.

باگوان لە ئۆکتۆبەری 1984دا دەستی کردەوە وتـار دان بـۆ گرووپێکـی بچـووك لـە دۆسـتەکانی و لـە (ژۆلای) 1985یشـدا وتاردانی بـۆ هـەزاران کـەس لـە موریـد و رێبـوارانی رێبازەکـەی دەسپێکردەوە.

## 1985

لــە 14ی ســپتەمبەردا، ســکرتێری تایبــەتی بــاگوان و چــەند کەسێك لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایـەتیی شـارەکە لـەناکاو جێیـان هێشت و پاشـان ئـەو رەوتـە نایاسـاییە ئاشـکرا کـرا کـە ئـەوان دەستیان پێکردبوو.. باگوان داوای لە دەسەڵاتدارانی ئەمـەریکا کـرد سـەردانی ئـەو شـارە بکـەن بـۆ لێکۆڵینـەوەی تـەواو لـەو پەیوەندییەدا.. بەڵام دەسـەڵاتداران ئـەو هەلـەیان قۆسـتەوە و پەرەیان بە بەرەنگار بوونەی زۆرتری دژی ئەو کۆمەڵگەیە دا.

29ی ئۆکتۆبـەر، بـاگوان بـە بـێ حـوکمی دادوەر، لـە شـاری (شارلۆت)ی ویلایەتی (کارۆلینـا)ی بـاکووردا دەسبەسـەر کـرا.. کـــاتی پـــێ ڕاگەیانـــدنی ئـــەو تۆمەتانـــەی درابوونـــە پـــاڵی، دەستوقاچیان بە زنجیر بەستبوو.. دەبا لە ئۆرێگاندا مەحکەمـە بکرێــت و رێگــای شــارلۆت تــا ئۆرێگــانیش بــە فڕۆکــە پێــنج کاتــژمێرێك بـوو، کەچـی رۆیشـتنەکەی ئـەو هەشـت کاتـژمێری خایانـد. لـە چـەند رۆژی سـەرەتای دەسـگیر کردنەکەیـدا هـیچ نیشانەیەك لە مەڕ ئەو بـە دیـار نەدەکـەوت.. دواتـر ئـەو خـۆی ئاشکرای کرد کە لە زیندانی ویلایەتی (ئۆکلاهۆمـا)دا ناویـان بـە (دەیڤیــد واشــینگتۆن) تۆمــار کــردووە و خســتوویانەتە نــاو تاکەکەسـییەکەوە ئـەویش لەگـەڵ زیندانییـەکی نەخۆشـدا کـە نەخۆشیی گـوازراوەی (تێمیسـك)ی هـەبووە، نەخۆشـینێك، کـە ئەگەر بگوازراباوە، ئەوا دەیتـوانی ببێتـە هـۆی مردنـی بـاگوان.

پاش دوازدە کاتـژمێر سـزای زینـدان و زنجـیر لـە دەسـت، یـەك کاتژمێر پێش ئەوەی دەبوو ئازاد بکرێت، بۆمبێکیان لە زیندانی (پۆرتلەنـد)ی ئۆرێگانـدا دۆزییـەوە.. سـەرجەم زیندانییـەکانیان لـــەوێ دوور خســـتنەوە بـــاگوان نـــەبێت کـــە بـــەو حاڵـــەوە کاتـژمێرێکیتریش هـەر لـەوێ و لـەو مەترسـییەدا هێشـتیانەوە. ناوەڕاسـتی مـانگی نۆڤەمبـەر، پارێزەرەکـانی بـە پێداگرییـەوە داوایان لێکرد دووان لەو (34) تۆمەتە قبووڵ بکات کە ئەمەریکا لەمەڕ پێشێلکردنی یاساکانی کۆچبەری دابوونیە پـاڵی، تـا بـەو جۆرە دەرفەتێك بڕەخسێنرێت بۆ رزگار کردنی گیانی لە چـنگی سیستەمی دادوەریی ئەمەریکا. باگوان بە گـوێی پارێزەرەکـانی خۆی کـرد و دەسـتی دایـە سـکاڵای ئالفرێـد (Alfred plea): سکاڵایەك کـە تایبـەتی سیسـتەمی دادوەریـی ئەمەریکایـە و بـە هۆیەوە ئەو دەیتوانی تێکەڵبوون بە تۆمەتەکە قبووڵ بکات و لە هەمانحاڵدا بێتاوانیی خۆیشـی بپارێزێـت. سـەرەنجام چوارسـەد هەزار دۆلار غەرامەیان کرد و حوکمی دەرکردنی لە ئەمەریکا مۆر کرا بە جۆرێك تا پێنج ساڵیتر نەتوانێ روو لەو وڵاتە بکات. هـەر هەمان رۆژ بە فڕۆکەیەکی تایبەت نێردرایەوە هیندستان و ئیدی لە کێوەکانی هیمالایادا گیرسایەوە.. هەفتەیەك دواتر کۆمەڵگەی ئۆرێگان بڕیاری پـرژو بڵاوبوونـەوەی دا و ئـەو شـوێنەیان چـۆڵ کـرد. لــە کۆنفرانسـێکی رۆژنامەوانیـدا پرسـیارێك ئاراسـتەی

دادوەری ئەمەریکی (چارلز تۆرنەر) کرا: " بۆچی ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ سکرتێرە تایبەتەکەی باگوان، دژی خۆی بە کار نــەهێنران؟".. دادوەری ئەمــەریکی وڵامێکــی دایــەوە کــە پیشاندەری سیاسەتی ئەمەریکا بوو دژی کۆمەڵگەی ئۆرێگـان.. ئەو ئاماژەی بە سێ خاڵی بنەڕەتی کرد و گوتی: یەکەم، نیـازی سەرەکیی دەوڵـەت نەهێشـتنی ئـەو کۆمەڵەیـە (ئۆرێگـان) بـوو، بەرپرسانی ئەمریکی دەیانزانی ئەم کارە تەنیا بە نەمانی باگوان لەو شوێنە مەیسەر دەبێت..

دووەم، بەرپرسانی ئەمــەریکی حــەزیان نــەدەکرد لــە بـاگوان (شەهید/ قارەمان)ێك دروست بکەن..

ســێیەم، هــیچ بەڵگەیــەکمان بەدەســتەوە نــەبوو بتوانــێ تێوەگلانی باگوان بە هیچ تاوانێك بسەلمێنێت.!

**گەڕان بە دەوری دنیادا _ خوێندنەوەیەك لەمەڕ مافی مرۆڤ:**

## دیسەمبەری 1985

بە سکرتێری نوێ و هاونشین و پزیشکەکەی باگوان ڕاگەیاندرا کە دەبێ هیندستان بە جێ بهێڵن و ڤیزەکەیان بەتاڵ بۆتەوە.. باگوان ڕووی کردە (کاتماندۆ) لە (نیپاڵ) و لەوێ درێژەی بە وتاردانەکانی خۆی دا.

## فێبرایەری 1986

باگوان بە هۆی ڤیزەیەکی یەك مانگەوە ڕۆیشتە یونان و لە ڤێللەی سینەماکارێکدا نیشتەجێ بوو و لەوێ هەموو ڕۆژێك دوو گوتاری دەدان.. موریدەکان بۆ بیستنی وتارەکانی هێرشیان دێنا و لەوێ کۆ دەبوونەوە.. قەشەی گەورەی کلێسەی ئۆرتۆدۆکس هەڕەشەی لە حکوومەتی یونان کرد کە: ئەگەر باگوان دەر نەکرێت، جەنگ و خوێنڕشتن دەست پێدەکات.

## 5ی مارچی 1986

پۆلیسی یونان بە زۆر ڕۆیشتە ناو شوێنی حەوانەوەی باگوان و بە بێ هیچ حوکمێکی یاسایی، دەسگیری کرد و هەر بە زۆر ڕەوانەی ئەسینای کرد تا لەوێوە دەر بکرێت.. بیستوپێنج هەزار دۆلاریان خەرج کرد تا نەهێڵن بچێتە ناو ئەو بەلەمەی بۆی تەرخان کرابوو و نەگەڕێتەوە هیندستان.

## 6ی مارچی 1986

باگوان بە فڕۆکەیەکی تایبـەت بـەرەو (سـویس) رەوانـە کـرا و لەوێش پۆلیسـی چـەکدار ڤیـزە حـەوت رۆژییەکـەیان لێسـەند و پووچەڵیان کردەوە.. لەوێش وایان راگەیانـدبوو کـە بـاگوان بـە تۆمـەتی تاوانکـاری لـە ئاسـتی یاسـای کۆچـبەریی ئەمـەریکادا، کەسێتییەکی متمانە پێ نەکراوە و نابێ لەوێ بمێنێتـەوە، بۆیـە پێیان گوت دەبێ ئەو وڵاتەش بە جێ بهێڵێت. رووی لە (سـوید) کرد بەڵام لەوێش هـەمان هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ کـرا و لـە لایـەن پۆلیسی پڕ چەکەوە دەوری گیرا و پێیانگوت: ئەو، مەترسییەکە بـۆ ئـەمنی نەتـەوەیی و ئـەمریان پێکـرد بـە زووتـرین کـات بەجێبهێڵێت! رۆیشتە بـەریتانیا.. بـە پێـی یاسـای فڕۆکـەوانی، دەبوو فڕۆکەوانەکانی ماوەی (8) کاتژمێر پشوو بدەن.. باگوان ویستی لە هۆڵی توریستیی فڕۆکەخانـەدا پشـوویەك بـدات بـەڵام نەیانهێشت و تەنانـەت نەشیانهێشـت ئـەو شـەوە لـە هوتێلێکـدا بەسەر بەرێت، بەڵکوو ئەو و هاوڕێکانیشـی ئاخنرانـە زینـدانێکی تاکەکەسـیی پـیس و چـەپەڵ کـە پـڕی بـوو لـە پـەناخوازی نایاسایی.

## 7ی مارچی 1986

باگوان و گرووپەکەی بەرەو (ئیرلەند) فڕین کە ڤیزەی (توریستی)یان دابوونێ.. لەوێ ڕۆیشتنە هوتێلێك لە نزیك (لایم ریك)ەوە، بەڵام بەیانی زوو پۆلیس هات و پێیان ڕاگەیاندن کە دەبێ زووبەزوو ئەوێش بە جێ بهێڵن. ئەمەش نەدەکرا چونکە هێشتا وڵاتی (کەنەدا) ئیزنی بە فڕۆکەکەی نەدابوو بەنزینی پێویست وەربگرێت تا بتوانێ بەرەو (ئانتیگوا) درێژە بە فڕینەکەی بدات. ئەم ڕێگرییەش لە حاڵێکدا بوو کە باگوان بەڵێننامەی فەرمیی ئیمزا کردبوو ئەویش بە کەفالەتی کومپانیای (لویدز لۆندۆن) کە بە هیچ شێوەیەك لە فڕۆکەکە دانەبەزێت. سەرەنجام بەو مەرجەی هیچ قەڵەباڵغییەك دروست نەکەن ببێتە هۆی شەرمی بەرپرسانی (ئیرلەند)ی، ئیزنی ئەوەیان دایە تا دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك، لەوێ بمێننەوە. لەو کاتی چاوەڕوانییەدا (ئانتیگوا) لەو ڤیزەیەی پێشتر دابوویە باگوان، پاشگەز بووەوە.. (هۆڵەند)یش داواکارییەکەی ڕەت کردەوە.. (ئەڵمان) هەر پێشتر حوکمی قەدەغەکردنی هاتنی باگوانی بۆ ئەو وڵاتە دەر کردبوو.. لە (ئیتالیا)شدا ڤیزە توریستییەکەی دوا خرابوو و هێشتاش دوای (15) مانگ هەر بە هەڵپەسێرراوی ماوەتەوە!

## 19ی مارچی 1986

له دوایـین سـاتەکانی چـاوەڕوانیدا، (ئورۆگـۆای) بـە دەنگییـەوە هـات و ئیـدی خـۆی و موریـد و هاوڕێکـانی لـە رێگـەی (داکـار) لـە (سـنیگال)ەوە بەڕێکـەوتن.. ئورۆگـوای، تەنانـەت دەرفـەتی پێبەخشینی ئیزنی مانەوەی دایمیـی بـۆ لەبەرچـاو گرتبـوو.. هـەر لەوێش بـوو لـەوە تێگەیشـتن کـە بۆچـی نـەیاتوانیبوو بڕۆنـە هـیچ ولآتێك: هەمیشە پێش گەیشتنیان بە ولآتێك، لـە لایـەن سەرچـاوە فەرمییـەکانی (پـەیمانی نـاتۆ)وە چـەند راپۆرتێـك بـە ناونیشـانی (زانیاریی زۆر نهێنیی سیاسی) دەگەیەنرایـە پۆلیسـی ئـەو ولآتانـە کە تیایاندا بانگەشەکانی پۆلیسی نێونەتەوەیی دووبارە و دووپـات دەکرانـەوە: "قاچاخچـێتیی مـادە هۆشـبەرەکان و پـەرە پێـدانی لەشفرۆشی".. هێندەی نەبرد ئورۆگـوایش کەوتـە ژێـر کاریگـەریی ئەم گوشارانەوە.

## 14ی مایسی 1986

حکوومەتی ئورۆگوای خۆی ئامادە دەکـرد تـا لـە کۆنفرانسـێکی رۆژنامەوانیدا بە هـەموانی رابگەیـەنێت کـە ئیزنـی نیشـتەجێبوونی هەمیشـەیی داوەتـە بـاگوان. هـەر ئـەو شـەوە، تەلـەفۆنێك لـە واشینگتۆنەوە بۆ(سانگوێنتی)ی سەرۆك کۆماری ئورۆگوای کرا کە ئەگەر بێتو باگوان لەو ولآتـەدا بمێنێتـەوە، ئـەوا ئەمـەریکا قـەرزە شەش ملیار دۆلارییەکەی خۆیی لێ دەستێنێتەوە و لەمەودواش بـە هیچ شێوەیەك هیچ قـەرزێکی ناداتـێ، بۆیـە وا باشـترە بـاگوان تـا

(18)ی حــوزەیران ئــەو وڵاتــە بــەجێبهێڵێت.. ڕۆژی دواتــریش (ســانگوێنتی) و (ڕێگــن) لــە واشــینگتۆن ڕایانگەیانــد: ئەمــەریکا قەرزێکی بە بڕی (150) ملیۆن دۆلار بە ئورۆگوای بەخشیوە.

## 19ی حوزەیرانی 1986

(جامایکا) ڤیزەیەکی دە ڕۆژەی دایە باگوان. چەند خولەکێك پاش ئەوەی باگوان گەیشتە ئەوێ، فڕۆکەیەکی هێـزی دەریـایی ئەمەریکا هەر لە پاڵ فڕۆکەکەی باگواندا نیشتەوە و دوو کەسـی لێ هاتنە دەر.. بەیانیی ڕۆژی دواتر ڤیزەکـەی بـاگوان و هـەموو هاوڕێکانی بەتاڵ کرابۆوە!.. بـاگوان، لـە ڕێگـەی (مەدریـد)ەوە بەرەو (لیسبۆن) فڕی و بۆ ماوەیەك بە نەناسراوی مایەوە، چەند هەفتە دواتر پۆلیس تەوقی چواردەوری شوێنی مانەوەکەی دا.. ڕۆژی پاش ئەوە باگوان بڕیاری دا بەرەو هیندستان بگەڕێتەوە.. لــەم بگرەوبەردەیــەدا ســەرجەم (21) وڵات یــا ئیزنــی هاتنــە ناوەوەیان پێ نەدا یانخود لە وڵاتەکەیان دەریان کرد.!

## 29ی حوزەیرانی 1986

بـاگوان گەیشـتە بۆمبـای و بـۆ مـاوەی شـەش مـانگ میـوانی هاوڕێیــەکی بــوو.. لــەم ماوەیەشــدا لــە (خــەلۆەت)ی مــاڵی میواندارەکەیـدا هــەر خــەریکی وشــیار کردنــەوەو ڕێنمــایی و گوتاردانەکانی خۆی بوو.

## 4ی ژانیوەری 1986

باگوان چووە ناو خانووەکەی خۆی لە پەرستگەی (پۆنا)دا، شوێنێك کە پێشتر و لە حەفتاکاندا تێیدا ژیابوو.. هەرلەگەڵ گەیشتنی باگوان، پۆلیسی پۆنا گەیشتە سەری و پێی ڕاگەیاند کە دەبێ ئەو شوێنە چۆڵ بکات، ئەویش بەو بیانووەی کە گوایە ئەو "کەسێکی سەربە ئاژاوە"یە و لەوانەیە "ئارامیی شار تێك بدات"! ئەم ئەمرە، هەمان ڕۆژ بەهۆی دادگای باڵای بۆمبایەوە بەتاڵ کرایەوە.. هەمان ئەو (هینۆس)ە توندڕۆیەی پێشتر چەقۆیەکی بەرەو باگوان هاویشتبوو، دەستی کردە هەڕەشە کردن کە ئەگەر بێتو باگوان پۆنا بەجێ نەهێڵێت، ئەوا ئەو لەگەڵ دووسەد کۆماندۆدا هێرش دەکەنە سەر پەرستگەکە.

## 21ی مایسی 1987

لەم کاتەدا کە ئەم نووسینە ڕێکدەخرێت، بە پێچەوانەی هەوڵ و هۆتافی حکوومەتەکانی (جیهانی ئازاد!!!) بە مەبەستی گۆشەگیر کردنی باگوان بە دوورخستنەوە و لانەواز کردنی، هەزاران کەس لە موریدەکانی لە سەرتاسەری ئەم دنیایەدا بەرەو پۆنا دەڕۆن تا جارێکیتر لەگەڵ مورشید و مامۆستای ڕاستەقینەی خۆیاندا بن.

**بەرهەمەکانی ئوشۆ:..**

ئوشـۆ (59) ژیـا و لـە (19)ی ژانیـوەری سـاڵی (1990)دا ماڵئاوایی لێکردین، ئەویش بە ژیانێکی پـڕ بەرهـەم، بـۆ نموونـە نزیکـەی (600) کتێـب و (7000) کاتـژمێر کاسـێتی دەنـگ و (1700) کاسێتی ڤیدیۆیی کە بریتین لـە گوتـار و رێنمـایی، لـە پاش خۆی بۆ بەجێهێشتین کە دەبنە سەرچـاوەی دەوڵەمەنـدی (عیرفان) و یەزدان ناسی.. بەرهەمەکانی ئوشۆ وەرگێڕدراونەتـە سـەر زۆربـەی زۆری زمانـە زینـدووەکانی جیهـان و موریـد و پەیڕەوانیشی لە سەرتاسەری گێتیدا بڵاو بوونەتەوە.

ئەمـەش بەشـێك لـەو بەرهەمانـەی کـە وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانی فارسی:...

- ڕێگای پێگەیشتن
- تەنیا یەك ئاسمان
- مەدیتیشەین چییە؟
- چریکەی ژیان
- مەزەیەك لە مەلەکووتەوە
- ئای لەم...
- ببیستە لەم خامۆشە
- عەشق، سەما، ژیان
- ژیان وەك گێڕانەوەی بوودا

- راز/ نهێنی، بەرگی یەکەم
- راز/ نهێنی، بەرگی دووەم
- یەکەمین و دوایین رزگاری
- ئەڵماسەکانی ئوشۆ
- موراقەبە، هونەری گەشە و شادی
- باڵقبوون
- زاڕۆی نوێ
- ژیانێك، ئاوازێك، سەمایەك
- ئەوکاتەی نەبووم
- بوێری
- ئێستاش گۆماوێکی کۆن
- ئایەندەی زێڕین
- هەتاو لە سێبەردا
- ترپەی دڵی هەقیقەتی رەها
- گوڵەکانی جاویدانی
- سەرگەشتەیی
- ئەمەش بەسەر دەچێت
- تانترا، بەرگی یەکەم
- تانترا، بەرگی دووەم
- نهێنیی گەورە

- بوێریی عاشقێتی
- ئوشۆ، زەن، تاروت
- زۆربای بودایی
- فنجانێك چا
- حەوت جەستە، حەوت چاكرا
- شۆڕشی
- موراقەبە، شۆری مەستی
- تاتۆییزم، بەرگی یەكەم
- تاتۆییزم، بەرگی دووەم
- لەگەڵ هەتاوی ئێواران
- عەشق، باڵندەیەكی ئازاد و سەربەست
- زمانی فریشتەكان، بەرگی یەكەم
- زمانی فریشتەكان، بەرگی دووەم
- تەمسیلە عیرفانییەكان
- ئەڵماسەكانی ئاگایی
- ریشەكان و باڵەكان
- شكۆی ئازادی
- تانترا، بەرگی سێیەم، شیكاریی ئاوازە شاهانەكان
- تانترا، بەرگی چوارەم، شیكاری ئاوازە شاهانەكان
- عاشقانەكان

- سۆفی، مەردی ڕێگا: ئاوازی بێدەنگی
- خۆت بە (بوون) بسپێرە
- بڵێ (ئارێ)
- عەشق باڵندەیەکی سەربەستە
- ژیان، بەخششێکی یەزدانییە
- بێگانە لە زەمیندا
- چرای ڕێگای خۆت بە
- فڕین لە تەنیاییدا
- دڵ بە دەریا بسپێرە
- من وانەی بوێری دەڵێمەوە
- لەگەڵ خۆتدا ببەوە یەك
- دلۆپێك لە دەریا


دەفتەری یەکەم
عەشق سەمای ژیانە

## عەشق، سەمای ژیانە

### بەشی یەکەم: ژیان:........

" ژیــان، شــتێکی نامومکینــە.. نابــێ هــەبێ.. کەچــی هەیــە. هــەبوونی ئێمــە، دارودرەخــت، باڵنــدەکان... ئەمانــە هــەمووی مۆجیزەیە (پەرجۆ)، بەڕاســتی مۆجیزەیــە. چــوونکە، ســەرجەم کاینات بێ گیانە.. ملیۆنــەها و ملیۆنــەها ئەســتێرە، ملیۆنــەها و ملیۆنەها هەسارە، هــەموویان بێبەشــن لــە ژیــان. تــەنها لەســەر زەمین، _ئەم هەسارە بچووکەی کە بە بەراورد لەگەڵ کاینات لە تۆزقاڵێــك غوبــار زیــاتر نییــە_ ژیــان هاتۆتــە کایــەوە. زەمــین، خۆشــبەختترین شــوێنی ســەرجەم پانتــایی (بــوون)ە، چــوونکە تیایدا باڵندەکان دەجریوێنن.. درەختــەکان دەشــنێن و شــکۆفە دەدەن.. مرۆڤــەکان عاشــق دەبــن، گــۆرانی دەڵــێن و ســەما دەکەن.. بەڕاستی ڕووداوێکی باوەڕ پێ نەکراو رووی داوە."

ئۆشۆ

**ژیان رووپەڕی سپیی وێنەیەکە...**

باگوان:[1]

ئایا ژیان، سەرەنجام تەنها رەنج و مەینەت نییە؟:

ئوشۆ: ئەمەیان بە خودی تۆوە بەندە.. ژیان، خۆی لەخۆیدا وەکوو رووپەڕی سپیی وێنەیەکە، چیی بەسەرەوەر بکێشی، هەر ئەوە دەردەچێت. دەتوانی وێنەی رەنج و مەینەتی تێدا بکێشی یانخود وێنەی شادی و بەختەوەری.. شکۆ و مەزنێتیی مرۆڤانەی تۆ هەر لەم ئازادییەدا چڕ دەبێتەوە: تۆ دەتوانی بەجۆرێك ئەم ئازادییەت بەکار بەری کە ژیانی خۆت بکەیتە دۆزەخ، لەهەمانحالدا دەتوانی لێوڕێژی بکەیت لە شادی و جوانی و چاکە و بەختیاری، ئەمە بە خۆتەوە بەندە.. مرۆڤ خاوەنی ئەم ئازادییەیە. هۆی ئەم هەموو رەنج و مەینەتەی ژیان ئەوەیە کە مرۆڤەکان نەزانن و نازانن ئەو رووپەڕە سپییە بە چ وێنەیەك برازێننەوە! هەڵبژاردن لە ئەستۆی تۆدا و بەدەستی خۆتە.. شکۆ و گەورەیی تۆش هەر لەمەدایە.. ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین و مەزنترینی ئەو بەخششانەی کە خواوەند تەنها

[1] باگوان بە واتای گەورە، مەزن، سەروەر و هەرواش بە واتای خواوەندەکان دێت، نازناوێکە لە هینددا دراوەتە پاڵ عارف و سۆفی و زانا پایەبەرزەکانی بواری (ئیلاهیات). ئوشۆ، ساڵی 1989 ئەم نازناوەی لەسەر ناوی خۆی سڕییەوە و خۆی لێ بەری کرد.

به مرۆڤی بەخشیوە. هیچ گیانداریکیتر ئەم بەخششەی پێ نەبڕاوە.. سەرجەم گیاندارەکان (بێجگە لە مرۆڤ) دەستەمۆی بەرنامەیەکی لە پێش داڕێژراون.. سەگێك، بە حوکمی چارەنووس، مەحکووم و ناچارە کە تاهەتایە هەر سەگ بێت و هیچ ڕێگە و هۆکارێکی دیکەی نییە.. ئەو لە هەڵبژاردندا سەربەست نییە.. سەگ بوونەوەرێکە، بە هەندێ بەرنامەی یارکراوەوە دروست کراوە و هەردەبێ بە پێی هەمان بەرنامە بجووڵێتەوە و وەکوو سەگێك بژی.. هیچ مافێکی هەڵبژاردن و گۆڕینی نییە، بوونەوەرێکە مەحکوومی وەستاوی نەگۆڕ. ئەم بنەمایەش، بۆ هەموو گیاندارەکان: هەر لە گوڵی سوور و نیلوپەڕی ئاوییەوە تا دەگاتە باڵدار و چوارپێ و جڕوجانەوەریتر، هەر ئاوایە، تەنها مرۆڤە ناکەوێتە ناو ئەم قاڵبە چەقبەستووەوە. مرۆڤ بە تەواوەتی سەربەستە.. سەربەستی، گەوهەری (بوون)ی مرۆڤ و بەخشیشێکی پیرۆزی یەزدانە.. مرۆڤ بە بێ هیچ بەرنامەیەکی لە پێش دیاریکراودا دێتە دنیا و ناچار نییە دەستەمۆی هیچ پلان و خواستێکی دەرەوەی ئیرادەی خۆی بێت، مرۆڤ، خۆی خالقی خۆیەتی.. مرۆڤ، هەرچۆن بێت و هەرچۆن بژی، تەنها بەدەستی خۆیەتی، ئەو، دەتوانێ کەسێکی خوایی وەکوو بوودا، یانخود بوونەوەرێکی دیکتاتۆر و دڕندەی وەکوو هیتلەر بێت. تۆ دەتوانی ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی

شـعوور و خودئاگـایی و ویـژدانی مرۆیـی بیـت یـانخود وەکـوو رۆبۆتێك بێ ئیرادە و بێ ئیختیار.. بەڵام لەوە دڵنیـا بـە کـە تـۆ خۆت بەرپرسی یەکەمی هەرچەشنە هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕێکی کە لـە ژیانتـدا روو دەدات، بـەڵێ، تـەنها تـۆ نـە هیچکەسـیدیکە!. مرۆڤی خۆشبین ئەو کەسەیە، کاتێ بەیانی لەخـەو هەڵدەسـتێ، دەچێتە پاڵ پەنجەرەکە، دەیکاتـەوەو دەڵێـت: (بـەیانیت بـاش ئەی پەروەردگار!). لە بەرانبەریشدا مرۆڤی (بەدبین) کەسێکە، دەچـێتە بـەر پەنجـەرە و بـە بێزارییـەوە دەناڵێنـێ: (ئـای خوایە،دیسـان رۆژ بـووەوە!!). مـافی هەڵبـژاردن بـۆ تـۆ پارێزراوە.. بەربەیان بۆ هـەموو کـەس هـەر یەکێکـە.. لەوانەیـە هەمان ئەو دووکەسە لە یەك ژووردا بژین و لە یـەك پەنجـەرەوە بـڕوانن، کەواتــە، دەبیـنین ئـەم هەڵبژاردنــە تــەنها و تــەنها پەیوەستە بە خودی مرۆڤەوە. چیرۆکێکی کۆن هەیە باسـی دوو (سۆفی) دەکـات: "دوو کـەس لـە موریـدانی مورشـیدێك لـە نـاو باخی شێخەکەیاندا پیاسە دەکەن.. ئەوان ئیزنی ئەوەیان هەبوو رۆژێك  دوو جار، هەم بەیانی و هەم سـەرلە ئێـوارە لـەو باخـەدا پیاسـە بکـەن، ئـەم پیاسـەیەش بـۆ ئـەوان وەکـوو بەشـێکی راهێنانەکــەیان بــوو.. مــرۆڤ ناتوانــێ هــەموو بیستوچــوار کاتژمێرەکـە لەسـەر ئـەژنۆ دانیشـێت و نـەجوولێ.. پێیـەکانی پێویسـتیان بـە هەنـدێ جـووڵان هەیـە و هەربۆیـەش لەهـەردوو

**قوتابخانەی (زێن)[2] و (سوفیگەری)دا مرۆڤ چەند کاتـژمێرێك بـە دانیشتن و ماوەیەکیش بە پیاسە کردن لەسەر راهێنان بەردەوام دەبن (موراقبە/ چاودێری[3])، پرۆسەی راهێنان چ بە دانیشـتن و چ بە پیاسەش هەر بەردەوام دەبێت و ئەنجام دەدرێـت. بەهـەر حاڵ، ئەو دوو موریدە فێـرە جگـەرە بـوون، بۆیـە بڕیاریانـدا لـە شێخەکەیان ئیزن بخوازن بۆ جگەرەکێشان و گوتیـان: سـبەینێ دەچینە لای و پێیـدەڵێین، ئەوپەڕەکـەی بڵـێ (نـا)، بەهـەرحاڵ ئێمە دەچینە لای و لێی دەپرسـین. پێموانییـە جگـەرە کێشـان لەناو باخدا سووکایەتیکردن بێت بە پیرۆزییەکان، خۆ ئێمە لەناو ماڵەکەیدا دووکەڵ ناکـەین. رۆژی دوایـی، هـەردوو موریـد لـەناو باخەکـەدا یـەکیان بینـی، یـەکێکیان تـووڕە بـوو، زۆر تـووڕە،**

---

[2] (زێن/زن)ناوێکە ، دانراوە بۆ حاڵەتێکی زۆر تایبەت لە راهێنانە درەوونی و ئیلاهی و عیرفانییەکاندا و زۆرتر لای بوودی و کۆنگفۆ کاران و راهیبەکان کاری پێدەکرێت، واتای (رامان، تێڕامان) و رۆچوونە ناخ و دابڕان لە دەوروبەر و بەچەشنێك (خەڵوە) دەگەیەنێت، ئێمە لێرەودوا هەر بە (خەڵوە)ی ناودەبەین و هیوادارم بە هەمان (خەڵوەتکێشان/ چلە)ی تێنەگەن، لەم باسەدا تەنها مەبەستمان هەمان (زن)ە.

[3] موراقەبە لە حاڵەتە گشتییەکەیدا بە واتای (چاودێری) دێت بەڵام لێرەدا ئەم واتایە پڕ بە پێستی نابێت چوونکە کاتێ سۆفی، عارف یا پسپۆڕێکی بواری پاراسایکۆلۆژی بەکاری دێنێت، وەکوو ئەم بەکار هێنانەی ئوشۆ، ئەوا مەبەستی (پاراستن و پاك و دوور ڕاگرتنی دڵە لە خراپەکان، موراقەبە لێرەدا واتە: بڕوا بە پاکیی خواوەند و بەوەش کە دڵ تەنها بە پاکی لە خوا نزیك دەکەوێتەوە کە واتە دەبێ لە هەرچەشنە خراپەیەك بپارێزرێت و دوور ڕا بگیرێت کە ئەمەش پێیدەگوترێ (موراقەبە) و ئێمەش لەمەودوا هەر هەمان وشە بەکار دێنین.

چوونکە ئەویتریان جگەرەی دەکێشا، کابرای تووڕە گوتی: ئەوە چییە؟، ئەوە چ مانایەکی هەیە؟ خۆ من لە شێخم پرسی و ئەو بە ساردییەکەوە داخوازییەکەی رەت کردمەوە، کەچی تۆ وەستاویت و چرەدووکەڵ بەردەدەیتەوە؟ واتە تۆ ملکەچی ئەمری شێخ نابیت؟! ئەویتر گوتی: بەڵام شێخ ئیزنی منی دا.. کابرا زۆرتر تووڕە بوو و گوتی: هەرئێستە دەڕۆم و پێیدەڵێم بۆچی ئیزنی بە تۆ دا و بە منی نەدا؟ ئەویان گوتی: بوەستە.. پێم بڵێ چیت پێ گوت و چۆنت لێ پرسی؟ ئەویش وڵامی دایەوە: چۆنم گوت؟، زۆر بە سادەیی گوتم ئایا دەتوانم لە کاتی راهێنان لە ناو باخدا جگەرە بکێشم؟ شێخیش گوتی نا و زۆریش لێم تووڕە بوو. برادەرەکەی پێکەنی و گوتی: ئێستە زانیم بۆچی تووڕە بووە و زانیم شتەکە چۆنە.. ئاخر من رۆیشتمە لای و لێم پرسی: ئایا دەتوانم کاتێ جگەرە دەکێشم لەسەر راهێنان بەردەوام بم؟ ئەویش گوتی بەڵێ دەتوانی."

کەواتە، دەبینین هەر رووداوێك لە ژیانی ئێمەدا روو دەدات، بەستراوە بە چۆنیەتیی بیرکردنەوەو روانین و ئیرادە و هەڵبژاردنی خۆمانەوە.. جیاوازییەکی بچووکیش دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە. جیاوازیی نێوان ئەو دوو پرسیارەی لە شێخ کران، زۆر بوو.. "ئایا دەتوانم کاتی ڕاهێنان جگەرە بکێشم؟" پرسیارێکی زۆر خراپ و نابەجێیە، لە بەرانبەردا، پرسیاری "ئایا

دەتوانم کاتی جگەرە کێشان لەسەر ڕاهێنان بەردەوام بم؟" زۆر بە جێیە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە و دەکرێ پەسەند بکرێت.

ژیان، خۆی لە خۆیدا، نە رەنج و مەینەتە و نەش شادی و بەختەوەری.. ژیان پارچە کاغەزێکی سپییە و مرۆڤ دەبێ ژیرانە و هونەرمەندانە و بە وشیارییەوە تیایدا بنووسێت.

**خەمۆکی دەسپێکێکی گەورەیە**

باگوان...

مـن مانـدووم، بێتاقـەتم و دائـەهێزرێم، تـۆ دەڵێـی: دەبـێ هەرچۆنێك هەین ئاوا خۆمان ببینین. بـەڵام مـن نـاتوانم ژیـانم _ بەمجۆرەی کە لە چێژە دەروونییەکان بێبەشم _ قبووڵ بکەم.. دەبێ چی بکەم؟:

ئوشۆ:

دەڵێی دڵسارد و بێتاقەتی... ئەمە کەشفێکی گەورەیە.. بەڵێ بـە ڕاسـتیمە، کـەمن ئەوانـەی پـەیان بـەوە بردبـێ بێتاقـەت و خەمۆکن، ئـاوا کەسـانێکیش هـەر بەڕاسـتی خـەمۆکن و هـەموو کەسێك پێیـان دەزانـێ جگـە لـە خۆیـان. زانـین و ئاگـاداربوون لەوەی کە خەمۆکیت، دەسپێکێکی گەورەیە، بەڵام چەند خاڵێك هـەن کـە دەبـێ بناسـرێن و بزانـرێن: مـرۆڤ تاقـە بوونەوەرێکـە، هەست بە خەمۆکی دەکات، ئەمەش زۆر تایبەتمەندە و هەرواش بەشـێکە لـە شـان و شـکۆ و پێگـەی مرۆیـی.. ئایـا تـا ئێسـتە باڵدارێك یا وڵاخێکت بینیوە خەمۆك بێـت؟ نـا، ئەوانـە هیچـکات خـەمۆك نـابن.. خـەمۆکی، واتـای ئەوەیـە کـە ڕێگـە و شـێوازی ژیانـت هەڵەیـە. هەربۆیـەش دەڵـێم پـەی بـردن بـە خـەمۆکی، شـتێکی گەورەیـە، واتـە دەزانـین کـە: (دەبـێ شـتێك بکـەین..

ئالۆگۆڕێکمـــان پێویســـتە). بەمپێیـــەش، هیچـــکات وا مەزانـــە خەمۆکی شتێکی خراپە، نا، بـەڵکوو نیشـانەیەکی زۆر باشـە بـۆ دەسپێکێکی نوێتر. بـەڵام تـۆ هـەر بەوەنـدەوە مەوەسـتە. ئـەو مرۆڤانەی ناخ و رواڵەتیان یەکێکـە، هیچـکات تووشـی خـەمۆکی نابن، لە بەرانبەردا مرۆڤە خۆ نوێنەکان مەحکوومن بە خەمۆکی، چـــوونکە ژیـــانی خۆیـــان کردۆتـــە دوو بەشـــەوە: (خـــود)ی راستەقینەیان سەرکوت دەکەن و خۆیان لە ژیانێکدا دەنوێنن کە درۆیینە، سەرچاوەی خەمۆکیش، هەمان ئەو ژیانـە درۆیینەیـە. ئەگــەر مــرۆڤ ئــەوکارە ئــەنجام بــدات کــە لــە نــاخی دڵــەوە خوازیاریەتی، هیچکات تووشی خەمۆکی نابێت. ئەو کاتەی ماڵی خۆمانم بەرەو زانکۆ بەجێدەهێشت، باوك و دایك و کەس و کارم و بەتایبەتی باوکم، دەیانویست ببمە زانایەك یـا لانیکـەم دکتـۆر یانخود ئەندازیارێك بۆئەوەی داهتووم دابین و مسۆگەر بێت. من رەتم کردەوە و بـە داکۆکییـەوە گـوتم: "مـن هـەمان ئـەو کـارە دەکەم کە دڵم دەیخوازێت، چـوونکە نامـەوێ ژیـانێکی خـەمۆکم هەبێت.. لەوانەیە وەکوو زانایەکی گەورە سەرکەوتوو بم و ببمـە خـاوەنی پـارە و سـامان و رێزێکـی زۆر، بـەڵام لـە ناخمـدا هـەر هەست بە خەمۆکی دەکەم چوونکە ئەوە ئەو کارە نـەبووە دڵـم ویســـتوویەتی." ئـــەوان واقیـــان وڕ مـــابوو، چـــوونکە هـــیچ ئایەندەیـــەکیان لـــە خوێنـــدنی فەلســـەفەدا نـــەدەبینی، بـــەڵام

سەرەنجام بە نابەدڵییەوە قبووڵیـان کـرد و کۆڵیـان دا، ئـەویش بەو باوەڕەوە کە من ئایەندەی خۆم وێران دەکەم. کەچی دواتر تێگەیشتن لەوەی ئەوکات بە هەڵەدا چووبوون. کێشەکە لەسـەر پارە و سامان و پێگەی کۆمەڵایـەتی نییـە، بـەڵکوو لـە راسـتیدا لەسەر ئەو شتەیە کە دڵی خـۆت دەیخوازێـت و ڕازیـت دەکـات، تۆش گەر هەمان کارت کرد بە بێ سەرنجدانە ئەنجامەکانی، ئەوا خەمۆکی لە ژیانتدا نامێنێت. ئەنجامدانی کاری دروسـت ئـەویش لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە، بەردی بناغەی خەمۆکییە.

هەر هەموو مرۆڤایەتی تووشی خەمۆکی بووە.. ئـەوەی دەبـو ببێتــە (عارف)ێــك، بۆتــە ماتماتیــك زان.. ئــەوەش دەبــوو ماتماتیکزان بێـت، کەوتۆتـە شـوێن سیاسـەت.. ئـەوەی دەبـوو شاعیر بێت، بۆتە بازرگان.. هیچکەس لەسـەر جێگـەی تایبـەتی خـۆی نـەماوە و چـۆتە شـوێنێکیدی کـە هـیچ پەیوەندییـەکی پێیەوە نییە. مرۆڤ دەبێ لە ژیانیدا کاری خۆبەختـەکی (ریسـك) بکات. مرۆڤ، ئەگەر ئامادەی (ریسك) کردن بوو، ئـەوا خـەمۆکی لە ناخ و جەستەیدا نامێنێت.

دەڵێی: "ماندووم". لە خۆت ماندوویت، چوونکە لەگەڵ خۆتدا راستت نەگوتووە.. چوونکە رێزت لە خۆت نەگرتووە.

دەڵێی: " هێز لە خۆمدا نابینم"... چۆن دەتەوێ گوڕ و هێزت تێدا بێت؟.. گوڕوتین کاتێك دێتە ئاراوە کە تۆ هەمان ئەو کـارە

ئـەنجام بـدەیت دڵـت دەیخـوازێ، ئیـدی ئـەو کـارە هەرچـی و هەرچۆنێك بێت. ڤانگۆك زۆر دڵخۆش بـوو بـەوەی تـەنیا وێنـەی دەکێشـا، تەنانــەت یــەك لــە تابلۆکانیشــی نەدەفرۆشــران.. هیچکەس سوپاسی نەدەکرد و زۆرزۆر برسیش بوو، چوونکە ئەو پارەیەی براکەی دەیدایە، تەنها بەشی تۆزقاڵە خۆراکێکی نەمرە و نەژیی دەکرد.. ئەو، ناچار بـوو چـوار رۆژی هەفتـە بـە ڕۆژوو بێت و تـەنیا سێ رۆژ خـواردن بخـوات، نـازانم ئەگـەر ئـەو چـوار رۆژە بــە رۆژوو نــەدەبوو، چـۆن دەیتــوانی کەمــەکێك قەڵــەم و کەرەستەی وێنەکێشان دابین بکات؟ لەگەڵ هــەموو ئەمانەشـدا، ئەو گەلێ شاد و بە گوڕوتین بوو. کاتێ مـرد، تـەنیا سـی و سـێ ساڵی تەمەن بوو، ئەو رۆژەی گەیشتە مێژینەترین ئاواتی خـۆی کە هەمان وێنە کێشانی تابلۆی (هەڵهاتنی هەتاو) بوو، نامەیەکی ئاوای نووسی: " من کارەکەم تەواو کرد.. زۆر رازی و دڵخۆشم و بــەو پــەڕی شــادی و رەزامەندیشــەوە ئــەم ژیــان و جیهانــە بەجێدێڵم". ئەو، بە پوختی و بـە تـەواوەتیی ژیـان ژیـا.. ئـەو، مۆمی ژیـانی خـۆی لـە هـەردوو سـەرەوە بـە تـەواوەتی گڕانـد. تــۆش، لەوانەیــە ســەد ســاڵ بــژیت، بــەڵام ژیانــت هــەروەکوو ئێسقانێکی پووکاوە بێت.. تاقە داهۆڵێك، ئەویش داهۆڵێکی بـێ گیان. دەڵێی: من گوتوومە دەبێ خۆمـان وەکچۆن هـەین، هـەر ئاوەها پەسەند بکەین.. بەڵام من ناتوانم ژیانم، لە حاڵەتێکدا کە

بێبەش بم لە چێژە دەروونییەکان، پەسەند بکەم. بەڵێ، خۆت وەکچۆن هەیت هەر ئاوا پەسەند بکە و ئاگادار بە کە تەنها لە بەرانبەر خۆت و خوای خۆتدا بەرپرسیاری نەك لە بەرانبەر بیروبۆچوونی ئەو کەسانەی، خۆیان لە تۆ پێ باشترە. مەبەستم لە (بەرپرسیارێتی) ئەرك و بەڵێن نییە بەڵکوو مەبەستم رووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ راستی و گەوهەری ژیاندا. تۆ، لە بەرانبەر خۆتدا ژیانێکی نابەرپرسانە ژیاویت و هەرتەنیا ئەو کارانەت ئەنجام داون، کە خەڵك لێیان ویستوویت، هەر ئەمەش تووشی خەمۆکی و دڵتەنگیی کردوویت و هیچ گوڕوتینێك لە خۆتدا شك نابەیت، ئایا بۆ خۆ ڕزگار کردنت لەم زیندانەدا بەڵگەی زۆرترت دەوێ؟ دەرپەڕە دەرەوەو تەنانەت ئاوڕی پشتەسەریت مەدەرەوە. ئەوان دەڵێن: پێش ئەوەی دەرپەڕی، جوان بیری لێبکەوە. بەڵام من دەڵێم: یەکەمجار دەرپەڕە و پاشان تا دڵت دەیخوازێت، بیری لێبکەرەوە.

**زۆربای بوودایی:...**

باگوان... هەندێجار وا لە قسەکانت تێدەگەم کە مرۆڤ دەبێ وەکوو زۆربای یونانی بژی: بخوات.. بخواتەوە و خۆش رای ببوێرێت و هەر ئەمەشە رێگای راست و دروستی ژیان. هەندێجاریش وا تێدەگەم گوایە ژیان بریتییە لە چاودێری (موراقەبە/ مەدیتەیشن) و سەیر کردن و نەبوونی جموجوولە، هەروەکوو راهیبێکی بوودایی. باشە، ئێستە ئێمە دەبێ کام لەمانە بین.. زۆربا یا راهیب؟، باشە تێکەڵکردنی ئەم دوانە چۆن دەبێت؟ من وای بۆ دەچم تۆ خۆت توانیبێتت ئەم دوو جەمسەرە دژ بەیەکە پێکەوە ببەستیتەوە، بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین هەم وەکوو زۆربا شادمان بین و هەمیش وەکوو بوودا زاڵ ببین بەسەر خواست و حەزەکانی خۆماندا؟

ئاوێتە بوونی کۆتایی هەر ئەمەیە، من نامەوێ ئێوە بکەمە زۆربای یوونانی، بەڵکوو دەمەوێ زۆربای بوودایی دروست بکەم. زۆربا کەسێتییەکی زۆر سەرنجڕاکێشە بەڵام شتێکی کەمە: زەمین هیی ئەوە بەڵام لە ئاسمان بێبەشە.. ئەو زەمینییە، بە ڕەگوڕیشەیە هەروەکوو سەروێکی گەورە، بەڵام بێ باڵە و ناتوانێت بەرەو ئاسمان هەڵفڕێت.. ئەو، رەگوڕیشەی هەیە بەڵام باڵی نییە. خواردن و خواردنەوە و چێژ وەرگرتن لە خۆشییەکانی ژیان، خۆی لە خۆیدا زۆر باشە و کارێکی خراپ

نییه، بەڵام بەست نییه، ئەم چەشنە ژیانە زوو دەبێزرێت.. مرۆڤ ناتوانێ بۆ تاهەتایە هەر بخوات و بخواتەوە و رابوێرێت، ئەوەندەی پێناچێ ئەم خۆشگوزەرانییە جێی خۆی دەداتە (خەمگوزەرانی)، چوونکە هەر دووبارە دەبێتەوە. کەسێکیش لە بەردەوامیی ئەم ژیانە هەمیشە دڵخۆش بێت، ئەوا بزانە سووکەسەرەیە. ئەگەر کەسێك، تۆزقاڵێکیش بیروهۆشی هەبێت، زوو یا درەنگ پەی بە پووچەڵیی ئەم چەشنە ژیانە دەبات.. باشە مرۆڤ تا کەی دەتوانێ هەر بخوات و بخواتەوە و خۆش رابوێرێت؟ سەرەنجام، بتەوێ نەتەوێ ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە: (چ سوودێکی هەیە؟.. باشە بۆ چی؟) ئەم پرسیارە لە درێژماوەدا هەر دەێتە ئاراوە، بە تایبەت بۆ ئەو کەسەی وشیار بێت، ئەوا پرسیارەکە هەمیشە ئازاری دەدات و دڵی بۆ دۆزینەوەی وڵامەکەی لێدەدات. دەبێ خاڵێکمان هەمیشە لە بەرچاو بێت: ئەوە مرۆڤە برسی و هەژارەکان نین بێ هیوا دەبن.. نا، ئەوان ناتوانن بێهیوا بن، کەسێك هێشتا تامی ژیانی نەکردووە، چۆن دڵسارد و بێهیوا دەبێت؟ مرۆڤێکی هەژار، هەر هەمیشە هیوادارە، هەمیشە ئاوات و خولیای لە دڵدایە، هەمیشە بە هیوایە شتێك روو بدات.. ئەمڕۆ نەبوو، سبەی.. سبەی نا، دوو سبەی. ئەو مرۆڤە بێبەشانەی تامی ژیانیان لەم دنیایەدا نەکردووە، ناتوانن لە ژیان بێزار و ماندوو و دڵسارد ببن،

چـوونکە مـرۆڤ کاتـێ دڵـی لـە شـتێك سـارد دەبێتـەوە کـە بـە تەواوەتی تەجروبەی کردبێت و لێی پڕ بووبێت، پاش ئەو لەگەڵ ژیان و تەجروبە کردنەیـە کـە پـەی بـە پووچـێتیی هـەموو ئـەو شتانە دەبات.. مرۆڤ، تا نەبێتە زۆربا، واتـای پووچـێتیی ژیـانی دنیایی ناناسێت. بوودا، خۆی هەروەکوو زۆربا بوو، شـازادەیەك بوو کە هەرهەموو کچە جوان و ناسکەکانی وڵاتی لە گەڵ بـوون، باوکی ئەم دۆخەی بۆ سـازاندبوو.. لـە رازاوەتـرین کۆشـکەکاندا دەژیا، کۆشکی جۆراوجۆر و تایبەتی هەر وەرزێك.. ئەو، چـێژی لــە باشــترین ئیمکانیــاتی خۆشــگوزەرانیی ســەردەمی خــۆی وەردەگرت، ئـەو، هـەروەکوو زۆربـای یوونـانی دەژیـا.. کەچـی کاتێك تەنها بیستونۆ ساڵی تەمەن هەبوو، لەو ژیانە سەرتاسـەر خۆشییە بێزار بوو، ئەو، پیاوێکی وشـیار و زیـرەك بـوو، ئەگـەر مرۆڤێکی کەم ئاوەز بووبا، ئەوا درێژەی بە هەمان ژیانی خـۆش دەدا، کەچی هێندەی نەبرد لەوە تێگەیشت کە ژیانی دووبارە و دووپاتەیـە و هـیچ گـۆڕانێکی تێـدا نییـە، هـەموو رۆژێـك هـەر دەخوات و دەخواتەوە و لەگەڵ ئافرەتێکی جواندا رادەبوێرێـت، بەڵام ئەمە تا کەی و بۆ چی؟ هەر ئەم پرسیارە وای لێکـرد لـەو ژیانە خۆشەی خۆی بێزار ببێت. تەجروبەی ژیان زۆر تاڵە، ئەوە تـەنیا لـە بـیر و خەیاڵدایـە شـیرین دەنوێنـێ، دەنـا لـە راسـتیدا زۆرزۆر تاڵە.

ئەو، لە هەرهەموو کۆشك و ئافرەتی جوان و سامان و ناز و نیعمەتی دنیا هەڵات و پشتی لە هەموو خۆشییەکان کرد.

من، لەگەڵ زۆربای یونانیی (سیرف)دا نیم، زۆربای یونانی، هەمان ریشە و بنەمای زۆربای بوودایيە، لە ئەزموونی بوودايە کە زۆربا سەر دەردێنێ.

لەم جیهانەدا بژی، چوونکە پۆختەت دەکات و کەسێتیی خۆڕاگرت پێدەبەخشێ.. رووبەڕووبوونەوەکانی ئەم جیهانە، وشیاری و ئاگاییت بە دیاری بۆ دێنێ، ئەم ئاگاییەش بۆت دەبێتە پلیکانەیەك کە دەتوانی پیایدا سەرکەوی لە زۆرباوە بۆ بوودا.

تەنها ئەوکاتە دەتوانی بگەیتە رەهەندە چاکەکەی ژیان، کە رەهەندە خراپەکەت تێپەڕاندبێت.. پاداشتی گەیشتنە پلەی بەرزترت ئەو کاتە دەدرێتێ، کە رەنج و مەینەت و چێژ و خۆشییەکانی پلەی نزمترت تەجروبە کردبێتن و تێپەڕت کردبن. نیلوپەڕی ئاوی، پێش پشکووتن، دەبێ بە لیتەی گەنیوی گۆمەڵتاودا تێپەڕێت.. ئەم لیتاوەش نموونەی هەمان ئەم جیهانەیە. راهیب، چوونکە لە لیتاوەکە هەڵاتووە، هیچکات ناتوانێ ببێتە نیلوپەڕی ئاوی، وەکوو ئەوە وایە تۆوی نیلوپەڕ لە کەوتنە ناو لیتاو بترسێت، شوێنێك، کە دەبێ تیایدا پێبگات و گەشە بکات، رەنگە تۆوی نیلوپەڕەکە لە ڕووی لووتبەرزی و

فیزو دەمارەوە بڵێت: مـن تـۆوی نیلوپـەڕم و بـەهیچ شـێوەیەك نارۆمە ناو لیتاوەوە، و بەم بیانووەش لە لیتاوەکە هەڵبێت، لەم حاڵەتەشدا، هەمیشە بە هـەمان تـۆوی دەمێنێتـەوە و هیچـکات پێناگـات و گەشـە ناکـات و ناپشـکوێت، ئەگـەر بیـەوێت ببێتـە نیلوپەڕ و بشکۆفێت، ئەوا دەبێ بکەوێتە ناو لیتـاوەوە.. دەبـێ ئەم دوالیزم و دژبەرییە تەجروبە بکات.. بە بێ تەجروبە کردنـی ئەم دژبەری و دوالیزمە و بە بێ تەجروبە کردنی ژیانی ناو لیتاو، گەیشتنە سەرکەوتن و گەشانەوە مەیسەر نابێت.

مــن دەمــەوێ یارمــەتیت بــدەم کــە لەهــەر کــوێ و لەهــەر بارودۆخێکدایت، بە شـێوەیەکی تـەواو و کـامڵ بیـت تـا بتـوانی بگەیتە پلەی بەرزتر و سەرووتر.

سەرەتا وەکوو زۆربا بە.. گۆڵێـك بـە لـە زەوی و هیـی زەوی، هەر لەم رێگەیەشەوە توانای بە بـوودا بـوون بەدەسـت بهێنـە و ببەرە گوڵی ئەو دنیا و هیی ئەو دنیا.. ئـەو دنیـا لـەم دنیایـەوە دوور نییە.. ئەو دنیا دژی ئـەم دنیایـە نییـە، بـەڵکوو ئـەو دنیـا لەمدا پەنهانە، ئەم دنیایە رەنگدانەوەی ئەویترە و ئەو دنیایەش بەشێکی نەبینراوی ئەم دنیایەیە.

**چێژ وەرنەگرتن لە ژیان، تاوانە:**

باگوان... تکایە هونەری ژیانمان بۆ باس بکە...

مـرۆڤ، بـۆ ئـەوەی دێتـە دنیـا کـە بـژی.. بـەڵام ئەمـەش بـە تەواوەتی پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیـە.. ئـەو، دەتوانـێ ژیـانی خـۆی لـە دەسـت بـدات.. دەتوانـێ هەناسـە بـدات.. بخـوات.. بخواتەوە.. پیر ببێت و بگاتە لێوی گۆڕ، بەڵام ئەمە ژیان نییـە، بەڵکوو مەرگێکی هێدی و لەسەر خۆیە.. مەرگێکی لەسەر خۆ لە لانکەوە تا گۆڕ.. مردنێکـی هێـدی کـە لەوانەیـە حـەفتا سـاڵیش درێژە بکێشێت. لەبەر ئەوەش کە ملیۆنەها کەس لە دەوروبەری تۆدا هێـدی هێـدی و لەسـەر خـۆ دەمـرن، تـۆش لاسـایی ئـەوان دەکەیتـــەوە.. منداڵـــەکان هەمووشـــتێك لـــە گـــەورەکان و دەوروبەریانەوە فێر دەبن.

باشە.. سەرەتا دەبێ بـۆتی روون بکەمـەوە کـە مەبەسـتم لـە ژیان چییە.. ژیان، بە واتـای تەمـەن کـردن و پـیر بـوون نییـە، بەڵکوو بە واتای گەشە کردن و پێگەیشتنە. ئەم دوو چەمکە بـە تـەواوەتی لێکـدی جیـان: پـیر بـوون، یاسـایەکی حەیوانییـە، لەحاڵێکـدا گەشـە کـردن و پێگەیشـتن تایبەتمەندییـەکی تـەواو ئینسـانییە بـەڵام رێژەیـەکی زۆرکـەم شایسـتەییان بـۆی هەیـە. گەشە کردن، واتـە مرۆڤ هەر ساتێك لە سـاتی پێشوو زۆرتر پـەی بـە قـووڵایی گەوهـەری ژیـان بـەرێت.. گەشـە کـردن واتـە دوور

کەوتنەوە لە مەرگ نەك بەرەو پیری چوونی.. هەرچەندە زۆرتر بچیتە قووڵایی ژیانەوە، سرشتی جاویدان مانەوەی نووستووی ناخت زۆرتر دەناسیت و لە مەرگ دوورتر دەکەویتەوە.. تا دەگەیتە ئەو ساتەوەختەی کە وا بزانی، مەرگ شتێك نییە بێجگە لە گۆڕینی جلوبەرگ، خانوو، یا شکڵ و شێوازی پێشووت.. هیچ شتێك نامرێت.. لە راستیدا هیچ شتێك ناتوانێ بمرێت.

**مەرگ گەورەترین وەهمێکە، بوونی هەبێت..**

بۆ گەشە کردن، ئەوەندە بەستە سەیری درەختێك بکەیت.. درەخت، کاتێ گەشە دەکات، رەگەکانی رۆ دەچنە ناو قووڵایی، لێرەدا هاوسەنگی لە ئارادایە: هەرچەندە درەختەکە بڵندتر ببێت، رەگەکانی قووڵتر رۆ دەچن. هیچ درەختێك نادۆزیتەوە بۆ نموونە (50) مەتر بەرز بێت کەچی رەگەکانی لە قووڵاییدا نەبن، ئاوەها رەگ گەلێك بەرگەی هەڵگرتنی جەستەی ئاوا درەختێکی گەورە ناگرن. گەشە کردن، واتە رۆچوونی زۆرترت بەرەو ناخی خۆت، ئەو شوێنەی رەگەکانتی تێدان.

بە ڕای من، یەکەمین بنەما و کۆڵەکەی ژیان، چاودێرییە.. هەموو شتێکیدی لە پلەی دووەمدا دەبێت. منداڵی، باشترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە بۆ چاودێری.. هەرچەندە تەمەن بەرەو سەروتر بکشێت، مرۆڤ لە مەرگ نزیکتر دەبێتەوە و

چاودێریکردن بۆی ئاستەمتر دەبێت. چاودێری، واتە هەنگاو نان لە شێوی جاویدانیدا.. واتە پێشڕەوی لە ئەبەدییەتی دەرووندا.. واتە دەرککردنی (الوهیت)ی ناخ. منداڵیش باشترین و شیاوترین کەسە بۆ ئـەم کـارە، چـوونکە بارسـووکە و قورسـایی زانسـت و خوێندن و شتەکانیتری ژیان هێشتا نەکەوتۆتە سەرشانی.. ئەو، پاك و خاوێن و بێ هەڵە و بـێ پەڵەیـە. کەچـی بەداخـەوە، ئـەم پاکییـەی ئـەو، بـە نـەزانی لێکدەدرێتـەوە. پـاکی و نـەزانی لێکدەچـن بـەڵام یـەك نـین، لێکچـوونی نێوانیـان لـە هـەمان (نەزانین)دایە بەڵام جیاوازییەکی گەورەشیان لە نێواندایە کە تـا ئەمڕۆش لە لایەن مرۆڤەکانـەوە نـەبینراوە: منـداڵێك، پـاوانخواز نییە.. ئـارەزووی نییـە و نـوقمی (سـات) دەبێـت.. چرکەسـاتی هـەڵفڕینی باڵندەیـەك بـە باڵـە نەخشـینەکانیەوە بـە تـەواوەتی سـەرنجی ئـەو رادەکێشـێت و نـوقمی دەکـات.. بینینـی پەپوولەیەکی رەنگین بەستە بۆ ئەوەی نوقمی نـاو دنیـای ئـەو بینینەی بکات.. کاتێ سەیری کۆلکەزێڕینە دەکات، هیچ شتێکی بەلاوە لەو رەنگاڵەییە جوانتر نییە.. کاتێ ئەستێرەکانی ئاسمان دەبینێت، وەك ئەوە وایە هـەموو دنیـا هیـی ئـەو بێـت و تیایـدا پیاسە و سەیران بکات.. پاکی، دەوڵەمەنـدە، پـڕ بـارە، نـاب و نایابە. بەڵام نەزانی بە سروشتی خـۆی هـەژارە، دەرۆزەچییە، ئەمەی دەوێ.. ئـەوەی دەوێ.. هەمیشـە خوازیـاری گـەورەیی و

رێز و سامان و دەسـەڵاتە. نـەزانی، لـە رێبـازی مـەیل و حـەز و ئـارەزوودا هــەنگاو دەنێـت. پـاکی، دۆخێکـە تیایـدا نـەبوونی خواسـت و ئـارەزوو حـوکم دەکـات. لەبـەر ئـەوەی هـەردوکیان (نەزانی و پاکی) بێبەشن لە زانست و ئاگـایی، ئێمـەی مـرۆڤیش تێکەڵمان کردوون و بۆمان لێك جیا ناکرێنەوە و بۆ ئاسـوودەیی خاتری خۆمان بە یەك شتیان دەزانین!.

یەکەم هـەنگاو بـۆ فێربـوونی هونـەری ژیـان، کێشـانی هـێڵ و سـنوورێکە لـە نێـوان (غەفڵـەت) و (پـاکی)دا. پێویسـتە پـاکی پشــتگیری بکرێــت، بپارێزرێــت و پــێ بگەیــەنرێت. پــاکی خەزێنەیــەکی زۆر گرانباییــە کــە بــەهۆی منداڵــەوە بــەدیاری دەهێنرێـت.. خەزێنەیـەك، کـە زانـا و ئاوەزمەنـد و فەرزانـە و هەڵبژێردراوان، دوای ساڵگارێکی دوورودرێژ و رەنج و مەینـەت و تــاڵی و ســوێری و مەشــەقەتێکی زۆر دەیگــەنێ. فەرزانــەکان گوتوویانە: ئەوان سەرلەنوێ بوونەتەوە بـە منـداڵ.. سـەرلەنوێ لە دایك بوونەتەوە. حەکیمێکی راستەقینە لە هینـددا خـۆی بـە (دویج) ناو دەبات، واتە کەسێك کە دووجار لە دایك بووە. باشە بۆچی دووجـار؟.. ئـەی لـە دایکبـوونی یەکـەمجار چیی بەسـەر هــات؟.. چ پێویســتییەك بــۆ لــەدایکبوونی دووەم هەیــە؟.. بەرهــەمی لــەدایکبوونی دووەم بــۆ ئــەو چــییە؟: ئــەو، لــە لەدایکبوونی دووەمدا هەمان ئەو شتە بەدەست دەهێنێتەوە کە

له له‌دایکبوونی یه‌که‌مدا هه‌یبووه‌، به‌لاّم کۆمه‌ڵگه‌ و دایکوباوك و ئه‌وانه‌ی ده‌وروبه‌ری، لێیان زه‌وت کردووه‌، تێکیان شکاندووه‌ و له‌ ناویان بردووه‌. هه‌موو منداڵێك، پڕ ده‌بێ له‌ زانست و زانیاری، ساده‌یی منداڵانه‌ ده‌بێ به‌ جۆرێك بسڕدرێته‌وه‌، چوونکه‌ ساده‌یی، له‌ دنیایه‌کدا که‌ بنه‌مای دژبه‌ری و پێشبڕکێی تێدا حوکم ده‌کات، به‌ که‌ڵك نایه‌ت، به‌ڵێ، ساده‌یی، له‌چاو خه‌ڵکدا به‌ گێلی و گه‌مژه‌یی ده‌زانرێت. پاکی، به‌هه‌موو شێوه‌یه‌ك ده‌که‌وێته‌ به‌ر هه‌ڕه‌شه‌ی خراپ به‌کار هێنانه‌وه‌.. ئه‌مه‌ش تایبه‌تمه‌ندییه‌که‌، ترس له‌م دنیایه‌ و ترس له‌ کۆمه‌ڵگه‌ پێی به‌خشیوین، هه‌ر بۆیه‌ ئێمه‌ش هه‌وڵ ده‌ده‌ین منداڵه‌کانمان ژیر و زانا و زیره‌ك بار بهێنین تا بتوانن بڕۆنه‌ ناو جه‌رگه‌ی مرۆڤه‌ به‌هێزه‌کانه‌وه‌ نه‌ك له‌ چینی مرۆڤه‌ لاوازه‌کاندا بمێننه‌وه‌. دیاریشه‌، هه‌رله‌گه‌ڵ یه‌که‌م هه‌نگاوی منداڵ له‌م ڕێبازه‌ چه‌وته‌دا، ژیانیشی به‌ره‌و هه‌مان ئاراسته‌ی هه‌ڵه‌ ده‌گۆڕێت و له‌ناو ده‌چێ.

کاتێ هه‌ستت به‌وه‌ کرد ژیانت له‌ ده‌ست داوه‌، یه‌که‌م بنه‌مایه‌ك که‌ ده‌بێ بۆی بگه‌ڕێیته‌وه‌، هه‌مان (پاکی)یه‌، پێویسته‌ دووباره‌ ساده‌ ببیته‌وه‌ هه‌روه‌کوو منداڵێك. ئه‌مه‌ش مۆجیزه‌یه‌ و ڕوودانیشی ته‌نیا به‌ چاودێری ده‌بێت. چاودێری، شێوازێکی قووڵ و زۆر ڕێکوپێکه‌، که‌ تۆ له‌و شته‌ دوورده‌خاته‌وه‌ که‌ هیی خۆت نییه‌ و ته‌نیا شتێکت بۆ ده‌هێڵێته‌وه‌، ئه‌ویش (خود)ی ڕاسته‌قینه‌ی ناخی تۆیه‌.

**دووەمین بنەمای ژیان، گەڕانە:**

ژیـان بـزۆزە، بـزۆز نـەك لـەڕووی ئـارەزوو بـەڵكوو تـەنیا بـۆ دۆزینەوە.. بزۆز نەك لـە ڕووی پاوانخوازییـەوە بـۆ گەیشـتن بـە سامان و دەسەڵات، بەڵكوو بۆ گەڕان و دۆزینەوەی ئـەوەی کـە: (لە ڕاستیدا من کێم؟)..

زۆر سەیرە، ئەو مرۆڤانەی هێشتا خۆیان نەناسیوە، دەیانەوێ بۆ خۆیان (کەس)ێك بن، ئەوان بە خۆیان نامۆن کەچی حـەزیان لەوەیە ببنە (کەسێك).. ئەم (بوون)ەش چەشنە نەخۆشییەکە و ئازاری رۆح دەدات. دەبێ بزانین کە ئەم (بوون)ە گرینگ نییـە، بـەڵكوو گـرینگ ناسـین و دەرکـی (بوون)ەکەیـە: دۆزینـەوە و ناسـینی تـوخمی (بـوونی خـود) دەبێتـە سـەرەتای ژیـان، ئـەو کاتەش، ئیدی هەر چرکەسـاتێکی ژیـان دەبێتـە دۆزینەوەیـەکی نـوێ.. هـەموو چرکەسـاتێك، شـادییەکی نـوێ لەگـەڵ خـۆی دێنێت.. ئیتر نهێنییەکی نوێ دەرکەکانی بە ڕووتدا دەکاتەوە.. عەشقێکی نوێ لە وجوودتدا دەڕوێت: هەسـتێك، کـە تـا ئێسـتە هیچکات نەتناسیوە و تەجروبـەت نـەرکردووە.. هەسـتیارییەکی نوێ لە بەرانبەر جوانی و (الوهیت)دا. ئەوەندە هەستیار دەبیت کە پوشێکی بچووك دەبێتـە گـرینگترین شـت لـە لات.. هـەر لـە ڕێگەی ئەم هەستیارییەوە دەرك بەوە دەکەیت کە ئەم پووشە بە ئەنـدازەی ئەسـتێرەیەکی گـەورە گرینگـە: بـەبێ هـەبوونی ئـەم

پووشه، ژیان، لەوەی هەیە کەمتر دەنوێنێ.. ئەم پووشە لە نەوعی خۆیدا بێوێنەیە.. هیچ جێگرەوەیەکی نییە.. خاوەنی کەسێتی و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیەتی. ئەم هەستیارییە، پەیوەندییەکی دۆستانەی تازە لە تۆدا سەبارەت بە دیکەی بوونەوەرەکان دروست دەکات، سەبارەت بە درەختەکان.. باڵدارەکان.. ئاژەڵ.. کێوەکان.. رووبارەکان.. زەریاکان.. ئەستێرەکان و...، ئیتر بە زیادبوونی هەستی عەشق و دۆستایەتی، ژیانیش دەوڵەمەندتر دەبێت.

رووداوێك لە ژیانی (فرانسیس)ی عارفی مەسیحیدا روویدا کە زۆر سەرنجڕاکێشە: ئەو، وڵاخێکی هەبوو کە هەمیشە پێیدەچوو بەملاولادا.. ئەم وڵاخە لەهەموو کات و سات و بارودۆخێکدا لەگەڵی بوو، رۆژێك کە فرانسیی قەدیس کەوتبۆوە ناو جێگا و لەسەرەمەرگدا بوو، سەرجەم مورید و قوتابییەکانی لەدەوری کۆ ببوونەوە بۆ بیستنی دوایین قسەکانی، دوایین پەیڤی ئاوەها خەڵکانێك، هەمیشە بە گرینگترین قسەکانی ژیانیان دەژمێردرێن، چوونکە ئەزموونی تەمەنێکیان تێدا شاردراوەتەوە. بەڵام ئەوەی ئەو رۆژە موریدەکان گوێیان لێبوو، مات و سەرسامی کردن.. فرانسیسی قەدیس لەجیاتی ئەوەی روو بکاتە موریدەکانی، رووی دەمی لە وڵاخەکەی کرد و گوتی: "دۆستی من، لە رادەبەدەر قەرزار و منەتباری تۆم.. تۆ

هەمیشە منت لەم جێ بۆ ئەو جێ بردووە بە بێ ئەوەی هیچ ماندوێتی و بێزاری و سکاڵایەك لەخۆت پیشان بدەیت.. تەنیا شتێك پێش بەجێهێشتنی ئەم دنیایە دەیخوازم، ئەوەیە کە تۆ لێم ببووریت، هەڵسوکەوتی من لەگەڵ تۆدا ئینسانی نەبووە".

ئەمانە دوایین قسەکانی فرانسیسی پیرۆز بوون. مرۆڤ، هەرچەندە هەستیارتر بێت، ژیانی رەهەندی زۆرتر لە خۆ دەگرێت.. ئیدی، ژیان نەك چوون گۆماوێك، بەڵکوو وەکوو زەریایەکە.. ژیات ئیدی تەنها نەبەستراوەتەوە بە خۆت و خێزانەکەتەوە.. بەربەست و سنوورێك ئیتر لە ئارادا نییە.. ئیدی، هەرهەموو ژیان دەبێتە خێزان و بنەماڵەی تۆ، تا کاتێکیش ئەمە روو نەدات، تۆ واتای راستەقینەی ژیان دەرك ناکەیت. ژیان دوورگە نییە.. هەمووشتێك پێکەوە پەیوەستە.. ئێمە وەکوو کیشوەرێکی بەرینین کە ملیۆنەها رێگەی پەیوەندی لەخۆ دەگرێت. ئەگەر دڵەکانمان بە تەواوەتی لێرێژ نەکەین لە عەشق و تەبایی، ئەوا بەهەمان ئەندازە ژیانمان لە کیس دەچێت. چاودێری، هەستیاری و هەستی پەیوەستبوون بەم دنیایەوە بۆ تۆ بە دیاری دێنێ.. ئێمە هیی ئەم دنیایەین و پێوەی پەیوەستین.. ئێمە بەم دنیایە غەریب و نامۆ نیین.. هەر بە سرشتی خۆمان هیی ئەم دنیایەین.. بەشێکین لێی، لە راستیدا ئێمە دڵی ژیانین.

دووەمــین دیــاریی چــاودێری، بێدەنگییــەکی بــە شــکۆیە..
بێدەنگییــەك کــە پــاش هەڵڕشــتنی زبڵــە کۆمــا کراوەکــانی نــاو مێشکمان کە هەمان زانیاری و گوایە زانستە، دێتە دی.. بەهۆی چاودێرییەوەیە کە بیروفکرەکانی نـاو مێشـکمان دەسـڕدرێنەوە کە بەهۆی زانیارییەکانەوە کەڵەکە بوون... ئینجا بێدەنگییـەکی مەزن تەجروبە دەکەین و مۆسـیقایەکی دڵنـەواز دەبیسـتین کـە دەرەنجامی هەمان بێدەنگییە. مۆسیقای راسـتەقینە، هەوڵێکـە بـۆ بەرجەسـتەکردنەوەی ئـەو بێدەنگییـەی کـە بـە چـاودێری تەجروبەمان کردووە.. حەکیم و فەرزانەکانی رۆژهەڵاتی کەونارا هەرهەموویان داکۆکییان دەکردە سەر ئەو خاڵەی کـە سـەرجەم هونــەرە جوانــەکان: مۆســیقا، شــیعر، ســەما، شــێوەکاری، پەیکەرتاشــی و... هــەر لــە چــاودێری (موراقەبــە)وە دروســت بوونــە.. ئــەم هونەرانــە هــەوڵێکن تــا بەهۆیانــەوە نهێنیــەکانی جیهانی ناوەوە بۆ دنیـای بینراوەکـان و بـۆ ئەوانـەی ئامـادەیی بینینی دنیـای ناوەوەیـان نییـە بگوازینـەوە. لەوانەیـە بیسـتنی ئاوازێـك، ئـەم حـەزە لـە دڵـی مرۆڤـدا بورووژێنـێ کـە بـە دوای سەرچاوەکەیدا بگەڕێت، یانخود بینینی پەیکەرێك یا...

ئەگــەر هــاتوو رۆژێــك ســەردانی پەرســتگەی بــوودایی یــا هیندۆسەکانت کـرد، بـە بێـدەنگی دابنیشـە و خـەریکی سـەیری پەیکەرەکان ببە.. ئەم پەیکەرانە بە جۆرێك دروست کراون، کـە

بە سەیر کردنیان رۆ دەچیتە ناو فکر و بێدەنگییەوە. هیچ جیاوازییەکی نییە کە پەیکەرەکان هی بوودا یا مەهاویر (مەهاویرا) بن یا...، هەموو ئەو پەیکەرانەی لە پەرستگە جۆربەجۆرەکاندا دەیانبینین، لە بواری شکڵ و رواڵەتەوە لەیەك دەچن. بە منداڵی، هەمیشە ئەم پرسیارە لە مێشکمدا دەزرینگایەوە کە بۆچی ئەم پەیکەرانە هەموویان وەکوو یەکن و ئەوەندە لێك نزیکن؟، دواتر، کاتێ رێگام کەوتە رێبازی چاودێرییەوە، وڵامی پرسیارەکەم دۆزییەوە بەبێ ئەوەی لەکەس بپرسم و یارمەتی لە کەس وەربگرم. حاڵەتی ئەم پەیکەرانە وەکوو هەمان ئەو حاڵەتەیە کە کاتی چاودێری لە مرۆڤدا روو دەدات.. وەکچۆن جەستەی مرۆڤ لە کاتی شادی یا تووڕەیی حەڵەتێکی تایبەت بە خۆ دەگرێت، لە کاتی چاودێریشدا وای لێدێت.. ئەم پەیکەرانە، لە راستیدا بۆ پەرستن و لێپاڕانەوە دروست نەکراون، بەڵکوو مەبەست لێیان هەمان گۆڕینەوەی ئەزموونە.. ئەم پەرستگەیانە زۆرتر وەکوو تاقیگەیەکی تۆژینەوەن و هیچ پەیوەندییەکیان بە مەزهەبەوە نییە.. زانستێکی نەبینراو لەوانەدا بەکار هاتووە تا لە رێگەی ئەوانەوە سەرجەم جیلەکانی دواتری مرۆڤایەتی بتوانن لەگەڵ ئەزموونی مەعنەویی پێشیانی خۆیاندا ئاشنا ببنەوە، نەك لە ڕێگەی کتێب و زمان و پیتەوە بەڵکوو بەهۆی ئەو شێوازەوە کە

رۆدەچـێتە نـاو قـووڵایی بـوونی مرۆڤـەوە، واتـە بێـدەنگی و چاودێری و ئارامش. کاتێ زۆرتر بێدەنگیی ناخـت بناسـی، ئـەوا هەستی عەشق و دۆسـتایەتیش لـە دەروونتـدا گەشـە دەکـات و هەموو چرکەساتێکی ژیانت لێوانلێو دەبێ لـە شـادی و جـەژن و سەمایەکی مەعنەوی. ئایا تا ئێستە بیرت لەوە کردۆتەوە کە لـە هەموو دنیادا و لە هەموو کۆمەڵگە و هەموو فەرهەنگەکاندا تەنیا چەند رۆژێکی کەم و دیاریکراو تایبەت دراون بە جەژن؟، جەژنی راسـتەقینە، دەبـێ لـە ژیـان و لـە دەروونـی تـۆوە سەرچـاوە بگرێت.. ژیان، دەبێ جـەژنێکی بـەردەوام و هەمیشـەیی بێـت.. خۆشی و نووربارانێك کە لە هەموو ساتێکی سـاڵدا بەردەوامـە.. تەنیا لەح حاڵەتەدایە کە مرۆڤ گەشە دەکات و شکۆفا دەبێت.. هەموو رووداوێکی ژیانت بکە بە جەژن و خۆشی.[4]

لە ژاپۆندا، خواردنەوەی چا لە رێورەسمێکی تایبەتدا ئـەنجام

---

[4] ئەم بیروڕایەی ئوشۆ، وەکوو زۆربەی بیروڕاکانیتری، راستەوخۆ لە فەلسەفەی ئەشوو زەردەشت وەرگیراوە. زەردەشتیش تەنیا بە مەبەستی گەشە کردن و پێگەیشتنی مرۆڤە کە دەڵێت: بە هەر بیانوویەك و لەهەر کات و ساتێکدا بیکەنە جەژن و سەما و خۆشی.. گەر سەرنجێکی رۆژمێری ئاریایی/ ئەهوورایی بدەین، دەبینین زۆرترین رێژەی جەژن و بۆنەی خۆش و شادیبەخشی تێدایە و ئەمەش وای کردووە پەیڕەوانی زەردەشت و دینی مەزدیەسنا هەمێشە و هەردەم لە شادمانی و شادکامی و بەختەوەریی مرۆییدا بژین و هیچ دەرفەتێکیان بۆ رق و کینە نەبێت و ژیانێکی گەشە سەندووی کامەران و بەختیار و لێوانلێو لە خۆشەویستی و میهرەبانی و ئارامی دەژین.

دەدرێت.. لە هەر مەعبەدێکی (زن)دا، یا لە ماڵی هەر کەسێکدا کە توانای هەبێت، شوێنێکی تایبەت دروست کراوە بۆ چا خواردنەوە.. ئەوان خواردنەوەی چا، کە خۆی لە خۆیدا کارێکی بچووکی رۆژانەی زۆر سادەیە، دەکەنە جۆرە جەژنێك بۆ خۆیان.. ئەوان، ئەم چایخانەیە زۆرتر لە باخچەیەکی رازاوەدا دروست دەکەن کە جۆبارێکی تێدا بیت و مراوییەك تیایدا مەلە بکات.. میوانەکان، کاتێ دێنە ناوەوە، پێڵاوەکانیان دەر دێنن.. کاتێ دەچیتە ناو مەعبەد/چایخانەکەوە، ئیدی بۆت نییە قسە بکەیت.. هەروەکچۆن پێڵاوەکانت لەدەرەوە داکەندوون، ئاواش دەبێ هەرچی فکر و قسە لە مێشکتدا هەیە هەمووی هەر لە دەرەوەی مەعبەد دابنێیت و بەجێی بهێڵی.. ئینجا بە شێوەیەکی چاودێرانە لەسەر زەوی دادەنیشیت و میوانداری مەعبەد پیاڵەی چایەکەت بە رێزەوە بۆ دەگرێت و دەتداتێ.. چایەکە لە سەماوەرێکدا پێدەگات کە قوڵقوڵەکەی وەکوو مۆسیقایەك دێتە گوێ.. هەموان لە بێدەنگیدا دانیشتوون و گوێیان بۆ ئاوازی باڵندەکانی ناو باخچە گرتووە.. بۆ دەنگی قوڵەقوڵی سەماوەر.. بۆ ئاوازی چا.. بۆ ئارامش. کاتێ چایەکە دەمی کرد، دەیکەنە ناو فنجانەوە بۆت، بەڵام تۆ، وەکوو لە شوێنە ئاساییەکاندا باوە، نایخۆیتەوە، بەڵکوو دەیگریتە هەردوو دەستتەوە و سەرەتا بۆنی دەکەیت، پاشان لێوێکی لێ تەڕ

دەکەیت و مەزەی دەکەیت، وەکوو ئەوەی ئەمە دیارییەك بێت لە لایەن خواکانەوە. هەموو ئەم کارانە بە ئارامش و لەسەرخۆ ئەنجام دەدەیت، هیچ پەلە کردنێك لە ئارادا نییە.. لەوانەیە لەم ماوەیەشدا کەسێك دەس بکات بە ژەنینی سازێك یا فلووتێك... بزانە ئەوان چۆن بۆ شتێکی زۆر زۆر ئاسایی (خواردنەوەی چایەك)، ئاوا ڕێوڕەسمێکی جوانیان داهێناوە؟ بەجۆرێك، هەرکەس لەم چایخانەیە دێتە دەر، هەست بە گەنجێتی و خۆشی و شادی و هێزێکی نوێ دەکات. ئەو کارەی بۆ چا دەکرێ، دەتوانی بۆ شتەکانیتریش ئەنجامی بدەیت.. شتی زۆر هەن، وەکوو خواردن.. جلوبەرگ و...، ئەگەر زۆر هەستیار بیت، ئەوا تێدەگەیت کە لەبەر کردنی جلوبەرگ تەنیا بۆ داپۆشینی جەستە نییە بەڵکوو پیشاندەری کەسێتی و زەوق و فەرهەنگ و، بەگشتی هەبوونی تۆیە. هەرچی دەکەیت، دەبێ نوێنەری کەسێتیی تایبەت بە خۆت بێت، ئەوکاتەیە کە ژیانت دەبێتە جەژنێکی بەردەوام. ئەوکاتانەی نەخۆش دەکەویت و دەکەویتە جێ، کاتەکانت بگۆڕە بە کات و ساتێکی خۆش و شادیبەخش.. کات و ساتی ئارامش و حەسانەوە.. کات و ساتی چاودێری و گوێگرتنێکی نەرم و هێمن بۆ شیعر یا بۆ مۆسیقا. نەخۆشی، هۆیەك نییە بۆ خەمبار بوون، بەڵکوو دەبێ خۆشحاڵیشت بکات: کاتێ هەموان چوونەتە دەرەوە بۆ

ئیشـوکار، تـۆ وەکـوو پاشـایەك بەسـەر تەختـەوە بـۆی پـاڵ کەوتوویت و کەسێك چات بۆ دێنێ.. دۆستەکانت دێنە دیدەنیت و قسەی خۆشت بۆ دەکەن و...، ئەم شتانە لە هەموو دەرمان و چارەسەرێك باشتر و کاریگەرترن. کاتێ نەخۆش کـەوتی، داوای دکتـۆر بکـە.. بـەڵام لـەویش گـرینگتر داوای دۆسـتەکانت بکـە، چوونکە هیچ دەرمانێك لە عەشق کاریگەرتر و چارەسازتر نییە.. داوای ئـەو دۆسـتانەت بکـە کـە دەتـوانن جـوانی و شـیعر و مۆسیقات بۆ دابهێنن، چوونکە هیچ شتێك بە ئەندازەی جـەژن و شـادی شـەفا بـەخش و چارەسـاز نییـە.. خـواردنی دەرمـان، خراپترین جۆری چارەسەرە، وادیـارە ئێمـە هەمووشـتێکمان لـە بیر کردووە و تەنها بەسـتراوینەتەوە بـە دەرمـان و دکتـۆرەوە، هەربۆیەش کاتێ نەخۆش دەکەوین، روو گرژ و مـۆن و تـووڕە و بێزارین. هەمیشە داهێنەر بە و لە خراپترین شت، باشترین شـت دروست بکە، بە لای منەوە، ئەمە خودی (هونەر)ە. ئەگەر مرۆڤ سـەرجەم کـات و قۆناغـەکانی ژیـانی خـۆی تـەرخان بکـات بـۆ داهێنانی جوانی و عەشق و شادی، ئەوا مەرگ دەبێتە بەرزترین لووتکەی بڵندایی ژیانی.. ئیتر مەرگی ئەو ناخۆش و دزێو نابـێ، وەکوو ئەوانیتر.. ئەگەر مەرگ دزێو بێت، واتای ئەوەیـە هـەموو ژیان بێسوود و بێ سەمەر بووە.. مەرگ، دەبێ قبووڵ کردنێکی تێکەڵ بە ئارامش.. چوونە ناوێکی عاشقانەی دنیـای ئـەدەبی..

ماڵئاواییەکی شادیئامێز لەگەڵ دۆستان و دنیای کۆن بێت.. نابێ هیچ خەم و حوزن و دڵتەنگییەکی تێدا بێت.

مامۆستایەکی (خەڵوە) لەسەرە مەرگدا بوو، هەزاران کەس لە موریدەکانی کۆ ببوونەوە تا گوێیان لە دوایین پەیڤەکانی بێت، کەچی مامۆستاش، بەوپەڕی شادمانی و ئارامش و بزە لەسەر لێو، راکشابوو و متەقی لێوە نەدەهات.. سەرەنجام یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی، کە ئەویش بۆ خۆی مامۆستایەك بوو، رووی تێکرد و پێیگوت: "لە بیرت چۆتەوە دەبێ دوایین قسەکانت بکەیت؟.. من هەمیشە دەمگوت تۆ زەینت کوێرە.. ئەی لە بیرت چۆتەوە لە سەرەمەرگدایت و خەریکی دەمریت؟" ماۆستای نەخۆش گوتی: "تەنها گوێ بدە".. دوو سمۆرە بەسەر بانەکەوە خەریکی یاری و هەڵبەزودابەز بوون، مامۆستا گوتی: "چەندە جوانە" و ئیدی گیانی سپارد. کاتێ بە دۆستەکەیی گوت "تەنها گوێ بگرە"، بۆ چرکەساتێك بێدەنگییەکی تەواو هەموو ژوورەکەی داگرت. هەموان بیریان لەوە دەکردەوە کە هەر ئێستا مامۆستاکەیان هەندێ قسەی زۆر زۆر گرینگیان بۆ دەکات.. کەچی وانەبوو، مامۆستا گوێی بۆ چرپە و سرتەی دوو سمۆرەکە راگرتبوو.. پێیان پێکەنی و گوتی: " ئای چەندە خۆشە" و مرد! بەڵام توانیی پەیامی خۆی بگەیەنێتە هەموو ئامادە بووان: هیچ فەرق و جیاوازییەك بۆ هیچ

شتێك قایل مـەبن، چ گـەورە بێـت و چ بچـووك.. هـەموو شـتێك گرینگیی خۆی هەیە.. چرکەساتی مردنی زانایەك هەر ئەوەندەی یاری دوو سمۆرە گرینگە.. هیچ جیاوازییەکیان نییە.. لە ژیانـدا هەموو شت و هەموو کـەس وەك یـەك و یەکسـانن. گووشـراوەی سـەرجەم فەلسـەفە و راهێنانـەکانی ئـەو ئەمـە بـوو: گـەورە و بچووك و گرینگ و ناگرینگ و بایەخـدار و بێبایـەخ بـوونی نییـە، ئـەوە چـۆنیەتیی تێگەیشـتن و دەربڕینـی مرۆڤەکانـە ئـەو شـتە (فەرق و جیاوازییە) دروست دەکات.

بە موراقەبەوە دەست پێبکە و شایەتی گەشە و شکۆفانەوە و خۆشی و بەختەوەری و هەستیاری بە لە ناخی خۆتدا.. ئـەوەی بە موراقەبە بەدەستی دێنی، هەوڵ بدە بیگوازیتەوە ناو ژیانت.. دابەشی بکە لەناو ئەوانیتردا و لەوەش دڵنیا بە هەرشتێك دابەش بکەیت، زۆر زوو زیاتر دەبێـت و پـەرە دەسـتێنێ. بەمچەشـنە، کاتـێ گەیشـتیتە سـەر خـاڵی مـەرگ، تێدەگـەیت مـەرگ بـوونی نییە.. تۆ دەتوانی ماڵاوایی لـەم جیهانـە بکـەیت، بـەبێ ئـەوەی فرمێسکی خەم و پەژارەت پێویست بێت.. لەوانەیە پێویستت بە فرمێسك هەبێت، بەڵام فرمێسکی شادی نەك هی غەم. بـەڵام بـۆ گەیشتن بە ئاوا پلەیە و ئاوا قۆناغێك، دەبێ (پـاکی)ت کردبێتـە یەکەم خاڵی دەسپێك. ژیـان، زینـدان نییـە.. ژیـان سـزا نییـە.. ژیان پاداشتێکە و دەبەخشـرێتە ئەوانـەی شایسـتەییان هەیـە..

ئەمە مـافی ڕەوای تۆیـە چـێژ لـە ژیانـت وەر بگـری.. گـەر وات نـەکرد، ئـەوا تاوانبـاری... ئەگـەر ئـەم جیهانـە بـە جێبهێڵێـت وەکچۆن هەبووە و هیچ هەوڵت بۆ جوان کردنـی نـەدابێت، ئـەوا دژی بوویت و دژی یاسا بنەڕەتییەکانی جووڵاویتەوە.. لەسەرت پێویستە پێش ئەوەی جێی بهێڵێـت، کـەمێك (بـەڕادەی توانـای خۆت) شاد و جوان و دڵگیری بکەیت.

**مۆسیقای دەروون:**

دڵی مـرۆڤ وەکـوو ئـامێرێکی مۆسـیقایە، مۆسـیقایەکی مـەزنی تێدا خەوتووە و چاوەڕوانی کاتێکی لـواوە بـۆ ژەنـین.. بـۆ خـۆ پیشان دان.. بـۆ ئـەوەی ببێتـە ئاوازێـك.. بـۆ ئـەوەی بکەوێتـە سـەما. ئـەم کاتـەش هیچـکات نالوێـت تـا عەشـق دڵـی مـرۆڤ دانەگرێت.. مرۆڤی بێ عەشق، هیچـکات نازانـێ چ مۆسـیقایەکی مەزن و پڕ شکۆی لە دەرووندایە. تەنها و هەر تـەنها لـە ڕێگـەی عەشـق و بـە هـۆی عەشـقەوەیە کـە ئـەم مۆسـیقایە زینـدوو دەبێتەوە.. بێدار دەبێتـەوە.. خـۆی دەنوێنێـت و هەسـتی پـێ دەکرێت. ئەوە عەشقە ئـەم ڕووداوە دەخولقێنـێ.. عەشـق لـەم نێوانـەدا ڕۆڵـی میانجیگـەرێکی هەیـە کـە هـەبوونی زۆر زۆر پێویستە.. گەر هات و عەشق مۆسیقای دەروونتی بێـدار و کـارا نەکرد، ئەوا دەبێ شتێکیدی بێت کە خۆی وەکوو عەشق پیشان دەدات بەڵام خودی عەشق نییە، لەوانەیە هەوەسێك.. حەزێك یا

شەهوەتێك بێت. من، ئینكاری ئەوانە ناكەم بەڵام هەر دەبێ بڵێم كە ئەوانە عەشق نین، ئەوانە زۆرجار جامە و شكڵی عەشق بە خۆ دەگرن و چەواشەت دەكەن و فریوت دەدەن. پێوەری ناسینی عەشق ئەمەیە: ئەگەر مۆسیقای دەروونت كەوتە ورووژان و هەژان، ئەوە عەشق لە ئارادایە.. لەناكاو هارمۆنی و هەماهەنگییەكی قووڵ رووت تێدەكات.. ئیدی وەكوو دەنگە شپرز و ناڕێكوپێكەكان نیت، بەڵكوو بۆنی خۆشی دەنگ و ئاوازی جوان و رۆحنەواز لە دەروونتدا سەرهەڵدەدات و بشێوی و ناسەقامگیری لەنێو دەچێت و نەزم و ئارامشێكی ئاسمانی جێی دەگرێتەوە.. ئەوكات بزاوتێكی جۆری دەكەوێتە ژیانتەوە.. لە جۆری عەشق و شادمانی.. لە جۆری ئارامش. ئەمەش تاقانە پێوەری ناسینەوەی عەشقە: بكەوەرە شارۆ، هەرچی زۆرتر و زۆرتر شارۆی عەشق بكە و تیایدا نوقم ببە، رۆژێك دەگات كە مۆسیقای دەروونت بەرهەم دەدات و سەرمەستت دەكات، پاش ئەوەش، ئیدی ژیانت وەكوو رابردوو نابێت... لە ڕاستیدا ژیانی نوێ لەو كاتەوە دەسپێدەكات.

**عەشق چییە؟:**

باگوان...

عەشـق چـییە؟، بۆچـی مـن ئەوەنـدە لـە عەشـق دەترسـێم؟، بۆچی عەشـق وەکـوو دەرد و رەنجێکـی تاقـەت پـڕووکێن دێتـە بەرچاو؟:

دەپرسی عەشق چییە؟، عەشق، زەوق و حەزی بێ ئەنـدازەی دەروونە بۆ تێکـەڵ بـوون لەگـەڵ (گشـت)دا.. حـەزی ناخـە بـۆ توانــەوە لــە تاقانــەیی (وحــدانیت)دا.. سەرچــاوەی عەشــق جیاییە... ئێمە لە سەرچاوەکەی خۆمان جیا بووینەتـەوە. ئـەم جیاییەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی حەز و ئارەزوو لە ناخمانـدا بۆ گەڕانەوە بەرەو (گشت) و بوون بە (یەك) لـە گەڵیـدا. ئەگـەر درەختێك لەناو خاكدا دەر بکێشـیت و لـە ڕەگـەوە بیبڕیتـەوە، ئەوا ئەو درەختە حەز و گوڕوتینێکی فـراوان لـە خۆیدا هەسـت پێدەکات بۆ گەڕانەوەی نـاو خـاك و رەگ داکوتانـەوەی تیایـدا، چونکە ژیانی راستەقینەی ئەو لەناو خاکدا واتای دەبێت. بـەڵام ئێستا، مادەم لە خاك  دابڕاوە، دەمرێت.. درەخت بە تەنهایی و بە بێ خاك ناتوانێ زیندوو بمێنێ.. ژیانی درەخت بە خاکـەوە و لەگەڵ خاك و بەهۆی خاکەوە مسـۆگەر دەبێـت.. ئەمـەش واتـە هەمان عەشق. فیز و دەمار و خۆویسـتی، بۆتـە بەربەسـتێك لـە رێگەی نێوان مرۆڤ و خـاکی پێویسـتی، واتـە (گشـت)دا.. مـرۆڤ

ناتوانێ هەناسە بدات.. خەریکە دەخنکێت.. مرۆڤ، رەگەکانی خۆی لە کیس داوە.. ئیدی بەو خۆراکە تایبەت و هەرە پێویستە دابین نابێت.. عەشق، واتە حەزی دابین بوونی ئەو خۆراکە پێویستە.. عەشق لە ژیاندا رەگ دادەکوتێت. درك کردن و گەیشتن بەم دیاردەیە، لەرێگەی جەمسەری دژبەرەوە ئاسانترە.. هەر ئەمەشە کە پیاو بەرەو ژن و بە پێچەوانەشەوە ژن بەرەو لای پیاو رادەکێشرێت.. پیاو، دەتوانێت خاکە پێویستەکەی خۆی لە ژندا بدۆزێتەوە.. پیاو، دەتوانێت لە رێگەی ژنەوە پەیوەست ببێت بە ژیانەوە.. ژنیش هەر لە رێگەی پیاوەوە لە ژیاندا رەك دادەکوتێت.. ئەوان (ژن و پیاو)، تەواکەری یەکدین.. پیاو بە تەنهایی، تاقە (نیوە)یەکە و زۆر زۆر پێویستی بە (کامڵبوون)ە، ژنیش بە تەنهایی هەمان ئەو (نیوە) ناتەواوەیە. کاتێ ئەم دوو (نیوە)یە بەیەك دەگەن و لێکدیدا دەتوێنەوە، بۆ یەکەمجار هەست بەوە دەکەن کە رەگو ڕیشەیان هەیە و پێکەوە پەیوەستن و ئیدی چێژێکی مەزن سەرتاسەری (بوون)یان دادەپۆشێت. پیاو، هەر تەنها لە ژندا ریشە داناکوتێت، بەڵکوو لەوەش گرینگتر لە رێگەی ژنەوە رەگەکانی دەگەنە خواوەند و بەوەوە پەیوەست دەبن.. ژن وەکوو دەروازەیەکی گەورەیە، پیاویش هەروا. ژن و پیاو وەکوو دەروازەیەکن کە روو بە دەرگای مەزنی خواوەند دەکرێنەوە..

حـەزی عەشـق حـەز کردنـە بـە خواوەنـد، رەنگـە تێبگـەیت و لەوانەشــە تێنەگــەیت، بــەڵام بەهــەر حــاڵ، حــەزی عەشــق راشـکاوانەترین نیشـانەیە بـۆ سـەلماندنی هـەبوونی خواوەنـد.. نیشانە و شایەتێکیتر لە ئارادا نییە.. مادەم مرۆڤ عاشق دەبێت، کە واتە خواوەنـد بـوونی هەیـە.. مـادەم مـرۆڤ ناتوانـێ بـە بـێ عەشق بـژی، کەواتـە خواوەنـد هەیـە. پـەیامێکی زۆر سـادە لـە حـەزی عاشـق بوونـدا پەنهانـە: بـە تـەنهایی، رەنـج دەبـەین و دەمرین، بەڵام پێکەوە و لە پاڵ یەکدیدا گەشە دەکەین.. دابـین دەبین.. دڵخۆش و رازی دەبین.. بەختەوەر دەبین. خاڵێك هەیە کە دەبێ زۆر جێی سەرنج بێت: مرۆڤ، تەنیا ئەو کاتـە دەتوانـێ رەگ لە (گشت)دا دابکوتێت کە خۆی تیایدا بەر بداتەوە.. ئازاد بکات، رێگەیەکیتر نییـە.. مـرۆڤ بـەرەو (گشـت) رادەکێشـرێت، چوونکە هەست بە بۆشایی خۆی دەکات، بەڵام هەرکاتێ قۆناغی توانەوەو تێکەڵبوون لەگەڵ (گشت)دا هاتە گۆڕێ، ئـەوا لـەناکاو ترسێکی زۆر سەرتاپای دادەگرێت، چوونکە دەبێ (مـن) بـوونی خۆی پێشێل بکـات و خـۆی ئـازاد بکـات.. لـەم سـاتەوەختەدا، مرۆڤ پاشەکشێ دەکات، لە راستیدا ئەمە هەمان کێشە و دوودڵی و سـەرگەردانییە کــە هــەموان دەبــێ رووبــەڕووی ببنــەوە.. بەرەنگاری ببنەوە.. تێیپـەڕێنن.. درکـی پێبکـەن و سـەرەنجام ببیـەزێنن و بەسـەریدا تێپـەڕن. هەسـتی ئاوێتـەبوون لـە گـەڵ

(گشــت)دا زۆر جوانــه، لــەوێ، هــیچ نیشــانەیەك لــە نیگــەرانی و دڵەڕاوكێ و بەرپرسیارێتی لە ئارادا نییە.. مرۆڤ، وەكوو درەخت و ئەستێرەكان دەبێتە بەشێك لە ســەرپاكی (بــوون) و ژیــان. چ وێنەیەكی مــەزن و سەرســووڕهێنەرە.. دەرگــای زۆر و نــوێ بــە ڕووتدا دەكرێنەوە.. دەركەی شاراوەو پڕ نهێنی و نەناسراو كــە دەچــنەوە ســەر دنیــای دەروونــی تــۆ.. لــەوێ شــیعر لــە دایــك دەبێت.. لەوێ، كەشێكی عاشقانە حوكم دەكـات. كەچــی كاتــێ ئەم وێنەیە دەبێتە راستی، ترسێك سەرتاپای مــرۆڤ دادەگرێــت، ترســی توانــەوە لــە (گشــت)دا.. تــرس لــەوەی كــە چــی روو دەدات؟.. دەكــرێ ئــەم حاڵەتــە بــە رووبارێــك بشــوبهێنین كــە بیابانێك لەسەر رێگەیەتی.. ئەم رووبارە گوێ بۆ چرپەی بیابــان دەگرێت.. دوو دڵە، دەیەوێت لە بیابان زۆرتر تێپەڕێت.. ئەو، بە دوای دۆزینەوەی زەریاوەیە.. هەستێكی ناسكی حەز و متمانە و بڕوای پتەو پێیــدەڵێت كــە چارەنووســی ئــەو لــە دەرەوە و لــەو پەڕی بیاباندایە.. بەڵگەیەكی راشكاوی سەلمێنەر لە ئارادا نییە، بەڵام متمانەیەك لە ناخی دڵەوە سەرتاپای ئەوی داگرتــووە كــە: "ئێرە، كۆتایی من نییە.. من، دەبێ بەدوای شتێكی گەورەتر و مەزنتردا بگەڕێم" ئینجا بانگەوازێك لە ناخیدا دەزرینگێتــەوە: " هەوڵ بدە.. زۆر هــەوڵ بــدە و لــە بیابــان تێپــەڕە و زۆرتــر لێــی تێپەڕە". بیابانیش لەملاوە پێیدەڵێت: " گــوێ لــە مــن بگــرە..

تەنیا چارەی تۆ ئەمەیە لە (با)یەکانی مندا بتوێیتـەوە.. ئـەوان (با)یەکانی من، تـۆ لەگـەڵ خۆیانـدا بـەرەو کـەنارەکانی بیابـان دەبەن".. رووبار دەیەوێ لە بیابان تێپەڕێت، بەڵام لە دڵی خۆی دەپرسێت: "باشە چ بەڵگە و چ دڵنیاییەك هەیە (با)یەکان بهێڵن مـن جـارێکیتر ببمـەوە بـە رووبـارە؟.. هەرلەگـەڵ نـەمان و شاردرانەوەم، ئیدی کۆنترۆڵی هیچ شتێك لە دەستمدا نامێنـێ.. چ بەڵگەیەك هەیە دڵنیام بکاتەوە کە دواجار دەبمەوە بە هەمان رووبار، هەر بـە هـەمان شـکڵ و شـێوە و نـاوی پێشـوومەوە؟.. ئەگەر خۆم خستە بەردەستی (با)یەکان، چۆن بتوانم متمانەیان پێبکەم بـەوەی بهـێڵن جـارێکیتر لێیـان جیـا ببمـەوە" ئەمـەش هەمان دڵەڕاوکێی عەشقە. تۆ، دەزانیت.. لە راستیدا دڵنیایت کە بە بێ عەشق هیچ چێژ و شادییەك بوونی نییـە.. بـە بـێ عەشـق ژیان واتای نامێنێ.. بە بێ عەشـق هەسـت بـە تینووییەتییـەکی نەناسراو دەکەیت.. هەست بە پووچەڵی و نەگەیشتنە ئامانج. بە بێ عەشق، مرۆڤ بـۆش و بەتاڵـە.. هـیچ شـتێکی نییـە.. وەکـوو سـندوقێکە نـاوەوەی خـاڵی و بـەتاڵ بێـت.. تـۆ هەسـت بـەم پووچەڵی و بۆشی و بەتاڵییە و هەرواش ناڕەزامەندیی لەمەڕ ئەم دۆخە دەکەیت.. لە لایەکیدیشەوە، دڵنیای لەوەی هەندێ رێگـە هەن کە دەتوانن رازی و بەختەوەرت بکەن، کەچی کاتێ نزیکتر دەکەویتـەوە لـە عەشـق، ترسـێکی زۆرت لێدەنێشـێ.. شـك و

گومان سەرهەڵدەدات: ئایا ئەگەر خۆت بەر بدەیتە ناو عەشـق و خـۆتی پـێ بسـپێریت، دەرفـەتی گەڕانـەوەت دەبێـت؟.. ئایـا دەتوانی شناس و کەسێتیی خۆت بپـارێزی؟.. ئایـا ئـەوە دێنـێ خـــۆت بخەیتـــە ئاوەهـــا ڕێگەیـــەکی پـــڕ پێچـــوخەمی پـــڕ مەترسییەوە؟.. لێرەدایە کە زەینت دێتـە پـێش و بڕیـار دەدات کە ئاوەهـا خەتـەرێك نەکـەیت، چـوونکە لانیکـەم (مـن) بوونـت دەپارێزیت و لە دەستی نادەیت.. بە بێ سەرنجدانە ئەوەی کـە تۆ تینوویـت.. تـۆ نـاڕازی و چارەڕشـیت. ون بـوون لـە ڕێگـەی هەزاربەهەزاری عەشقدا، کێ دەزانـێ؟: چ زەمانـەتێك هەیـە کـە مرۆڤ لەوێش بگاتە شادی و خۆشی و بەختـەوەری و سـەرەنجام بگات بە خوا؟!. ئەمەش، هەمان ئەو ترسەیە کە تۆوێـك، کاتـێ دەیچـێنن و دەیخەنـە ژێـر خاکـەوە، هەسـتی پێـدەکات.. ئـەم شاردنەوەیە لە ژێر خاکدا، بۆ تۆوەکە وەکوو مردنە، بـەڵام ئـەم تۆوە نازانێت لەم مەرگە، ژیان دروست دەبێت.

**عەشق سەمای ژیانە:**

ژیان نیعمەتێکە.. خاکێکە، گوڵی سووری عەشقی تێدا دەڕوێت و دەگەشێتەوە. عەشق، خۆی لە خۆیدا زۆر گرانبایی و زۆر مەزنە.. ئامانجێکی نییە.. مەخسەدێکی نییە، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی هەیە.. گەلێ چێژ بەخشە.. سەرمەستیی تایبەت بە خۆی هەیە.. بەڵام هیچکام لەمانە مەخسەدی عەشق نین.. عەشق بازرگانی نییە کە تیایدا ئامانج و سەرەنجام و بەرەنجامێك رەچاو کرابێت. عەشق، شێتیی تایبەت بە خۆیشی هەیە: ئەم شێتییە چییە؟ ئەوەیە کە تۆ هیچ پاساوێکت نییە بۆ عاشق بوونەکەت، هیچ وڵامێکی لۆژیکیت پێ نییە.. لە حاڵێکدا لە ژیانی رۆژانەتدا لە هەر کارێکدا ئامانجێکت هەیە.. بەڵگەیەکت هەیە بۆ ئەنجامدانەکەی، بۆ نموونە، بازرگانی دەکەیت چونکە پێویستت بە پارەکەی هەیە.. پێویستت بە پارەیە چونکە دەتەوێ خانوو بکڕیت.. پێویستت بە خانوو دەبێت چونکە ژیان بە بێ خانوو، بە بێ سەرپەنایەك نالوێت. بەڵام سەبارەت بە عەشق، شتەکە جیاوازە: عەشق، عاشق بوون هیچ پاساوێك هەڵ ناگرێت.. تەنها شتێك دەتوانی بیڵێیت ئەمەیە: "نازنم.. ئەوەندە دەزانم عەشق ئەزموونێکە بۆ بینینی تەواوەتیی جوانی لە کەشی ناخدا" کەچی ئا ئەمەشیان ئامانجی عەشق نییە.. کەش و هەوای ناخ هیچکات نرخی مادیی نەبووە.. ناتوانی لە بەرانبەریدا کاڵا یا سوودێك وەربگریت.. لە هەمان حاڵیشدا هەر وەکوو غونچەی سوورە

گوڵێکـــە، کـــە دڵۆپـــە شـــەونمێك بـــە ســـەریەوە وەکـــوو مـــرواری دەدرۆشێتەوە.. ئەم غونچەیە، بە شنەی بەیانیان لە ژێر تیشکی هەتاودا دەکەوێتە سـەما. عەشـق، سـەمای ژیانـە. ئـەو کەسـانەی عەشقیان نەناسیوە، لەم سەمایە بێبەشن، ئەوان دەرفەتی چاندن و پێگەیاندنی سوورەگوڵیان لە کیس چووە، هـەر ئەمەشـە کـە بـە چـاوی مـادی دەڕواننـە عەشـق.. دەبیـنین لـە روانگـەی ماتماتیـك زانێك، ئابووریناسێك.. یا سیاسەتمەدارێکەوە، عەشق تەنیا شـێتی و کـارێکی بێسـوودە. کەچـی بـۆ ئەوانـەی عەشـقیان ناسـیوە، تەندروسـتیی عـەقڵ و ئـاوەز هـەر تـەنها لـە عەشـقدا بەرجەسـتە دەبێتـەوە.. مرۆڤـی بێبـەش لـە عەشـق، لەوانەیـە دەوڵەمەنـد و بـەناوبانگ بێـت، بـەڵام بـە هـیچ شـێوەیەك خـاوەنی ئـەقڵێکی تەندروســت نییــە، چــونکە هــیچ شــتێك لەمــەڕ نــرخ و بایەخــە دەروونییەکان نازانێت. مرۆڤە عاشقەکان هیچ پێویستییەکیان بە دەروونـدەرمانی نییە، لە ڕاستیدا عەشق مەزنترین هێزی دەرمـان و چارەسـەرە لـە ژیانـدا.. ئەوانـەی عەشـقیان نەناسـیوە، بۆشـن.. بـەتاڵن و ناگەنـە لووتکـەی مرۆڤایـەتی. شـێتیی ئاسـایی پـلان و بەرنامەی نییە، بەڵام ئـەم شـێتییەی کـە نـاوی عەشـقی لێـدەنێن، پلانـی هەیـە، شـادمانت دەکـات.. ژیانـت پـڕ دەکـات لـە ترپـە و ئـــاوازێکی رۆحنـــەواز.. گـــەورەیی و ســـەلارییەکی شـــکۆدارت پێدەبەخشێت. کاتێ کەسێك عاشق دەبێت، پێویست بـە دەربـڕین و ڕاگەیاندنی ناکات.. تۆ لە چاوەکانیدا درەوشـانەوە و قووڵاییـەك

دەبینـــی کــە لــە دڵ و دەروونیـــەوە سەرچـــاوەی گرتـــووە.. لــە روخســاریدا جــوانی و ســەنگینییەکی بێوێنــە بەرچــاو دەکــەوێت.. رۆیشــتنی، هــەر دەڵێــی ســەمای پەپوولەیــە.. ئــەو، هــەمان ئــەو مرۆڤەی جارانە و لە هەمانکاتیشدا هەمان ئەو مرۆڤە نییە.. عەشق رۆ چـۆتە نـاخی ژیانیـەوە و وجـوودی لێورێـژ بـووە لـە پـاراوی و تەڕوتازەییـەکی بـەهاری و گوڵـەکانی گیـان و دڵـی گەشـاونەتەوە. عەشـق دەبێتـە هـۆی گۆڕانکـاریی کتـوپڕ و ناکـاو.. ئەوکەسـەی ناتوانــێ عاشــق بێــت، ناشــتوانێ وشــیار و ژیــر و زیــرەك بێــت.. ناشـتوانێ بـە وەفـا و ئەمـەکناس بێـت.. ناشـتوانێ جـوان بێـت.. ژیانی ئاوا کەسێك تراژیدیایە. عاشـقی ژیـان بـە، چـونکە ژیـان لـە ئاڵوگۆڕدایـە و هـەر ئـان و سـات تووشـی ئـاڵوگۆڕ دەبێـت: کاتــێ هاتیتـە نـاو ئـەم هۆڵـەوە کەسـێك بوویـت و کاتـێ لێـرە دەڕۆیـت کەسێکیتریت، تەنیا بە ڕواڵەت هەمان کەسی پێشوویت.. لـەم دوو کاتژمێرەی کە لەم هۆڵەدایت، زۆر شت لە تۆدا دەگۆڕێت. ئەم دوو کاتژمێرە وەکوو ئەو ئاوە وایە کە رووباری (گەنگ) لە مـاوەی دوو کاتــژمێردا چـــەندین و چـــەند کیلۆمـــەتر دەیبـــات و جێگـــۆڕکیی پێدەکات.. گەرچی (گەنگ) بە ڕواڵەت هەمان رووبارە، بـەڵام ئـەو ئـاوەی پێیـدا دەڕوات، لەگـەڵ ئاوەکـەی دوو کاتـژمێر پێشـتر زۆر جیـاوازە. (هراکلیتـۆس)ی فەیلەسـووفی یونـانی دەڵێـت: "ژیـان بزاوتێکی بەردەوامە هەر وەکوو رووبارێك و ئـەوەش بزانـە کـە تـۆ نـاتوانی دووجـار بچـیتە نـاو ئـاوی رووبارێکـەوە، چـونکە جـاری

دووەم، ئیدی ئەو رووبارەی پێشوو نییە". ئەو مرۆڤانـەی کلیـل و نهێنیی خۆشبەختی دەناسن، ئەوانەی لەگەڵ ژیـانی پـڕ ئـاڵوگۆڕدا تەبان، تەنانەت عاشقی ئەم ژیانەشن کە دەڵێی بڵقێکی سەر ئاوە، چونکە ئاگاداری ئەوەن کـە هـەر ئـەم بڵقـی سـەرئاوەش کاتـێ لـە بەرانبەر تیشکەکاندا دەدرۆشـێتە، چـەندین کۆلکەزێڕینـەی جـوان دروست دەکات. ئەو جۆرە مرۆڤانـە، واتـای خۆشـبەختی باشـتر و زۆرتر لەوانیدی دەناسن. سەیر کردنی بڵقەکانی سـەر ئـاو.. سـەیر کردنی پەپوولەکان.. سەیر کردنی غونچەکان کە لەگەڵ شنەی بادا دەشەکێنەوە، فرمێسکی خۆشی و ئاوازی ژیان دروست دەکەن.

***ژیان، نوکتە (حەنەک)ێکی ئاسمانییە:***

ژیــان، هــەمووی وەکــوو نوکتەیــەکی ئاسمانییــە.. ژیــان دیاردەیەکی جیدی نییە، گەر زۆر بـە جیـدی وەری بگریـت، لـە ڕاسـتیدا لـە دەسـتت داوە.. ناسـینی ژیـان، تـەنها لـە ڕێگـەی پێکەنینەوە مسۆگەر دەبێت. ئایا تا ئێستا بیرت لێکردۆتـەوە و زانیوتــە کــە مــرۆڤ تاقــە گیاندارێکــە پێدەکــەنێت؟ ئەرەسـتۆ دەیگوت مرۆڤ تاقە گیانداری خاوەن لۆژیکە، بـەڵام ئـەم قسـەیە بە تەواوەتی راست نییە، چوونکە مێروولـە و زەردەواڵـەش دوو گیانــداری تــەواو لــۆژیکین.. مــرۆڤ لــە بەرانبــەر مێروولــە و زەردەواڵـەدا، لـە راسـتیدا گیانـدارێکی نـا لـۆژیکی دەنوێنێـت..

کۆمپۆتەریش ئامرازێکی لۆژیکییە و تەنانەت لە بەرانبەر ئەویشدا مرۆڤ بوونەوەرێکی نا لۆژیکییە. پێناسەی من بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ تاقە بوونەوەرێکە، پێدەکەنێت.. مێروولە.. زەردەواڵە.. کۆمپیوتەر و... هیچکامیان پێناکەنن، تەنیا مرۆڤ خاوەنی ئەم نیعمەتەیە. پێکەنین، خاڵی بەرز و کۆتایی گەشەی مرۆڤە.. بەهۆی پێکەنینەوەیە مرۆڤ لە خوا نزیک دەبێتەوە، چونکە تەنیا لە رێگەی بەرزترین سیفەتی مرۆییەوەیە کە دەکرێ بگەیتە خاڵی ئەنجام و کۆتایی. پێکەنین وەکوو پردێکە لە نێوان مرۆڤ و خواوەنددا.

***

***باگوان.. تکایە ئامۆژگاریمان بکە:...***

پارە، لەگەڵ خۆیدا هێز و دەسەلات دێنێ.. بەهۆی پارەوە دەتوانی زۆر شت بکڕی، بێجگە لەو شتانەی کە هیی کڕین و فرۆشتن نین، بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵك هیچ سەرنجێکی ئەم شتانە نادەن.. موراقەبە بە پارە ناکڕێت، هەرواش عەشق و خۆشەویستی و دۆستایەتی و.. بەلام هیچکەس سەرنجی ئەم شتانە نادات.

*

بەهەموو (بوون)تەوە بژی، بە جۆرێك، هەموو ساتێكی ژیانت ببێتە چركەیەكی زێڕین و سەرجەم ژیانت زنجیرەیەك بێت لەو چركە زێڕینانە. ئەو كەسەی بەمجۆرە دەژی، هەرگیز نامرێت، چوونكە (بوون)ی بۆتە ئێكسرێك، دەست بە هەرچییەوە بدات دەیكاتە زێڕ.

*

هیچكەس سەرنجی تەواوی نەداوەتە یەكبەیەكی تاكەكان و ئەمەش بۆتە هۆی بنەڕەتیی سەرجەم كێشەكان. كۆمەڵگە گەورەیە و هەر تاكێكیش بەشێكی بچووكە لەم كۆمەڵگە گەورەیە.. هەر ئەمەشە وای كردووە خەڵك وا بزانن دەتوانن كۆمەڵگە بگۆڕن و دوایش تاكەكانی ئەو كۆمەڵگەیە خۆبەخۆ دەگۆڕدرێن. ئەمە ڕێچارەیەكی هەڵەیە، چونكە كۆمەڵگە تەنیا یەك وشەیە و هیچ رۆحێكی نییە، بە تەنێ هەر مرۆڤەكانن و ئەگەر ئەوان نەگۆڕدرێن، ئەوا هیچ ئاڵوگۆڕێك لە كۆمەڵگەدا روو نادات.

*

مرۆڤ، بە خەزێنەیەكی زۆر گرانبەهاوە لە دایك بووە بەڵام لەهەمانحاڵدا هەندێ سیفەتی حەیوانییش لە وجوودیدا دانراون. ئەركی سەرشانی ئێمە ئەوەیە بە هەر جۆرێك هەیە ئەم سیفەتە حەیوانییانە لە ناو بەرین و كەشێكی شیاو بۆ ئەم گەنجە گرانبایە برەخسێنین تا بگاتە ئاستی ئاگاییمان و بتوانین و ئامادە بین لە گەڵ خەڵكیتر دابەشی بكەین.. یەك لە تایبەتمەندییەكانی ئەم

خەزێنەیە ئەوەیە هەرچی زۆرتر لەناو خەڵك دابەشی بکەین، ئەو، زۆرتر و زۆرتر دەبێت و پەرە دەستێنێ.

*

کێشە و گیروگرفتەکان، دەبنە هۆی ئازار و ناخۆشی بۆ ئێمە، تەنها بەو هۆیەوە کە هیچکات بە وردی سەرنجمان نەداونەتێ تا بزانین چین و چۆنن.

*

بەم تەمەنە کورتە و ئەم سەرچاوە کەمۆکەیەی وزە، زۆر گەمژانەیە ئەگەر بە تووڕەیی و بێزاری و چاوچنۆکی، هەموو شتێك تێك بدەین، با ئەم وزەیە و ئەم تەمەنە سەرفی عەشق بکەین و لە عەشق و دۆستایەتی و موراقەبەدا بەکاری بەرین.. با ئەم وزەیە بە جۆرێك بەکار بەرین کە ببێتە هۆی کامڵبوونمان، هەرچەندە زۆرتر کامڵ ببین، ئەوا سەرچاوەی وزەی زۆرترمان دەست دەکەوێت.

*

نرخاندن (بەراورد کردن) کارێکی زۆر هەڵەیە.. هەر کەسەو جیاوازی و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەیە و هیچکەس لەویتر ناچێت.. ئەگەر هەموان وەکوو یەك بوونایە، ئەوا بەراورد کردنیان دروست نەبوو، بەڵام شتەکە وا نییە، تەنانەت جمکەکانیش لەیەك ناچن.. ناتوانی کەسێك بدۆزیتەوە بە تەواوەتی لە خۆت بچێت.

*

یەك لە بنەڕەتیترین هاوكێشەكان لە ژیاندا ئەوەیە كە نابێ ژیان دابەش بكەینە سەر دوو بەشی چاك و خراپ یا جوان و دزێو، چونكە ئەوە ئەم دژبەری و جیاوازییانەن ژیانیان دروست كردووە.. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستمان بە كەمێك تەنز و گاڵتە هەیە، بە ڕای من، ئەم تەنزە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ نیگایەكی هەمەگیر و هەمەلایەنەیان لەسەر ژیان هەبێت، زۆر زۆرتر پێویستە. شتە بچووكەكان چین؟ بەڕای من دەكرێ پێیان پێ بكەنین و چێژیان لێ بەرین، كەچی ئێمە هەمیشە خەریكی نرخاندنین و ئەمەش وامان لێدەكات هەمیشە جیدی بین. گوڵەكان جوانن، ئەی دڕكەكان؟، ئەوانیش بەشێكن لە بوونی گوڵەكان، ژیانی گوڵ بە بێ دڕك نەلواوە.. لە ڕاستیدا دڕكەكان ڕۆڵی پارێزەری گوڵەكان دەبینن، كەوابوو، دیارە ئەرك و ئامانجێكیان هەیە، كەچی ئێوە فەرق و جیاوازییان بۆ قایل دەبن و وا دەزانن گوڵ جوانە بەڵام دڕك ناشیرین! درەختێك كە گوڵ و دڕكی بەسەرەوەیە، بۆ هەردووكیان بە شێوەی یەكسان شیرە و خۆراك دابین دەكات.. هیچ داوەری و نرخاندنێك لە وجوودی درەختدا بوونی نییە، درەخت، هیچكات فەزڵی گوڵەكان نادا بەسەر دڕكەكاندا، بەڵكوو هەردوكیانی پێكەوە پەسەند و قبووڵە.. دەكرێ ڕوانگەیەكی ئاوهاش بێتە ناو ژیانی ئێمەوە.. هەندێ شتی بچووك لە ژیانی مرۆڤدا هەن كە ئەگەر بیاننرخێنین، ناشیرین دەر دەكەون بەڵام لە بنەڕەتدا وا نییە و ناشیرینیی ئەوان تەنیا بۆ ئەو

نرخاندنـەی ئێمـە دەگەڕێتـەوە، دەنـا ئـەوانیش نـەخش و ڕۆڵـی تایبەتی خۆیانیان لە ژیاندا هەیە.

*

کارێـك کـە (زەیـن) دەیکـات، ئەوەیـە کـە هەمیشـە خـەریکی جیاکاری و دابەشکردنە، بـەڵام کـاری (دڵ) سـەرنجدانە بـە بوونـە یەك و پەیوەستی و پێکەوە بوون، پەیوەسـت بوونێك، کـە زەیـن ناتوانێ ببینێت.. زەین بێجگـە لـە وشـەکان، هیچیتر ناناسـێت.. زەین، تەنیا وشەکان و ئەو شـتانە درك پێـدەکات و دەناسـێت کـە بـە پێـی لۆژیـك راسـت و دروسـت دەنـوێنن.. زەیـن، هـیچ فرێکـی بەسەر بوون و ژیان و راستییەوە نییە و خۆی لـە خۆیـدا تـەنیا لـە بـیرو خیاڵـە جۆربـەجۆرەکان پێکهـاتووە.. ژیـان بـە بـێ زەیـن دەلوێت، بەڵام بە بـێ دڵ هـیچ بـوونێکی نییـە.. هەرچـەندە مـرۆڤ زۆرتر رۆ بچێتە ناخی ژیانەوە، ئەوەندە زۆرتـر لـە دڵـی کـەڵك وەر دەگرێت.

*

هیچکەس لە سەرووی ئەویترەوە نییـە و هیچکەسـیش لـەویتر نزمتر و بچووکتر نییە و هیچکات، هیچکەسـیش لەگـەڵ ئـەویتردا بەرانبەر نییە، هەرکەسەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە.. بەرانبەریی مـرۆڤ لـە روانگـەی دەروون ناسـییەوە هەڵەیـە.. هـەموو کـەس ناتوانێ ببێتە (ئـالبێرت ئەنیشـتەین) یـا (رابینـدرانات تـاگۆر) و ئەمـەش بـەو واتایـە نییـە کـە ئـەوان (ئەنیشـتاین و تـاگۆر) لـە

هەموان بەرزتر و سەرتر بن.. هەرکەسەو رەنگدانەوەیەکی تەواو تایبەت و جیاوازە، بەم پێیەش دەبێ هاوکێشەی بەرانبەری یا وەکیەك بوون و لێکچوون یانخود سەرووتر و خوارووتر بوون بە تەواوەتی لە مێشکماندا بسڕینەوە و لە جیاتی ئەوە، بڕوا بەم راستییە بهێنین کە هەموو کەس تایبەتمەندی و جیاوازیی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر بەو تایبەتمەندی و جیاوازییەشەوە دەبێ بناسرێت و وەربگیردرێت.. بۆ ئەم کارەش، ئەوەندە بەستە بە عەشق و خۆشەویستییەوە سەیری جیهان و ژیان و بوونەوەرەکان بکەین، ئەو کاتەیە کە هەست بەوە دەکەین کە جیهان و ژیان بەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەوە جوانن.

*

تەنیا ئەو کارانە ئەنجام بدە کە حەزیان لێدەکەیت و پێت خۆشن.. ئەو کارانەی کە بۆ خۆت و دەوروبەریشت خۆشی و شادی دێنن.. ئەو کارانەی کە ئاوازێکی دڵخۆشکەر دەبەخشنە ژیانی خۆت و دەوروبەریشت.

*

ئێمە هەموومان بەشی جیاجیای یەکەیەکین، گەر ئازاری کەسێك بدەی لە راستیدا زیانت بە خۆت گەیاندووە و ئەم راستییەش لە درێژخایەندا دەر دەکەوێت، لەوانەیە ئەمڕۆ درك بەم خاڵە نەکەیت، بەڵام رۆژێك دەگات کە بیری لێ بکەیتەوە و

بڵێیت: وەی خوایە، من خۆم ئەم زامەم خستۆتە جەستەی خۆمەوە و ئێستاش هەر خۆم دەرد و ئازارەکەی تەحەموڵ دەکەم. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە تۆ پێشتر کەسێکیترت ئازار دابوو و وات دەزانی کەسێکی جیات ئازار داوە، چونکە وات بیر دەکردەوە کە مرۆڤەکان لێك جیان. هیچ شتێك لەویتر جیا نییە، هەرهەموو ژیان یەکەیەکی پەیوەستە و تەنیا بە ناسینی ئەم راستییەیە کە مرۆڤ لە ئازار و توندوتیژی دوور دەکەوێتەوە و دەگاتە ئارامشی رۆحی.

*

مرۆڤ، ئەوکاتە لێورێژ و بێ نیازە، کە لەگەڵ سرووشتدا هاودەنگ و هەماهەنگ بێت.. کاتێ هاودەنگی سروشت نەبێت، بۆشە، بەتاڵە.. دەبێ ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە، ئینجا تەماع و چاوچنۆکی دەست دەکەنە پڕ کردنەوەی بۆشاییەکە: بە پارە، بە خانوو، بە کەرەستەی نوێ و جوان، بە دۆست و ئاشنا و ناسیاوی نوێ و بەهەر شتێکیدی. بەڵام، ژیان بەم بۆشاییە ترسێنەرەوە ئازاردەر و نەلواوە. بۆ دروستکردنی ئەم هەستەی کە ژیانت پڕ و لێورێژە، تاقە دوو رێگەت لەبەر دەمدایە: یەکەم، ئەوەی کە ببیتە هاودەنگ و هەماهەنگی ژیان، ئینجا هەست دەکەیت پڕپیت.. لێورێژیت.. لێورێژ لە جوانی، لە گوڵ، لە ئەستێرە و لە...، ئەمەش رەزامەندیی تەواوە. بەڵام گەر هاتو ئەم رێگەیەت

هەڵنەبژارد و ئەم کارەت نەکرد، هەروەکچۆن ملیۆنەها کەس لە دانیشتوانی ئەم جیهانە ئاوەهان، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە ناخی خۆت بە هەرچەشنە شڕوشەخەڵ و زبڵێك پڕ بکەیتەوە.. زۆر سادەیە، تەماع بەم واتایەیە کە وجوودی تۆ لە بۆشایی ئازار دەچێژێت و تۆش ناچاری بە هەرجۆر و هەر شتێك بووە پڕی بکەیتەوە و هیچ بۆت گرینگ نییە ئەو شتە چی بێت و چۆن بێت.. هەرکاتێکیش درکت بەم هاوکێشەیە کرد، ئەوا لە بەڵا و شەڕی تەماع رزگارت دەبێت.

*

هەریەك لە ئێوە بۆ خۆی گرووپ و کۆمەڵێکە، بۆ تێگەیشتنی ئەم بابەتە ئەوەندە بەستە کەمێك وردتر و قووڵتر بڕوانن تا بزانن خەڵکانێکی زۆر لە ناخی ئێوەدا دەژین.. کاتێ تۆ تووڕە دەبیت، ئەوە کەسێتییەکی جیاواز بۆتە خاوەنی ئەو ساتەوەختەی وجوودی تۆ و وای پیشان دەدات گوایا ئەوە، خودی خۆتی.. کاتێ خۆشەویستی دەنوێنی، ئەوە کەسێکی جیاوازتر هەر بە هەمان شێوە دەبێتە خاوەنی تۆ و وای دەردەخات کە ئەمیش هەر خۆتی.. ئەم هاوکێشەیە، نەك هەر تۆ گێژ دەکات، بەڵکوو هەموو ئەوانەش دەخاتە سەرگێژەوە کە رووبەڕووت دەبنەوە، چونکە نە تۆ و نە ئەوانیتریش ناتوانن درك بەم راستییە بکەن، هەموو تاکەکانیتریش هەر بەمشێوەیە بۆ خۆیان کۆمەڵ و گرووپێکن: کاتێ پەیوەندییەك لە نێوان دوو کەسدا دروست

دەبێت، لە راستیدا پەیوەندیی نێوان دوو گرووپە، هەر ئەمەشە وای کردووە هەموان، هەمیشە لە شەڕ و جەنجاڵ و بەرەنگار بوونەوە و بە گژاچووندان، چونکە زۆر بە دەگمەن رێك دەکەوێت کە کاتێ کەسێتیی میهرەبان بۆتە خاوەنی وجوودی تۆ، بۆ تاکی بەرانبەریشت هەر وا بووبێت.. کاتێ بۆ وێنە کەسێتیی میهرەبانی ناخی تۆ بۆتە خاوەنی وجوودت، لەوانەیە تاکی بەرانبەرت خەمبار، تووڕە یا نیگەران بێت، یانخود ئەو کاتەی ئەو میهرەبانە، لەوانەیە تۆ وا نەبیت، واتە تۆ تووڕە و زویر و خەمبار بیت. ئەم کەسێتییانە، هەردەم لە ناخی ئێوەدا لە جووڵە و بزاوتدان و ئەگەر کەمێك وردتر بن، تێیدەگەن، بەڵام هیچکات نابێ دەست لەم بزاوتە وەر بدەن، چونکە ئەم دەستێوەردانەی ئێوە دەبێتە هۆی بێ نەزمی و بشێویی زۆرتر. تەنیا بە ئاگاییەوە بیانبینن.. کاتێ بە وشیاری و بە بێ هیچ داوەرییەك سەیری ئەو کەسێتییانە بکەن، پاش ماوەیەك تێدەگەن، بینەرێکیش هەیە کە خۆی، هیچ یەك لەم کەسێتییانە نییە و هەموو ئەو کەسێتییانە، لەبەرامبەر چاویدا دێن و دەچن. ئەم بینەرە هیچ یەك لە کەسێتییەکان نییە چونکە کەسێتییەك ناتوانێ سەیری کەسێتییەکیتر بکات، ئەمە زۆر سەرنجڕاکێشە کە هیچ کەسێتییەك ناتوانێ سەیری کەسێتییەکی دیکە بکات، چونکە هیچکام لەو کەسێتییانە رۆحیان تێدا نییە، ئەوان، هەر وەکوو جلوبەرگەکانی ئێوەن.. ئێوە دەتوانن هەمیشە جلوبەرگی خۆتان بگۆڕن بەڵام جلوبەرگەکان هیچ تێناگەن کە

ئێوە خەریکی گۆڕینیانن.. ئێوە جلوبەرگی خۆتان نین بۆیە دەتوانن جلوبەرگ بگۆڕن، هەرواش ئێوە هیچیەك لە کەسێتییەکانی ناخی خۆتان نین، هەر بۆیە ئاگاداری سەرجەم ئەو کەسێتییە جۆربەجۆرانەی دەروونی خۆتانن. لێرەدا شتێك بە تەواوەتی ڕۆشن و ئاشکرایە: کەسێك، بەردەوام شایەت و بینەری ئەم یاریی ئالوگۆڕەی کەسێتییە جۆربەجۆرەکانی دەروونی ئێوەیە و ئەو کەسەش خودی خۆتانن. کەواتە، بە وشیارییەوە سەیری ئەو کەسێتییە جۆربەجۆرانە بکەن و لە بیرتان نەچێت کە ئەوە بینەرەکەیە کە هەقیقەتی بنەڕەتیی وجوودی ئێوەیە. ئەگەر بەردەوام خەریکی سەیرکردن و چاودێریی ئەم کەسێتییانە بن، ئەوا ئەوان بەرەبەرە خۆیان ون دەکەن و لەناو دەچن چونکە ئیدی ناتوانن زیندوو بن، ئەوان بۆ زیندوو مانەوە پێویستیان بە شناسە. کاتێ تۆ تووڕەیت، ئەم کەسێتییە حەز دەکات تۆ چاودێریکردنی ئەو فەرامۆش بکەیت و وا بزانی کە لە ڕاستیدا ئەوە خۆتی تووڕەیت، گەر وانەبێت، ئەوا ئەم کەسێتییە وجوودی نابێت و لەبەرچاو ون دەبێت، کەواتە، هەردەم بە وشیاری و ئاگاییەوە بیانخەنە ژێر چاودێری تا هەموویان لەناو بچن.. کاتێکش ئەوان لەناو چوون، ئەوا کەسێتیی ڕاستەقینەتان کە پیر و مامۆستای ڕاستەقینەتانە دەگەڕێتەوە شوێن ومالّی ڕاستەقینەی خۆی.. لەم کاتەشدا ئیتر ئێوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکی تەواو دروست و ڕاستەقینەتان دەبێت و هەرشتێك دەیکەن، بە هەموو

وجوودتانەوە دەکرێت و هیچکات پەشیمان نابنـەوە، بـەم پێیـەش هەمیشە لە خۆشی و شادیدان.

*

ئێـوە، جیهـان نـابینن وەکچـۆن هەیـە، بـەڵکوو بـەو جـۆرەی دەبیـنن کـە زەینتـان پێتـان دەڵێـت. تاکـەکان، بـە شـێوازی جۆربەجۆر (خوو گرتوو/مەرجی) بوونـە و زەینـیش هـیچ کارێـك ناکات پەرە پێدانی ئەم خوو گرتوویيە (مەرجیبوونـە) نـەبێت.. مرۆڤـەکان بـە هـەمان شـێوازی خـوو گرتوویانـەوە دەڕواننـە هاوکێشـە جۆراوجۆرەکـان.. ئێمـە، وا دەزانـین کەسـێك بـەرز و کەسێکیش نزمترە.. وا دەزانین ژنەکان بێدەسەڵاتن و پیاوەکان باڵا دەست ترن.. یەکێك زیرەکە و یـەکیتر نـا زیـرەك یـا کـەم و کورت بیر. مرۆڤ لە خۆیەوە ئەم دابەشکارییانە دەکات و هـەموو ئەمانـەش تۆتـۆ لەسـەر یـەك کەڵەکـە دەبـن و زەینـی ئێمـە پێکـدێنن. تـۆ، ئەگـەر نـەتوانی زەینـی خـۆت بخەیتـە لاوەو راستەوخۆ و بەوپەڕی ئاگاییەوە بڕوانیتـە ژیـان، ئـەوا هیچـکات نـاتوانی هەقیقـەت ببینـی. لـەم جیهانـەدا، مـەزنترین ئازایـەتی هەمان وەلا خستنی زەینە و ئازاترین کەسیش ئەوەیە بتوانێ بە بێ بەربەستی زەین بڕوانێتە ئەم دنیایە وەکچۆن هەیە، ئەمـەش شتێکی زۆر جوان و بە تەواوەتی جیاوازە.

*

زەین، لە ڕاستیدا نەخۆشیی ئێوەیە.. خستنە لاوەی زەین و ڕوانین بۆ راستی لە ئارامش و بێدەنگی و بە بێ هیچ بیر لێکردنەوەیەك، ڕێگەی دروستی ئاشنا بوونە بە هەقیقەت و راستی.. لەم حاڵەتەدا راستییەکی زۆر جیاواز دەبیننەوە.. بینینی راستەقینەی هەقیقەتیش لە گەڵ گەمژەیی و هەڵە و خورافە دەتانپارێزێت و دڵتان لەو هەموو چڵك و زبڵە خاوێن دەکاتەوە کە لێی نیشتووە و لێڵی کردووە. دەبێ ئاگادار بن: نابەسامانییەکان لە جیلێکەوە بۆ جیلی دواتر دەگوازرێنەوە و ئێوەش سەرجەم رابردووی نەخۆشی ئەو جیلانەی پێشوو بە میرات دەبەن بەهەموو روانگە و بیروباوەڕە هەڵەکانیانەوە.

*

من دڵنیاتان دەکەمەوە هیچ شەڕ و هیچ هێزێکی خراپە لەم جیهانەدا بوونی نییە.. هەر تەنها کەسانێك هەن بە ئاگان و کەسانێکیش هەن بە قووڵی خەویان لێکەوتووە.. کەسێکیش لە خەودا بێت، هیچ هێز و توانایەکی نییە.. وزەی ژیان لە دەستی مرۆڤە ئاگا و چاوکراوەکاندایە.. تاکێکی بە ئاگا دەتوانێ هەموو جیهان وشیار و بە ئاگا بهێنێتەوە، وەکچۆن مۆمێکی رۆشن دەتوانێت هەزاران مۆمیتر دابگیرسێنێت بە بێ ئەوەی تۆزقاڵێکیش لە رووناکاییەکەی کەم ببێتەوە.

*

دۆستایەتی دوو جۆرە: جۆری یەکەم دۆستایەتییەکە، تۆ تیایدا

هەژار و درەۆزەگەرێکیت و پێویستت بە کەسێکە لەو تەنیاییە ڕزگارت بکات و یارمەتیت بدات.. تاکی بەرانبەریشت هەمان ئەو تایبەتمەندییەی هەیە و هەمان ئەو داخوازی و پێویستییەی بە تۆ هەیە، دیاریشە دوو دەرۆزەگەر ناتوانن یارمەتیی یەکدی بدەن و زوو تێدەگەن دەرۆزە کردن لە دەرۆزەگەرێك، هەر تەنیا نیاز و هەژارییەکە چەند بەرابەر دەکاتەوە، بۆیەش هەردووکیان زوو بێزار دەبن و وا دەزانن فریویان خواردووە، لە حاڵێکدا هیچکەس ئەویدیی فریو نەداوە. جۆری دووەمی دۆستایەتی شتێکی زۆر جیاوازە.. ئەمەیان بە هۆی نیاز و پێویستییەوە نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە ئێوە هێندە پڕ و دەوڵەمەند و بێنیازن، دەتانەوێ کەسێکیتریش بکەنە شەریکی خۆتان و لەو دەوڵەمەندییەی خۆتان بەشی بدەن.. هەر بە بۆنەی ئەم شەریکایەتی و بەش دانەی ئەویترەوەیە کە سەرەنجام چەشنە شادی و خۆشییەکی نوێ و بێوێنە دەڕژێتە ژیانتانەوە، شتێك کە پێشتر هەرگیز نەتانناسیوە و تەجروبەتان نەکردووە، چونکە پێشتر، هەمیشە لە حاڵەتی یەکەم، واتە دەرۆزەگەریدا بوونە. کاتێ لە چاکەیەکدا دەبنە شەریکی ئەویتر، ئیدی ناکەونە شوێن پەیوەستبوون بە کەسێکیترەوە، بەڵکوو پەیوەست دەبن بە بوون و ئاڵوگۆڕە بەردەوامەکانی ژیانەوە، چونکە بۆتان گرینگ نییە کە کێتان کردۆتە شەریکی خۆتان بۆ ئەم چاکەیە، زۆر سادەیە.. ئێوە پڕ و بێ نیازن و دەتانەوێ خەڵکیتریش بکەنە شەریکی ئەم

بێنیازییەی خۆتان و هەرکەس بێتە لاتان ئـەوا دەیکەنـە شـەریك و بەشـی دەدەن و هــەر ئــەم بەشــدانەش دەبێتــە هــۆی شــادی و خۆشیی دڵی ئێوە.

*

موراقەبـە، تاقـە ڕێگـای چارەسـەرکردنی کێشـەکانی مرۆڤـە.. کێشەکە، لەوانەیە خەمۆکی.. تـووڕەیی.. خـەم و پـەژارە یـا هـەر شتێکیدی بێت.. لەوانەیە کێشەکان زۆر بن، بـەڵام وڵام و ڕێگـا بـۆ چارەسەر کردنیان هەر یەکێکە و ئەویش هەمان موراقەبەیە.

*

ئێـوە، لـە هەنـدێ کـات و سـاتی تایبەتـدا وشـیاری و ئاگاییتـان زۆرترە و هەندێ جاریش ئـەم وشـیارییەتان کەمـە، کەواتـە دەبـێ هەنـدێ دەرفـەت لـە ژیانـدا هـەبن بـۆ دروسـتکردن و خولقانـدنی هەندێ ڕێکەوتی نوێ بە مەبەستی زۆرتر و زیاتر کردنی وشـیاری و ئاگـایی خۆتـان. ئاگـایی، بنـەمای موراقەبەیـە و کاتـێ حـوزوور و ئاگایی مرۆڤ پەرەی سەند، بیروبۆچوونە پرژوبڵاوەکـانی زەیـن لـە ناو دەچن.. ساتەوەختێك دەگات کە دەتـوانن لـە ئاگـایی تـەواودا بەسەر بەرن و لەم ساتەوەختەشدا ئیدی هیچ فکر و بیرێـك بـوونی نییە و زەمەنیش لەناکاو ڕادەوەستێت.

*

گوشراوەی ڕاستەقینەی ژیـان، هـەمان دەروونـی خۆتانـە.. هـەر ئێسـتا دەتـوانن بگەڕێنـەوە نـاخی خۆتـان و تـەجروبـەی بکـەن.. ئـەوەی پێویسـتە، تـەنها سـەفەرێکە بـەرەو نـاخی خۆتـان لـە

بێدەنگیدا.. من ناوی ئەم سەفەرە دەنێمە (موراقەبە).. لە سەفەرێکی بێدەنگدا بەرەو ناخی خۆتان، تۆوی ئەسڵیی بوونی خۆتان دەدۆزنەوە و هەرکاتێ ئەو تۆوەشتان دۆزییەوە، ئەوا لە راستیدا تۆوی ئەسڵیی هەموو ژیانتان دۆزیوەتەوە.

*

روانین، واتە دۆزینەوەی ئاوێنەیەك کە لە ناخی خۆتاندایە و هەرکاتێ ئەم ئاوێنەیەشتان کەشف کرد، ئیدی مۆجیزەکان دێنە ئاراوە و دەستدەکەن بە ڕوودان و ئاشکرا بوون.. کاتێ دەڕواننە فکرەکانی خۆتان، ئەوان پەنهان دەبن، پاشان کتوپڕ بەرەوڕووی بێدەنگی و ئارامشێکی بێوێنە دەبنەوە کە تا ئەو کاتە، بەتەواوەتی لێی دوور و لەگەڵی بێگانە بوونە.. کاتێ حاڵەتە جۆربەجۆرەکانی خۆتان وەکوو تووڕەیی و زویری و غەم و تەنانەت شادییەکانتان بە وشیارییەوە دەخەنە ژێر چاودێری، ئەوا ئەوانیش پەنهان دەبن و ئێوەش دەگەنە ئەزموونێکی بالاتر لە ئارامش و بێدەنگی و ئەوکاتەش کە ئیدی شتێك بۆ بینین نەما، ئەوا گۆڕانکارییەکی مەزن روو دەدات.. لەم کاتەدا وزەی بینین بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە چونکە ئیدی بەربەستێك نییە پێشی پێ بگرێت.. کاتێکیش هیچ بەربەستێك لەبەر دەم بینیندا نەما، ئەوا ئێوە گەیشتوونەتە (ئیشراق) و کامڵ بوون.

***

# دەفتەری دووەم

# ڕاپەڕیو

## راپەڕیـــــــو

" چ ڕێوە دوورە..

چ ڕێوە دوورە و بێ کۆتا

چ پایە شەل!

هەناسە چەنی مانیایی جەنگشا..

من چەنی وێم

پا چەنی تەوەنێ

چ ڕێوە دوورە

چ پایە شەل"

{ئەحمەدی شاملۆ/ قەقنەس لە باراندا}

*

**پێشەکیی نووسەر:**

" هەمیشە سەربەست و سەربەخۆ بووم، تا هیچکات نەتوانی (جەزمییەت)م لێ دروست بکەی.. گەر بتەوێ وا بکەیت، تەنها خۆتت شێت کردووە.. میراتێکی زۆرسەیرم بۆ تۆژەران بەجێهێشتووە.. هیچ لە پەیڤەکانم تێناگەن.. هەرئەمەش باشە، چونکە هیچکەس ناتوانێ دین و ئایینێکی تایبەت لە من و لەسەر من دابتاشێت.. نا.. ئەمکارە هیچکات و بەهیچ شێوەیەك و بۆ هیچکەس ناکرێت..

پەیڤەکانم تۆ دەسووتێنن، بەڵام تۆ ناتوانێ هیچ جۆرە شەرعیات یا (جەزمییات)ێکیان لێ دا بتاشی.. تۆ دەتوانی رێگایەکیان لێ بدۆزیتەوە بۆ ژیان بەڵام نەك (جەزمییەت)ێك کە بەهۆیەوە وەعز دابدەیت.. تۆ دەتوانێ شەرابی راپەڕیوی بە گڵاسی پەیڤەکانم بخۆیتەوە، بەڵام ناتوانی تانوپۆی راپەڕینێکیان لێ بدووری..

پەیڤەکانم هەر تەنها ئاگر هەڵناگیرسێنن.. لێرەولەوێ باڕووتیشم تێکەڵ کردوون تا بۆ سەدانساڵ تەقینەوە بنیات

بنـــێن.. زۆرتـــر لـــە ئاســـتی پێویســـت بـــارووتم تێكـــردوون تـــا تەقینەوەكـــە حـــەتمی بێـــت.. ئـــەوەی گـــەرەكی بێـــت ئـــایینێكی تایبـــــەت لەســـــەر مـــــن دابتاشـــــێت، هـــــەردەم لەگـــــەڵ هـــــەر دەستەواژەیەكدا دەكەوێتە دەردیسەرییەكەوە".

*

که کەوتیتە داوی ئەشقی نەناسراوێکەوە

ئیدی ڕێگای ئەم دیدارە کۆتایی نایەت

سەفەرێکە بێ کۆتا.. بێ پایان

هەمیشە بە ڕێوە.. سەفەرێکی ماندوویی نەناس.

*

هۆشمەندی مەترسیدارە..

هۆشمەندی واتە تۆ سەربەخۆ بیر دەکەیتەوە

سەربەخۆ دەڕوانیتە دەوروبەر

ئیدی بڕوات بە (جەزمییات) نابێت

تەنها و تەنها ئەزموونی خۆت بەهەند وەردەگریت.

*

بیرکردنەوە واتە چوونەدەرەوە

بیر نەکردنەوە هەمان خزینەناوەوەیە

بیر بکەوە.. تێدەگەی ئەوا لەخۆت دوور و دوورتر دەکەویتەوە.

*

خزین بەرەو ناوەوە، لە راستیدا خزینە ناوەوە نییە

ئەمە هەر تەنها نەچوونە دەرەوەیە..

بۆیە لەناکاو خۆت لەناوەوە دەبینیەوە.

*

له بێدەنگیدا، زانست لە مێشكتدا هیچ هاتوهاوارێكی نییە
بینینت شەفاف و ڕوونە و ئاوێنەكە هیچ ژەنگێكی پێوە نییە
هەر ئەوە دەنوێنیتەوە كە هەیە
هەر لەم نواندنەوە ڕوونەشدایە كە هەموو كردارێك مەزنێتییە.

*

هێزی دەرك كردنی هەركەس بە جۆرێكە
شێوازەكانی بینین جۆراوجۆرن
تێگەیشتنەكان جیاوازن
دیارە دەبێ هەموو بینینەكان ئازاد بن

*

ئازادی، ئامانجی ژیانە
بەبێ ئازادی، ژیان هیچ واتایەكی نابێت
مەبەست لە ئازادی، ئازادیی سیاسی، كۆمەڵایەتی یا ئابووری نییە
ئازادی، واتە ئازاد بوون لە زەمەن.. ئازاد بوون لە زەین.. ئازاد بوون لە ئارەزوو.

*

مرۆڤی بڕوادار بەختەوەرە
لەهەركوێ بێت، لە پەرستگەدایە
مرۆڤی بەختەوەر، پەرستگەی خۆیی هەمیشە لەگەڵدایە.

*

کەشفکردن هەڵاتن نییە لە ژیان، هەڵاتنە بەرەو ژیان

زەین لە ژیان هەڵدێ.. ئارەزوو لە ژیان هەڵدێ.

*

جوانیناسی هیچ پەیوەندییەکی بە تابلۆی وێنە و شیعر و مۆسیقاوە نییە..

جوانیناسی پەیوەستە بە بوونی تۆوە.

چەشنە هەستیارییەك، ئەشقی جوانی، هەستیاری لەبەرامبەر چەشن.. چێژ..

هەستیاری لەبەرامبەر ئەو سەما هەمیشەییەی لە هەر سووچێکەوە بەرپایە.

*

رزگار بوون لە چێژ ئەزموونێکی مەزنە

رزگار بوون لە چێژ، گوڕی تۆ تەرخان دەکات بۆ (مکاشفە).. بۆ (سامادهی)[5]

*

[5] قۆناغ و پلەی کۆتایی لە هەشت قۆناغ و پلەکەی فەلسەفەی یوگا، واتە فەنا و نوقمبوونی تەواوەتی، کە لەم حاڵەتەشدا نەستی مرۆڤ لەهەموو شتێکیدی بەتاڵ دەبێتەوەو نوقم و تێکەڵی مەقسەد و (مەحبووب)ی راستەقینە دەبێت و دەگاتە (وەحدەت/ یەکبوون)ی تەواوەتی و راستەقینە.

یەکەمین هەنگاو ئەوەیە، ژیان هەربەو جۆرەی هەیە قبووڵ بکەی،

بەم قبووڵ کردنەش، ئیدی ئارەزوو نامێنێ..

گوشار و پێکدادان نامێنێ، نائاسوودەیی نامێنێ..

ئیدی هەست بە شادی دەکەیت، بەبێ ئەوەی هۆکار و بیانوویەکی تایبەتیشت هەبێت.

*

خۆشی و شادی، کاتێ بەسترابێتەوە بە هۆکار و بیانوویەکەوە، پایدار نابێ..

گەر شادی نەبەسترایەوە بە هیچ هۆکار و بیانوویەکەوە، ئەوا پایدارە و بۆ تاهەتایە دەمێنێتەوە.

*

نە نیازێك هەیە بە ئومێد و نە نیازێك بە نائومێدیش..

بژی، لێرە و هەرلەم کاتەدا..

ژیان، سەرتاسەر شادییە،

هەر لێرەدا بەرەکەت دەبارێت و تۆش، چاوت بڕیوەتە شوێنیدیکە.

*

(مکاشفە) وەکوو گوڵێکە و میهرەبانی بۆنەکەیەتی،

بۆچوونێکی تەواو دروستە

گوڵ دەپشکوێت و بۆنەکەی، بەسوارییی با سەفەردەکات،
تا دوایین گۆشەی زەوی.. دەڕوات و دەڕوات...
*

(جۆشوخرۆش) و (میهرەبانی) دوو وزەی جیاواز نین،
هەردووکیان یەك شتن، هەمان وزەن
کاتـــێ وزەی جۆشـــوخرۆش بـــە (دالان)ی (مکاشـــفە)دا دەگوزەرێ،
ئەگۆڕدرێ، دەبێتە چەند رەهەندی و دەگاتە چۆنایەتییەکی نوێ.
*

(بوون)، هیی ئەوانەیە کە خۆیان تەرخانی (بوون) کردووە،
لەم حاڵەتەشدا هیچ پەژارەیەك لە ئارادا نابێت..
ژیان، سەرتاسەر دەبێتە خۆشی و شادمانی.
*

ئەشق، ترس دەڕەوێنێتەوە،
وەکچۆن رووناکی، زوڵمەت دەتارێنێ،
گەر تەنانەت بۆ دەمێکیش ئاشق بووبیت،
ئەوا ترست رەویوەتەوەو بیر کردنەوەشت راوەستاوە.
بیر کردنەوە، لە ترسدا درێژەی دەبێ،
تا ترست زۆرتر بێـت، بەناچـار بـیر کردنـەوەت زۆرتـر دەبـێ.

*

ژیان، نالۆژیکییە.. سرکە.

لە ژیاندا، دژبەرەکان، دژبەر نین، تەواوکەرن،

ژیان، هیچ بڕوایەکی بە (یا ئەم)، (یا ئەو) نییە،

ژیان بڕوای بە هەردووکیان هەیە:

ڕۆژ دەبێتە شەو و شەویش بە ڕۆژ،

ڕۆژ و شەویش تێك دەئاڵێن و لەناو یەكدا دەتوێنەوە.

*

هیچکەس ناتوانێ واتای ژیانی خۆتت بۆ بکاتەوە،

ئەوە ژیانی تۆیە و واتاکەشی هەر بۆ خۆتە،

بەڵێ، ژیانی تۆیە و تەنها تۆ دەسڕەسیت پێی هەیە..

تەنها لە ژیاندایە کە ئەو نهێنییەت بۆ ئاشکرا دەبێت.

*

سروشتی بە، بەڵام ئاوێتەی وشیاری و ئاگایی

خوا بکەرە میوانی ژیانی سرووشتیی خۆت

خوا، لەگەڵ ژیانی سرووشتیی خۆتدا ئاشنا بکە

بخۆ.. بخەوە.. ئاشق بە.. رازونیاز بکە.. بچۆرە دنیای (مکاشفە)وە،

بەڵام وا بیر مەکەرەوە کە شتێکی تایبەت دادەهێنی،

یا کارێکی تایبەت ئەنجام دەدەی

لێرەدایە کە دەگەیتە تایبەتەکان و پێیانەوە پەیوەست دەبی.

*

لە بیرت نەچێت، ئەوە تەنها تۆ نییت بە دوای هەقیقەتەوەیت

هەقیقەتیش بە دوای تۆوەیە

سەدانجار دەستی هەقیقەت زۆر لێت نزیك بۆتەوە

هێندە نزیك، كە لە شانتی داوە

كەچی تۆ، شانت كێشاوەتەوەو هەڵاتوویت.

*

ژیان، هیچكات لەگەڵ باوەڕدا ناگونجێ

گەر هەوڵ بدەی ژیان لەگەڵ باوەڕەكانتدا ئاشت بكەیتەوە،

ئەوا كارێكی نەكراو و نامومكینت دەستداوەتێ

هەرگیز شتی وا ڕوو نادات

(زات)ی دیاردەكان حوكمێكی جیاوازتر لەمانەی هەیە

باوەڕەكان بخە لاوە و چۆنیەتیی ئەزموون كردن فێر بە

*

دوای ئاسمان بكە.. هەمووی هیی تۆیە

*

من، ئەمە بە پێگەیشتوویی زەین دەزانم:

گەر بە بێ هیچ پرسیارێك بڕوانیتە ژیان و،

تەنها بە نەترسی و بێ باكییەوە بپەڕیتە ناوی.

*

تەنها كێشەی ئێمە لەگەڵ غەم و بێچارەیی و تووڕەیی..
لەگەڵ بێ ئومێدی و دڵەڕاوكێ و چارە ڕەشی،
ئەوەیە كە دەمانەوێ لە شەڕی ئەوان رزگار بین
ئەمەش تاقە بەربەستە، ناچاری لەگەڵیان بژیت،
هەموویان، هەمان ئەو هەڵكەوتانەن،
كە ژیان پێیانەوە كامڵ دەبێت و گەشە دەكات.

*

مەزنێتیی ڕواڵەتی، مەعنەوییەت داناهێنێ
چونكە مەزنێتی، گەر ڕواڵەتی بوو
ئیتر مەزنێتی نییە
مەزنێتیی ڕواڵەتی، مردووە.. لاشەیەكی بێگیان
مەزنێتی ئەوكاتە مەزنێتییە كە (خۆبەخۆ) بێت
ئەوكاتە مەزنێتییە كە سرووشتی بێت نەك دەسكرد و ڕواڵەتی.

*

مرۆڤایەتیی ئایەندە، دەبێ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواش تێپەڕێنێ
مرۆڤایەتی لە رۆژهەڵات و رۆژاوادا، هەردووكی ناتەواو و ناتەبا بووە
من، نەلەگەڵ رۆژهەڵاتدام و نە لەگەڵ رۆژاواشدا

من، لەگەڵ جیهانێکی کامڵدام،

دنیایەك، کە هەر خۆی (گشت) بێت.

*

گۆڕینی ئەم جیهانە، بە خێزانێکی مەزن

بە زەریایەك لە ئەوین

تەنها ئایینێکە، کە بیری لێدەکەمەوە.

*

لە (حوزوور)دا بە، لەهەرکوێ هەیت

گرینگ نییە لەکوێ، تەواو لە (حوزوور)دا بە(حوزوور)ی تۆ

هەر جووڵەیەکی بچووك دەبێتە مەشخەڵێکی بە کڵپە

ئینجا دەبینی، سەرجەم ژیانت

دەبێتە کاروانێك لە نوور و ڕووناکی.

*

هیچ واتایەك لە ژیاندا نییە

واتا، دەبێ بخولقێنرێت

گەر خەلقت کرد، ئەوا واتات دۆزیوەتەوە

سەرەتا دەبێ دایبهێنی

نا.. بەردێك نییە کەوتبێ

ئاوازێکە و دەبێ بگوترێ.. کەرەستە نییە بایەخێکە،

تەنها بە پشتبەستن بە وشیاری دەستەبەری دەکەیت.

*

پێش مردن، تێبگە ژیان چییە

گەر پێش مردن، ژیان بناسی

مەرگ لە بەرەبەری ئەو ناسین و ئەزموونەدا دوور دەکەوێتەوە

مردن دەبێتە دووکەڵ و دەڕەوێتەوە

ئیدی مەرگێك بوونی نابێت..و

ژیان دەبێتە هەتاهەتایی.

*

ژیان، مەتەڵ نییە.. ژیان نهێنییەکە

دەکرێ وڵامی مەتەڵێك بدرێتەوە

نهێنی شتێکە، هیچکات وڵامی بۆ نادۆزرێتەوە

نهێنی، شتێکە، دەتوانی ئاوێتەی ببیت و لەگەڵی ببیتە یەك

دەتوانی تێکەڵی ببی

دەتوانی تێیدا بتوێیتەوەو خۆت ببیە نهێنی.

*

عەشقی راستەقینە، زۆرجار یەك چرکەیە

بەڵام، وەی لەو چرکەیە.

*

جیهان، هیچ کێشەیەکی نییە

**کێشە نەبوونی ئاگاییە**

**لە پێستی بێئاگاییدا وەرە دەرێ**

**نیگەرانی جێهێشتنی جیهان مەبە**

**جیهان چ زیانێکت پێدەگەیەنێت؟**

**بنەمای کار، کەشفکردنی تۆیە.. ئاگایی تۆیە.**

*****

**هاندەرم بۆ ژیان.. هاندەرم بۆ ئەشق**

**هاندەرم بۆ پێکەنین.. بۆ داهێنان**

**من دژی دەسلێهەڵگرتنی هەموو شتێکم بێجگە گەمژەیی و خورافات.**

*****

**زانست کەسب دەکرێ.. ناسین بۆ تۆیە**

**هیی خودی خۆتە.. رەسەنە**

**زانست، واتە هەبوونی زانیاری.. بەڵام ناسین گۆڕانە.**

*****

**هیچکات بڕوادار مەبە**

**هیچکات شوێنکەوتە مەبە**

**هیچکات مەبەرە بەشێك لە رێخراوێك**

**راست بە و راستگۆ بە لەگەڵ خۆتدا**

خیانەت لە خۆت مەکە.

*

وزەکانی ژیانی تۆ ناچالاکن

دەتوانن زیانت پێبگەیەنن و دەشتوانن یارمەتیت بدەن

هەمووی بە تۆوە بەندە

مەحکوومیان مەکە.. تۆ بەرپرسیاری.. بەڵێ، تەنها تۆ بەرپرسیاری.

*

ئەگەر شاد بیت، زەمەن هیچ واتایەکی نابێت

زەمەن دەسڕێتەوە.

*

هەمیشە {لەبواری وشەدا} هەژارم

بە سەد دڵەڕاوکێ وشەیەك دێنمە سەر زمانم

چونکە چاك دەزانم بەست نییە.. ناتەواوە

هیچ شتێك تەواو نییە

هەقیقەت، بەو بێ سنوورییە و وشەکانیش، بەو بچووکییە !

*

(شعوور)، بە واتای هەموو زانستی تۆیە

ئاگایی بە واتای بەتاڵ بوونە، بۆشایی تەواو..و

بزاوتن بەرەو ناوەوەی ژیان بە هەمان بۆشاییەوە

بینین لە نێوان ئەو بۆشییە و کرداریش هەر لە نێوان ئەو بۆشاییەوە

ئاوها کردارێك، جوانییەکی سەرنجڕاکێشی تێدایە..و

لە ئاوا کەشێکیشدا هەموو کارێکی تۆ چاك و جوانە.

*

ئەو پێوەرەی ئیمپراتۆریەت یا گەدایی کەسێك دەردەخات ئەمەیە:

ئەگەر لە ئایندەدا دەژی (بە تەمای ئایندەیت)، دەرۆزەکەرێك زیاتر نیت

ئەگەریش ئێستە و هەر لێرە دەژی، ئەوا تۆ ئیمپراتۆرێکیت.

*

ئەوانەی چێژ لە ژیانی ئەم چرکەساتە نابەن

حەزی ژیان لە ئایەندەیان لەسەردایە

حەز بۆ ژیان هەمیشە رووی لە ئایەندەیە

دواکەوتن، سروشتی ئەوانە، دەڵێن:

ناتوانین ئەمڕۆ چێژ بەرین.. قەینا سبەینێ چێژ دەبەین!

*

ئایەندە، زادەی بەدبەختیی تۆیە نەك زادەی شۆر و شادیت.

*

مەرگ، تەنها بەسەر مردووەکاندا دەڕووخێت

دووبـارەی دەکەمـەوە: مـەرگ تـەنها بەسـەر مردووەکانـدا دەڕووخێت

بەسەر ئەوانەدا کە پێشتر مردوون

مەرگ تەنها بەرەو ڕووی ئەوانە دەچێ

مرۆڤـی زینـدوو، (زینـدووی هـەقیقی) لـە سـنووری مـەرگ تێدەپەڕێت

لەسەرووی ئەو سنوورەوە باڵدەگرێتەوە

گوللەی مەرگ دێت، بەڵام لە نیشانەکەی نادات.

*

هەوڵ مەدە، مناڵێك بەرلە پیریی خۆی پیر بکەیت.. مەیشکێنە

ئەمە، هەمان ئەو شتەیە کە ئەمرۆکە لەم دنیایەدا دەیبینین

بەساڵاچووەکان، بەسـەر مناڵانـدا زاڵـن و دەیانـەوێ زووتـر و پێش ئەوکاتەی کە سرووشـت بـۆی دیـاریکردوون، لـە دەورانـی مناڵێتی وەدەریان نێن

ئەوانە، دەشکێنن و ورد دەکەن..و مناڵ،

مندالێتیی خۆی بۆ تاهەتایە لە دەست دەدات.

*

هەموو داکۆکیی من ئەوەیە کە چرکە بناسیت

هەرچی و هەر جۆرێك هەیە بیناسە و بە وزەوە تێیدا بژی

ئیدی، گەر گەنج بیت کاتی گەنجێتیت، ئەوا کاتی پیریش پیر دەبی

ئەمەش بە تەواوەتی لۆژیکییە، هەموو شتە چاك و خراپەکانی ژیان دەناسیت:

ڕۆژ و شەو.. هاوین و زستان.. هەموو، هەموو شتێکت دەبێت.

*

ئەوە تۆی، هەرتەنها تۆیت لە ئاکامدا

بەرپرسیاری ئەو شتەیت کە بۆت دێتە پێش

ئەمەت لە بیر بێت:

ئەگەر ناشادی، بەرپرسیار خۆتی

ئەگەر سەرلێشێواوی، بەرپرسیار خۆتی

بەڵێ، باری بەرپرسیارێتی، بە تەواوەتی بەسەر شانی خۆتەوەیە.

*

کاتێ هەقیقەت دێتە ڕوو،

هاوار ناکات.. بە بێدەنگی دەدرەوشێتەوە

هێندە لێوڕێژە، لە قاڵبی (واژە)کاندا قەتیس نابێ

درەنگ یا زوو، هەندێکەس هەوڵ دەدەن (جامە)ی وشەی لەر بکەن

و

له چوارچێوەیەكدا قالّبی بدەن

هەر ئەم هەوڵەشە كە دەیباتە كوشتارگە.

*

ئەگەر پێكەنین ئیفلیج بكەیت، گریانیشت ئیفلیج كردووە

تەنها كەسێك كە دەتوانێ جوان پێبكەنێت، دەشتوانێ جوان بگری

گەر بتوانی جوان پێبكەنیت و جوانیش بگریت، زیندوویت.

*

مردوو، نە دەتوانێ بگری نەش دەتوانێ پێبكەنێت

مردوو تەنها دەتوانێ وشك و جدی بێت

بڕوانە، سەیری (جەنازە) بكە

ئەو گەلێ باشتر لەتۆ دەتوانێ جدی بێت

ئەوە تەنها مرۆڤی زیندووە كە دەتوانێ پێبكەنێت و بگریت و شیوەن بكات.

*

ئایا سەرنجت داوە.. كاتێ لەناخی دڵەوە پێدەكەنیت،

بۆ چەند ساتێك دەكەویتە ناو (مكاشفە)ی قووڵەوە

لەوكاتەدا بیر كردنەوە ڕادەوەستێت

نا.. ئیمكانی نییە پێبكەنیت و لەهەمانحالّیشدا بیر بكەیتەوە.

*

کاتێ شتێك بەکەسێك دەبەخشیت، گەرچی لەوانەیە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێت،

بەڵام هەر ئەو پێشکەشییە..هەر ئەو بەخشینە خۆی چێژ و رەزامەندییەکی بێسنوورە

بیر لە کەسێك بکەوە کە هەموو ژیانی، بەخشینێکە..

هەر ساتێکی دابەشکردنێکە.. ئەو لە بەهەشتدا دەژیت.

*

پێش ئەوەی مەرگ لە دەرگە بدات،

هەرچیت هەیە دابەشی بکە

ئایا دەتوانی گۆرانییەکی جوان بچڕیت، بیچڕە و دابەشی بکە

ئایا دەتوانی وێنەیەکی جوان بکێشی، بیکێشە و دابەشی بکە

هەرچیت لەبەر دەستدا هەیە...

هیچکات، هیچکەسم نەبینیوە، هیچ شتێکی بۆ بەخشین و دابەشکردن نەبێت.

*

عاشقی خەڵك بە

ڕۆ بچۆرە ناو ڕۆحیانەوە و بگەڕێ

گەر وا بکەی، پێویستت بە سینەما نابێ..

خوێندنەوەت پێویست نابێت

هەموو مرۆڤێك، فیلم و چیرۆكی زۆری لەناو خۆیدا هەیە

بەڵام ئێمە گوێیان بۆ ڕانادێرین

ئێمە چاو نابڕینە ناوچاوی خەڵك..

دەستیان ناگرین و لەناو دەستماندا نایگوشین.

*

بپشكوێ

دەرك و دەلاقەكانی خۆت بكەوە

با، با و باران و هەتاو بێنە ناوەوە

با، خەڵك بێنە دەروونتەوە و تۆش ببیە میوانیان

ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی لە ڕەمزی سەرسووڕهێنەری (زیندەگی) تێبگەیت.

*

بژی.. بهێڵە هەرچی دەبێ با ببێت

گۆرانی بڵێ.. سەما بكە.. هاوار بكە.. بگری.. پێبكەنە

عاشق بە.. (مكاشفە) بكە.. پەیوەست بە.. تەنها بمێنەوە

بڕۆرە بازاڕ.. هەندێجاریش لە بیاباندا بمێنەوە

ژیان كورتخایەنە

ژیانت لێوڕێژ و تژی تێپەڕێنە تا دەتوانی

و

هەوڵبدە، لەبەرامبەر ئەم (نیاز)ەدا خۆت ڕاگری.

*

گرینگترین بەرپرسیارێتی، بەسەر شانی جەماوەر یا کلێسە یا هەرکەسیترەوە نییە

باری بەرپرسیارێتیی راستەقینە بە سەر شانی خۆتەوەیە

هەر بۆیەش ناچاری بە پێی ڕووناکایی خۆت و بەوچەشنەی (زیندەگی) ڕێبەرایەتیت دەکات،

ژیان بەریتە پێش، بەبێ هیچ سەودا و سازشێك.

*

لە بیرت بێت:..

تەنها مرۆڤی ناشاد هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ کە شادە

تەنها مرۆڤی خەمگین هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ کە خەمبار نییە

تەنها مرۆڤی مردوو هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ کە زیندووە

هەر تەنها ترسنۆکیشە هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ ئازایە.

*

هیچ بە ئایەندە مەسپێرە

سبەی، سبەی..

ئەم وشەیە لە واژەخانەی مێشکتدا بسڕەوە

سبەی بوونی نییە
ناتوانێ بوونی هەبێت
ئاوا چەمکێك لە (زات)ی دیاردەکاندا بوونی نییە
تەنها (ئەمڕۆ)یە کە هەیە.
*

ئاسمان بە بێ زەوی، بەتاڵە
ئاسمان بە بێ زەوی، ناتوانێ پێبکەنێت
زەوی بە بێ ئاسمان دەمرێت
هەردووکیان پێکەوە..و ئەنجا سەما دەسپێدەکات
زەوی و ئاسمان لەپاڵ یەکدیدا هەڵدەپەڕن
و
ئیدی پێکەنینە و شۆر و شادی..
جەژن دەسپێدەکات.
*

کاتێ بە تەواوەتی (باڵق) بوویت
ئەوسا سەرلەنوێ دەبیتەوە منداڵ
سەرلە نوێ ژیانت دەبێتەوە یاریکردن
چێژی لێدەبەیت.. لە ساتبەساتی.. نا، جدی نابیت
شەپۆلی قاقای پێکەنینێك لەناخی دڵتەوە سەرتاسەری ژیانت داده‌پۆشێت

زۆرتر لە سەمایەك دەچێت تا کارێك.

*

ئاگایی، ئەو تایبەتمەندییانەی تێدایە کە دەتوانێ ئەقڵ و گەمژەیی، هەردوو پێکەوە کۆبکاتەوە و هیچ دژبەرییەکیش نەیەتە ئاراوە

ئەقڵ و گەمژەیی، دەبنە دوو جەمسەری وزەی تۆ

ئیدی ئەوکات (صەمیمی/گەرم و گوڕ)یت نەك جدی

ئەوکات ئیدی، ڕاستگۆیت نەك شاد.

*

هیچ ناکۆکی و دژبەرییەك لەنێوان (مکاشفە) و ئەشقدا نییە

لە ڕاستیدا، بە (مکاشفە)ی زۆرتر، توانات لە ئەشقدا زۆرتر دەبێت

بە ئەشقی زۆرتریش، توانات لە (مکاشفە)دا پتر دەبێت.

*

یەکەمجار، سرووشتی بە

دواتر لە ڕووباری (سرووشتی)دا جاری دەبیت

و

ڕۆژێك دادێت، ڕووبار دەگاتە زەریای (ماوەرا/ئەوپەڕ)ی سرووشتی.

*

له نیوەی ڕێی فێربووندا بەجێت ناهێڵم

تا کۆتایی رێگاکە فێرت دەکەم

ئەوسا ئیدی، (تەوازن/هاوسەنگی) خۆی دەسپێدەکات.

*

(بوون)، تەنها یەك زەمەن دەناسێت: زەمەنی ئێستا

ئەو، زەمەنی ڕابردوو ناناسێت، چونکە ئیدی بوونی نییە

زەمەنی داهاتووش ناناسێت، چونکە هێشتا نەهاتووە.

بەڵام زەین، هەمیشە لە رابردوودا دەخولێتەوە، یانخود لە ئایندەدا سووڕ دەخوات

هیچکات لە (ئێستا)دا نییە.. وا نییە؟!

*

جوانی پووچە.. چێژ پووچە.. پێکەنین پووچە

تا دەتوانی لەم پووچانە کۆ بکەوە

خەڵك شتی سەیرسەیر کۆ دەکەنەوە.. پووڵی پۆستە

تۆ، خەزێنەیەك لە پووچەکان دابنێ

هەرچەند لەم پووچانە زۆرترت هەبن، دەوڵەمەندتری.

*

ژیان دیاردەیەکی ڕەمزاوییە

بەڵێ، پێکەنین بەشێك و گریانیش بەشێکیەتی

بەڕاستی خەمبار.. خراپ نییە جاروباریش خەمبار بیت
خەمباری، جوانیی تایبەتی خۆی هەیە
تەنها دەبێ فێری ئەوە ببی کە چۆن چێژ لە جوانیی خەمبار بوون بەریت،
لە بێدەنگییەکەی.. لە قووڵاییەکەی.

*

زەینی تۆ، دەمبەدەم پێشبینی دەکات.. خۆ دەنوێنێ
زەینی تۆ، هەردەم دەستوەردەداتە ڕاستی و ڕەنگی پێدەدات
شکڵ و شێوازێکی دەداتێ، کە هیی ئەو نییە
زەین، هیچکات ناهێڵێ تۆ هەر ئەوە ببینی کە هەیە
تەنها ئەوەندە ئیزنت دەداتێ، ئەوشتە ببینی، کە ئەوە دەیەوێت بیبینیت.

*

(مكاشفه) بە واتای وە لاوە خستنی زەینە..
بەجۆرێك، ئیدی نەتوانێ دەستوەربداتە ڕاستی
و
تۆش بتوانی دیاردەکان هەروەك خۆیان ببینی.

*

ئاستەمە بتوانی هەڵەکانی خۆت ببینی

تەنها ئەو کەسە دەتوانێ ئەم هەڵانە ببینێ، کە خۆی خۆش بوێت

گوێ مەدەرە قسەی خەڵکانیتر لەمەڕ خۆت

خۆت بڕوانە و ببینە: کێیت.. لە کوێیت.. هەڵەکانت لە کوێوەن

پەرجۆ ئەوەیە بە پشتبەستن بە ئاگایی خۆت هەڵەیەك بدۆزیتەوەو،

پاشان بتوانی ئەم هەڵەیە بسڕیتەوە و چارەسەری بکەیت.

*

خۆتت بوێت.. گەر خۆتت بوێت، ئەوا لەخۆ بوردوو دەبیت

سەرەتا لە قووڵایی خاکی (وجوود)تدا ڕەگ داکوتە

دواتر دەتوانی یارمەتیی خەڵکانیتر بدەیت.

*

هەرکات گوێت لە دەنگی (من) گرت،

زوو یا درەنگ دەدریسەری دەسپێدەکات

هەر دەبێ بە خۆت بڵێیت:

ڕێگەی (من) بە چارەڕەشی کۆتایی دێت...

هەرکاتێکیش گوێ بۆ سرووشت رادێری،

ئەوا بەرەو خۆشبەختی و ڕەزامەندی و بێدەنگی و بەختەوەری

هەنگاو دەنێیت.

*

تاکی زانا هەردەم لەگەڵ نیشانەی پرسیارێك دەژی

تاکێك، کە هەردەم لە سەرسامی و حەیرانیدایە،

لەگەڵ نیشانەی سەرسوورماندا دەژیت.

*

بۆ ئەوەی خاوەنی دڵێکی ئاشق بیت،

سەرێکت پێویستە کە کەمتر لەگەڵ (حسێب و کتێب)دا بێت

بۆ ئەوەی بتوانی بگەیتە توانای ئەشق،

دەبێ بتوانی سەرسام ببی

هەر بۆیەش هەمیشە گوتوومە:

سەرسامی و سادەیی منداڵانە

زۆر پەیوەستە بەو وزەیەوە کە پێیدەڵێین ئەشق.

*

بڕوانە.. بزانە چی دەکەیت و بۆچی.. چی دەڵێیت و بۆچی

ئەوکاتەیە کە سەرجەم ئەو یارییانە دەبینی، کە بە خەڵکانیتر

و نەك هەر بە خەڵکانیتر،

بەڵکوو بە خۆتت کردوون.

*

تەنها ئەوکاتە دەتوانی خزمەتی خەڵك بکەیت کە:

بوویتە مرۆڤێکی وشیار و ئاگا و پێگەیشتوو..

بەڵێ، تەنیا لەو حاڵەتەدا دەتوانی خزمەت بکەیت

چونکە ئەوکاتە ئیدی شتێکت هەیە بۆ دابەشکردن:

ئەشق.. میهرەبانی

ئەوکاتە ئیدی شتێکت هەیە یارمەتیدەرە:

دەرك.. ئاوەز.

*

ئارامش، تەنها کاتێك مسۆگەر دەبێت، کە زەین دوور بێـت لـە بیر کردنەوە

ئەگەر بێداریی تۆ بۆ رزگار بوونت بێت لە بیرکردنەوەکانت،

ئەوا ئارامشت دەستەبەر دەبێت

ئەمەش تاقانە ئارامشی راستەقینەیە لە جیهاندا.

*

ئەوەندەش بۆ خۆت سەختگیر مەبە

کەمێك میهرەبان بە

تۆزێك ئاشق بە.

*

دەبێ کۆڵەکەی ئەو پەرستگەیەی بینای دەکەیت،

ئاسوودەیی بێت و زەینی دوور و بەتاڵ لە بیرکردنەوە

کاتێ زەین لە بۆشاییدا بوو،

ئەوا بینای پەرستگەکەت تەواو بووە

لەناو ئاوا پەرستگەیەکیشدا،

تاقانە ئیزەدی پەرستراو (بێدەنگی)یە.

*

(ڕەت کردنەوە) هەمیشە دەبێتە هۆی پێکدادان..

پەسەند بکە

گەر ئاسوودەییت دەوێت، پەسەند کردن هەمیشە ڕێگەچارەیەیەتی

هەموو ئەو شتانە پەسەند بکە، لە دەوروبەرتدا ڕوو دەدەن

با ئەمە ببێتە (گشت)ێکی (زات)ی.

*

فەیلەسووف نیم

هەمیشە بە شاعیرم بزانە

ژیانم شاعیرانە بینیوە، چیرۆکێکی پڕ شۆر

ژیان ئاشقانەیە، وێنەیەك لە خەیاڵ

حەز دەکەم هەمووتان بە ئیزەد و خواوەند بانگ بکەم

حەز دەکەم (زات)ی ڕاستەقینەی خۆم ئاشکرا بکەم.

*

هێشتا نەمانتوانیوە کۆمەڵگەیەکی ئاوەزمەند بینا بکەین

چونکە نەمانتوانیوە (بوودا)گەلێکی زۆر دروست بکەین

بە لەدایبوونی (بوودا)ی زۆرتر لە جیهاندا،

ئیمکانی فڕینی مرۆڤایەتی بۆ لووتکە بەرزترەکانی بوون..

بۆ دەرك و ئەشق و میهرەبانی زۆرتر و ئاسانتر دەبێت.

*

هەقیقەت، پێشکەشییەکی ئامادەکراو نییە

هەقیقەت شتێکی شاراوەیە..و

دەبێ بە ئاگاییەکی زۆر و زۆرتر بە دوایدا بگەڕێیت

ناچاریت و هەردەبێ هەقیقەت لە قووڵایی ناخی خۆتدا و نەك هیچ شوێنێکیتر

بدۆزیتەوە.

*

بە کۆڵ هەڵگرتنی باری خوازیار و نەخوازیار

بەکۆڵ هەڵگرتنی باری دەمارگیرییەکانە

هەمووکەسیش ئەو بارانە بەکۆڵ هەڵدگرێت،

هەر بۆیەشە هیچ شتێك دڵت ڕازی ناکات.

*

هەموو رابردووت، کەسانیتر بەسەر تۆیاندا سەپاندووە

بۆیە چاك و خراپەکەی هیچ گرینگ نییە

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لەبیرت بێت،

ئەمە دۆزینەوەی تۆ نەبووە، بەڵکوو هەمووی ئەمەنانەتێك

بووە،

دەستی دووەم و دەستی سێیەم..

دەبێ خۆت بە تەواوی لە شەڕی ڕزگار بکەیت.

*

شادی، شتێکی رۆحییە

سەرچاوەکەی، جەستەی تۆ نییە

مرۆڤ دەتوانێ تەنانەت لە نەخۆشیشدا هەر شاد بێت

دەتوانێ تەنانەت کاتی مردنیش هەر شاد بێت

شادی شتێکی دەروونییە

چێژ و ئازار هەردووکیان لە جەستەوە هەڵدەقوڵێن

بەڵام شادی، تایبەتە بە (بوون).

*

مرۆڤ، دیاردەیەکی سەیرە..

دەچێتە سەر لووتکەی هیمالیا و دەستەمۆی خۆیی دەکات

زەریای هێمن دەدۆزێتەوە

سەفەری مانگ و مەڕیخ دەکات

تەنیا هەرێمێك هەیە کە ئەو هەرگیز هەوڵی دۆزینەوە و ناسینی نادات:

ئەویش جیهانی دەروونیی خۆیەتی.

*

مرۆڤی هۆشمەند، سەرەتا دەکەوێتە ڕێ بۆ دنیای دەروون

پێش ئەوەش بکەوێتە ڕێ، ناخی (وجوود) ورد ورد دەپێوێت

دەروون یەکەمین (خوان/مەنزڵ)ە

کاتێ خۆتت ناسی،

دەتوانی بڕۆیتە هەموو شوێنێکیتر

ئەوسا، بۆ هەرکوێ بڕۆیت، بەختەوەری لە گەڵتدایە.

*

پێویستت بە زەین هەیە، چونکە بەتەواوەتی ئاگا نییت

گەر بەتەواوەتی ئاگا بوویت، دەبیتە خاوەنی (بینش/روانگە/ بڕستی بینین)

بیر کردنەوە لە گۆڕێدا نییە.. کرداری تۆ، لە (بینش/ بڕستی بینینی)ی تۆوەیە

سەرچاوەی کردار، زەین نییە

کەواتە، دەبینی هیچ نیازێك بە زەین نییە.

*

جەژن، دەبێ سەرەتا لە ماڵی خۆتدا دەست پێبکرێت

دواتر، لەوێوە دەبێتە شەپۆلێکی سەرکەشی گشتگیر

و

هەموو (بوون) دەگرێتە خۆی.

*

ئەشق، ئەوەندە لێوڕێژە لە ڕێز و حورمەت کە ئازادی دەکاتە

دیاری

ئەشـق ئەگـەر ئـازادی لەگـەڵ خـۆی نـەهێنێ، ئەشـق نییـە.. شتێکیدیکەیە.

*

تەنها دوو تاك دەتوانن پەیوەندی ببەستن..

تەنها دوو تاك دەتـوانن بـەرەو ڕووی یەکـدی بـڕۆن و یەکـدی لـە ئامێز بگرن

تەنها دوو هیچ دەتوانن تێك بئالێن و لە یەکدیدا بتوێنەوە.

*

گەر نەتوانی (تەنها) بیت، پەیوەندیت درۆیینە

ئەمـە، تـەنها فێڵێکـە، تـا لـە تـەنهایی هـەڵبێیت.. هـەر ئەمـە و هیچیدی.

*

با پێت بڵێم، لە کۆمەڵگەیەکی نا ئازاددا دەتوانی ئازاد بیت

لە جیهانێکی چارەڕەشدا دەتوانی بەختەوەر بیت

هیچ بەربەستێك لە لایەن ئەوانیترەوە ناتوانێ لە ئارادا بێت..

تۆ دەتوانی بگۆڕێیت.. وەربچەرخێیت.

*

تاقە ڕێگەی لەنێو بردنی هەژاری،

بنیاتنانی ئاوا سامانێکە، تەماع و چاوچنۆکی لە واتا دا ببڕێت

کاتێ سامان بە ئەندازەی پێویست بێت،

هەژاری لە نێو دەچێت.

*

خواوەند یەك (تاكەكەس) نییە

بەڵكوو تاقە ئەزموونێكە، هەموو (بوون) دەكاتـە دیاردەیـەكی زیندوو..

تەنهایی ئەو گرینگ نییە..

ئەو لە ژیاندا دەژی..

ئەو ژیانەی كە لە جۆش و خرۆشدایە

كاتێ هەستت بەوە كرد كە دڵی (بوون) لێدەدات،

ئەوا خواوەندت دۆزیوەتەوە.

*

دەسهەڵگرتن لە زەین، واتە دەسهەڵگرتن لە ڕابردوو

لە گەڵ ئەویشدا، بە دڵنیاییەوە ئایەندە (مەحف) دەبێتەوە

دەسـهەڵگرتن لـە زەیـن واتـە بێـداریی كتـوپڕ و هـەبوون لـە ئێستادا،

ئێستاش، تاقە ڕاستییەكە، بوونی هەیە.

*

ڕابردوو، بوونی نییە.. داهاتووش هەروەتر،

ڕابردوو ئیتر نەماوە و ئایەندەش هێشتا نەهاتووە

تەنها ئێستایە كە هەیە

ئێستا هەمیشەییە.. تەنها ئێستایە کە زیندووە.

*

جیهان و هەموو (ناکویێ ئاوا)کان لەبیر بکە و ئیرادە بکە بۆ گۆڕینی خۆت

جوانی ئا لێرەدایە

گەر خۆت بگۆڕی، گۆڕینی جیهانت دەسپێکردووە

بە گۆڕانی تۆ، بەشێکی جیهان گۆڕدراوە.

*

لەبیرت بێت..

کاتێ دەسدەکەیتە تێکدان، ئەوا خۆیشت تێکدەدەیت

هەرکاتێکیش دادەهێنی: گۆرانییەك.. سەمایەك، ئەوا خۆیشت دەئافرێنی

رەهەندی نوێتر لە خۆتدا دەدۆزیتەوە.

*

زەین، تەنها کاتێ دەمێنێت، کە تۆ بە تەواوەتی لە ناو شتێکدا نەبی

لە هەموو کار و هەموو شتێکدا بە تەواوەتی ببە

تا زەینت نەتوانێ تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش ئازارت بدات.

*

ئەو، کە خاوەنی رۆحێکی یاخییە،

دەبێ ئاگاداری سەرجەم خواستە باڵاکان بێت، هەرچەندە کۆنیش بن

ئەو، بە پێی دەرك و ئاگایی خۆی وڵام دەداتەوە، نەك بە پێی هەلومەرجەکانی کۆمەڵگە

رستگاریی ڕاستەقینەش هەر ئەوەیە.

*

لە جەژندا لە بوون نزیکتر دەبیتەوە

چونکە بوون خۆی جەژنێکی دووبارەوە بووە

شادیی تۆ.. بێدەنگیت.. بەختەوەریت،

بێدەنگیی ئاسمان و ئەستێرەکان بە دیاری دێنێت

ئاشتیی تۆ لەگەڵ (بوون)دا

سەرجەم دەروازەکانی ڕەمزوڕازی ئەوت بە ڕوودا ئاوەڵا دەکات.

*

تەنها ئەو شتە دەتوانی لە گەڵ ئەوانیتردا دابەش بکەیت، کە هیی خۆتە

گەر چارەڕەش بیت، ئەوا چارەڕەشی دابەشدەکەیت

کاتێ دوو چارەڕەش پێکەوە بن..

چارەڕەشی دووچەندان نییە، بەڵکوو سەدچەندان دەبێتەوە

ئەم چوارچێوەیە بۆ بەختەوەرییش دەگونجێت

لە سەرجەم ئەزموونەکاندا، هەر ئەمە راست دەردەچێت.

*

سەرەتا بە ڕێگاکەدا بڕۆ

شارەزای سووچ و قوژبنەکانی ببە و بزانە دەگاتە کوێ

پاشان، بەم ناسینەیە کە دەتوانی دەستی حەڵکانیتر بگریت و ببیە ریبەریان.

*

هیچ پێویست ناکات خەمی ئەوانیتر بخۆیت

بیروبۆچوونی ئەوان هیچ گرینگ نییە

تاقە شتی گرینگ لە ژیاندا، ڕاو بۆچوونی خودی خۆتـە لەمـەڕ خۆت

ریزی خودی خۆتە لە خۆت.

*

مەزهەب، بۆ ڕۆحێکی مەزهەبی کۆپیکردنی پیرۆزی نییە

بەڵکوو مەزهەب لە پیرۆزییەتی (بوون)دایە

ئەو (نیایش)ە نییە کە ئایینە جۆربەجۆرەکان فێری دەکەن

بەڵکوو ڕەزامەندییەکە، مرۆڤ پێش ئاوابوونی هەتاو..

و

لە تاریکولێڵی بەرەبەیاندا هەستی پێدەکات

لە ڕەزامەندییەکدایە کـە تیایـدا، مـرۆڤ خـۆی بـە بەشـێك لـەم

(بوون)ە جوان و پەڕجۆئاسایە دەزانێت.

*

بۆچی ئەوەندە هەست بە ناخۆشی دەکەیت؟

بۆچی هەمیشە بە هەر هۆیەك یا بەبێ هیچ هۆیەك هەر ناشاد و ناڕازییت؟

تەنانەت گەر هەموو شتێکیش بە حەزی تۆ بێت، هێشتا هەر هەست بە کەمایەسی دەکەیت

دەزانی ونبووی تۆ چییە؟

هەرگیز گوێت لە (وجوود)ی خۆت ڕانەگرتووە.

*

ئەوەندە بەستە گوێ بدەیتە دەنگی دڵت..

ئەو، تاقانە مامۆستای تۆیە

لە سەفەری ڕاستەقینەی ژیاندا،

بینین و ناسینی تۆ، تاقە مامۆستاتە.

*

چێژ وەرگرتن لەو کارەی دەیکەیت..

ئەو ئامانجەی کە هەموو توانای خۆتی بۆ تەرخان دەکەیت..

ئەو شتەی ناتەوێ هیی هیچکەسیتر بێت..

ئەو شتەی دەتەوێ هەر ئەو بیت: ئاشتی لەگەڵ سرووشتدا..

ئەو ڕۆڵەی دەرهێنەر لەم شانۆیەدا پێتی داوە

و

تۆش ئامادە نیت ڕۆڵەکە بگۆڕیتەوە بە سەرۆکایەتیی کۆمار یا ئیمپراتۆریەتێك،
سەرەنجام دەتگەیەنێتە لووتکەی شادمانی.
*

هەقیقەت تەجروبە نییە
هەقیقەت کاتێکە هەموو ئەزموونەکان لە نێو چووبن
هەقیقەت (بوون)ی ناب و کامڵە.
*

بیرکردنەوە لە شتێك هاوکێشەیەکە
و
بوون بەو شتەی کە بیری لێدەکەیتەوە هاوکێشەیەکیدی
هەر ئەم (بوونە)ش ئامانجی ڕاستەقینەیە.
*

دەبێ بە ڕۆشنی درك بەوە بکەیت کە، تاقە یەك چرکەسات هەیە لە دەستی تۆدا بێت
چرکەساتێکی راستەقینە..
دووبارە و چەندبارە ئەو چرکەساتە بەدەسدێنیتەوە..
یا تێیدا دەژی
یانخود بە بێ ئەوەی تێیدا بژیت، لە دەستت دەچێت.
*

بۆ ئەوانە دەیانەوێ بژین، نەك بیر لە ژیان بکەنەوە

ئاشق بن، نەك لە بیریدا بن

هەبن، نەك خەیاڵ پلاوی لەبارەوە بکەن،

رێگایەکیتر لەبەر دەمدا نییە..

دەبێ چۆڕاوی چرکەساتی ئێستا بنۆشی..

دڵۆپ دڵۆپ دەبێ سەریکێشیت..

چونکە ئەم چرکەساتە دەگوزەرێت و ئیدی گەڕانەوەیەك لە گۆڕێدا نابێت.

*

مەرگ لە ژیان تێکگووشراو ترە

ژیان لە حەفتا هەشتا ساڵدا پرژوبڵاوە

مەرگ لە یەك چرکەساتدا روو دەدات

هێندە تێکگووشراوە، کە ئەگەر دروست ژیابیت،

دەتوانی رەمزی مردن بناسیت و بیکەیتەوە

رەمزی مەرگیش هیچ نییە جگە لە (پۆشش)ێك

لە ناخی نەمریدایە.. ژیانی ئەبەدیی تۆ.

***

# دەفتەری سێیەم

# ئەڵماسەکانی وشیاری

***ئەڵماسەکانی وشیاری***

- موراقەبە (مەدیتەیشن): چۆنیەتیی دەروونیی بوونی مرۆڤە کە لە بیر کراوە.. بینین و چاودێرییە.
- موراقەبە: واتە پەیوەستبوون و بوونە یەك لەگەڵ ژیاندا بۆ هەمیشە.. بینین واتە موراقەبە.
- موراقەبە: ئاسانە، بەڵام لە رێگەی هەوڵدانەوە بەدەست نایەت.
- موراقەبە: واتە بینینی ئەوەی هەیە بە بێ ناو.. موراقەبە واتە بینین و مانەوە لە بینیندا.
- موراقەبە: هونەری مانەوەیە لەگەڵ شتی بینراودا تەنانەت گەر بۆ چەند چرکەیەکیش بێت
- موراقەبە: واتە بزاوت بەرەو ناوەندی ناخ، واتە بەرەو (خود) کێشران.
- موراقەبە: هەوڵدانە بۆ نەهێشتنی ئەو شتانەی کە کۆمەڵگە خستوونیەتە ناو مێشکی تاکەوە.
- موراقەبە: واتە گەڕانەوەو تەجروبە کردنی دووبارەی پاکی.
- موراقەبە: واتە بێدەنگی.. بێدەنگییەك ئەوەندە بەربڵاوە کە تیایدا ون دەبیت.. ئیدی هیچ دەنگێك و هیچ حەزێکت نابێت.
- مانەوە لە (بێ خەیاڵی)دا.. ژیان لە شادی و ئازادەگیی بێ بڕانەوەدا.. بوونەوە بە منداڵ و بینینی نوێ، هونەری موراقەبەیە.

- گەر بتوانی سەیری گوڵێکی سوور بکەیت و هەرتەنها سەیری بکەیت و ناوی لێ نەنێیت و لەگەڵی بمێنیتەوە، ئەوا موراقەبەت کردووە.
- جووڵە، بزاوتەکانی زەینت لە موراقەبە دوور دەخاتەوە.. هەرکاتێ توانیت دابنیشیت و هیچ نەکەیت، ئەوا موراقەبەت کردووە.
- وزەی موراقەبە، هەر لەوێیە.. هیچکوێ ناڕوات.. نە پێش و نە پاش.. تەنیا لەگەڵ موراقەبەکاردایە.
- بیر کردنەوە (دەنگە) و موراقەبەش بێدەنگی و بێ زەینییە.
- تۆ، بە بێ زەین لە دایك بوویت.. زەینت، بەرهەمی داسەپێنراوی کۆمەڵگەی تۆیە.
- بیرکردنەوە، تەنیا دەتوانێ دەربارەی (ناسێنراو)ەکانەوە بێت.. (نەناسراو)ەکان هەمیشە کۆنن، هەر بۆیەش بیرکردنەوە هیچکات رەسەن نییە.
- چۆن دەتوانی دەربارەی نەناسراوەکانەوە بیر بکەیتەوە.. نەناسراوەکان هەمیشە لە دەرەوەی بیرکردنەوەدان.
- بیرکردنەوە پردێکە، تۆ لە خۆت دوور دەکاتەوەو لەناو بیرو زەیندا ونت دەکات.
- ئەگەر بیرکردنەوە نەبوو، ئەوا تۆ لە چرکەساتی (ئێستا)دا دەژیت و ئیدی رێگەیەك نییە تا لە (ئێرە و ئێستە) دابڕێیت.
- تاقانە زەمەنی راستەقینە، هەمان (چرکەسات)ی (ئێستا)یە.

- ئیشراق، وشیاریی بێ بیرکردنەوە.. خەوی بێدارییە.
- ئیشـراق، واتـە بتـوانی بـە بـێ ئـەوەی خـەوت لێبکـەوێت، بیرکردنەوەکانت رابوەستێنی و هێشتاش هەر وشیار بیت.
- بێداری و بیرکردنـەوە ئاسـانە.. خـەوتن و بیرکردنـەوەش هـەر ئاسـانە.. مـرۆڤ لـە داوی دەعبـای ئاسایشـدا، ئاسـانەکان هەڵدەبژێرێت و ئینجا دەکەوێتە هەڵدێرەوە.
- بێداری و بیرنەکردنەوە سەختە.. بەشێك نییە لە تەکامڵ.. ئەو رووەکەیتری شۆڕشە، رەوتێك کە خۆبەخۆ دروست نابێت.. دەبـێ بەدەستی بهێنی.
- گەر هێشتا رەنج دەکێشیت، ئـەوا هێشـتا نەگەیشـتوویتە ئـەو جێگەی دەبا بیگەیتێ.. درەخت شکۆفە دەدات و خۆشحاڵە، تەنها تۆوە کە لە رەنج و ئازاردایە.
- ببەرە درەخت.. تەنیا درەخت خۆشنوودە و جەژن دەگێڕێت.
- هەقیقـەت، ورتەیەکـە، تـەنیا ئەوکاتـە دەیبیسـتی کـە هـەر نەبیت.. هەقیقەت لە نەبوونی تۆدا بەرجەستە دەبێتەوە.
- ئەگەر تۆ ئامادە بیت، هەقیقەت پەنهانە و گـەر تـۆش پـەنهان بوویت، هەقیقەت ئامادەیە.
- موراقەبە، واتە هونەری پـەنهان بوون.. هەموو کـاری موراقەبـە ئەوەیە کە تۆ پەنهان بکات.
- دووبارە کردنەوەی زیکر موراقەبە نییە.. موراقەبە بە بێدەنگی

دەسپێدەكات نەك بە زیكر.

- زیكـــر، فكرێكـــە دەبێتـــە بەربەســـتی ســـەرهەڵدانی (999) فكریدیكە، هەركاتێ توانیت زیكریش بنێیتە لاوە، ئەوا بە موراقەبە گەیشتووی.
- تەنها كاتێ دەتوانی خوا بناسیت كە پرسی مـەرگ و ژیـان بـێ بۆت نەك پرسیار یا كونجكۆڵییەك.
- كاتێ هەموو ژیانت پەیوەست بوو بەم (پرس)ەوە، ئـەوا پـەی بە خوا دەبەیت و دەركی دەكەیت.
- دەزگا، شت دووبارە دەكاتەوە.. زەینـیش هـەر شـت دووبـارە دەكاتەوە.
- زەین، هەر خۆی دووبارە و دووپاتە دەكاتەوە و خەریكی ئـەو كارانە دەبێت كە خووی پێوە گرتوون.
- خـووی بـاش و خـراپ بـوونی نییـە، چـونكە هـەموو عـادەت و خوویەك خراپە.
- گەر بە راستی دەتەوێ مرۆڤ بیت، لە دووبـارەیی و دووپاتــەیی وەرە دەرەوە.
- وشیار بەرەوە.. ژیان بە پێی عادەت و خوو، ژیانێكی بێگیانی میكانیكییە.
- دیتنی هەڵەی ئەوانیتر ئاسانە.. هەڵەكانی خۆت ببینە.
- عاشق، هەڵەی ئەوانیتر نابینێت.
- زەین چالاكە و خەریكی چالاكییە، چالاكییش، واتە پـەیوەنـدی

بە شتی دەرەکییەوە.

- بە خۆ خەریك کردنت بەم و بەوەوە، خۆت لە بیر مەکە.
- تەنیا لە (بێدەنگیی حوزوور)دا هەست بە خۆت دەکەیت و دەتوانی لەگەڵ خۆتدا رووبەڕوو ببیتەوە.
- ناچالاکی، واتە ئاسوودەیی و ئاسوودەییش واتە فێر بوون.
- تۆ، تەنیا کاتێ فێری شتێك دەبیت کە ئاسوودە بیت.. فێرکاری تەنیا لە ئاسوودەییدا روو دەدات.
- خۆت فێر بکە، واتە ناچالاك بە، هەر تەنیا ببە و هیچکارێکیتر مەکە.. تۆ، هەر تەنیا، هەیت.
- هەرکاتێ بێدەنگ و بێ خەیاڵ بیت، ئاگاداری حوزووری نەرم و نیانی خۆت دەبیت.. ئەم بێدەنگییە مۆسیقایەکی زۆرزۆر نەرم و نیانە.
- ئەگەر هەست بەوە بکەیت کە لە حاڵی مردندایت، ئەوا ئارام و بێدەنگ دەبیت، ئیدی هیچ نیگەرانییەك بوونی نییە.
- هەموو نیگەرانییەکان بەهۆی ژیانەوەن، کاتێ دەزانی رۆژێك دەمری، ئیدی بۆچی دەبێ نیگەران بیت.. ئیدی نیگەرانی چی دەبیت؟.
- سەیر بکە، واتە بیر مەکەرەوە.. ئەگەر بیر بکەیتەوە، ئەوە ئیتر سەیر کردن نییە و ئەو کاتەش هەموو شتێك ئالوودە دەکەیت.

- هەقیقەت وەر بگرە.. میواندار بە، میواندارێکی رووخۆش.
- بۆ میوانداریی هەقیقەت، پێویست نییە هیچ کارێك بکەیت.. هەرتەنیا (ببە)، میوانداری رووخۆشبە.
- موراقەبە، واتە نەکردنی هیچ کارێك و چاوەڕوان بوونی نەناسراوەکان.
- شتێك هەڵبژێرە، لێی ورد بەوە، هەموو زەینی خۆتی بۆ تەرخان بکە تا ئەو شتە دەبێتە وێنەیەکی دەروونی.. ئینجا چاوت بقووجێنە.. چاوت لەو شتە دوور بخەرەوە و شتەکە ئەوندە لە پێش چاوی قووجاوت دوور بخەرەوە تا تەواو ون ببێت.. ئەوکاتەیە کە تۆ هەیت، لە تەنیایی راستەقینەی خۆتدا هەیت.. لە تەواوەتیی پاکی و خاوێنیی خۆتدا هەیت.. ئەمەش ئازادی و هەقیقەتە.
- (مەنفی/ نەرێنی/ نیگەتیڤ)، واتە ئەوەی کە شتێك دەبێ فڕێ بدرێتە دوورەوە.
- ناتوانی لە ژوورێکی پڕ لە کەلوپەلدا درك بە فەزای ژوورەکە بکەیت.. کاتێ ژوورەکەت چۆڵ کرد، ئەوا فەزا راستەقینەکەی کەشف دەکەیت.. فەزایەك، پێش ئەمەش هەبوو بەڵام ئاخنرابوو و نەدەبینرا.
- (مەنفی) بوون، واتە خۆ بەتاڵ کردنەوە.. واتە ئەنجام نەدانی هیچ کارێك.
- ئەو شتەی هەوڵی کەشف کردنی دەدەیت، هەر لە پێشوترەوە

لە خۆتدایە.

- زەینت لەو کەلوپەلە بەتاڵ بکەرەوە کە هەمان فکرەکانی تۆن.. ئینجا زەینت دەبێتە ئەو فەزا بۆشە و ئەوکاتەش رۆحی تۆ بوونی دەبێت.
- تەسلیم بە، تەنیا کاتێك کە تەسلیم بیت دەتوانی پێ بنێیتە ناو نەناسراوەکان و ناسراوەکان تەرك بکەیت.
- نەناسراوەکان، تازە و رەسەنن و دوورن لە زەین.. ناسراوەکان کۆنەن، بۆیە باشترە نوێ بیتەوە.
- گەر دەتەوێ بگەیتە خوا، دەبێ لە زەین تێپەڕی.. ناسراوەکان تێپەڕێنیت و بگەیتە نەناسراوەکان.
- رۆژێك دەگات زەین نەناسراوەکانیش دەناسێت، کەواتە لە ناسراو و نەناسراوەکانیش تێپەڕە.
- بڕۆرە دیوی ئەو دیوەوە.. بڕۆرە بێ خواستیی خواستەکانەوە
- بۆ ژیانێکی رەسەن و راستەقینە، کەسێتییەکی راستەقینە پێویستە
- سەرجەم (رۆڵ)ەکانی تۆ لە ژیاندا، کەسێتییەکت بۆ دروست دەکەن، بەڵام تۆ، هیچکام لەو کەسێتی و رۆڵانەت نیت
- تۆ، هیچ کەسێتییەکت نییە، ئا ئەمەیە کەسێتیی راستەقینەت
- بۆ دروست کردنی کەسێتییەکی راستەقینە، هیچ پێویستت بە کەسێتییەکی تایبەت نییە

- ئەگەر کەسێتی دروست بکەیت، ئەوا بە تەنیا کەسێتییەکی درۆیینی دیکەت بۆ خۆت داتاشیوە و ئەمەشیان هەر نابێتە کەسێتیی راستەقینەت
- کەسێتیی راستەقینەی تۆ، هەر بە تەنها بوونی هەیە، کاری تۆ تەنیا ناسینەوەیەتی نەك دروستکردنی
- دەست لە خۆ هەڵواسین بە کەسێتییە درۆیینەکان هەڵگرە، ئینجا دەبینی درۆیینەکان تێکدەڕووخێن و ئەوەی دەمێنێتەوە، هەمان راستەقینەیە
- تۆ، بیرو زەینی خۆت نیت، لەگەڵ بیرکردنەوەکانتدا بەشەڕ مەیە و هاوڕایشیان مەبە
- ئەگەر لەگەڵ فکرەکانتدا بەشەڕ بێیت، ئەوا فکرێکیترت دروست کردووە و گەر هاوڕایشیان بیت، ئەوا شناسی هەمان ئەو فکرەت وەرگرتووە
- وشیار بە، بە چاوێکی دوور لە دەمارگیری بڕوانە، هەر تەنها بە بێ لایەنگری ببینە
- وشیار بە، وەسفی چاك و خراپ مەدەرە پاڵ بیرکردنەوەکانت، تۆ بینەری نەك داوەر
- موراقەبە کار هیچ فکرێك سەرکوت ناکات، ئەو، هەرتەنیا بە سادەیی دەیبینێت
- بۆ موراقەبە کردن هیچ پێویستت بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی و روانگەیەکی تایبەت نییە، تەنیا مرۆڤێکی ساکار بە

- سەیری فکرەکانت بکە، با بینینەکەت بینینێکی خالیس بێت
- بە بێ لێکدانەوە و شیکاری سەیری فکرەکانت بکە، هەروەکوو جوولآن و رۆیشتنی رۆخانەیەك ببینە
- لە نێوان دوو فکردا: کاتێ یەکیان رۆیشتووە و ئەویتر هێشتا دروست نەکراوە، خۆت لە پاکیتدا دەبینیتەوە
- خوو مەگرە.. هەرکات خووت بە کارێکەوە گرت، ئەوا ئیدی سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەو کارە وشیار نییت.. ئەو کارەش دەبێتە پیشەیەکی میکانیکی.. وەکوو رۆبۆتێك کە کارێك دووبارە و چەندبارە دەکاتەوە
- وشیار و ئاگادار بە تا بتوانی ببینیت و چاودێر بیت، بە پێچەوانەوە، رۆبۆتەکەی ناخت هەموو شتێك میکانیکیانە ئەنجام دەدات و دەبێتە حاکم.. تەنیا کاتێ دەتوانی خۆت ببیتە حاکم، کە وشیار و بە ئاگا بیت
- ئەگەر هەموو کارێکت بە وشیاریی تەواوەوە ئەنجام بدەیت، تەنانەت رۆیشتن.. خواردن.. بینین.. ئاخافتن و...، ئەوا ئیتر هیچ زەینێکت نابێت چونکە هەموو وشیارییەکەت تەرخان بووە بۆ کردارە وشیارانەکەت
- تەنها کاتێ توانیت هەموو چرکەیەك وشیار بیت، زەینت دەچێتە لاوە و ئەوکاتەشە کە رەسەن دەبیت
- هەمیشە و هەردەم وشیار بە.. بۆ ئەمەش بە ئەنجامدانی

وشـیارانەی كـارە سـادەكانەوە دەسـپێبكە، دواتـر دەبینـی كـە هەرخۆت دەتوانی كارە قورس و كێشەدارەكانیش ئەنجام بدەیت

- بیانووی (بە دەستی خۆم نەبوو)، پیشاندەری ناوشیاریی تۆ و حاكمییەتی رۆبۆتەكەی ناختە
- ژیـان سەرتاسـەری بـە یەكپارچـەیی، پاكییـە، پـاكی واتـە بێتاوانی، بێتاوانییەك كە هیچ فەرق و جیاوازییەك هەڵناگرێت
- پاكی، باڵاترین و بەرزترینەكان بۆ مرۆڤ دەخوازێت
- لە پاكیدا، تۆ بۆت نییە خراپەی ئەوانیتر بلێیت و خراپییەكانی ئەوانیدی ببینی
- هەوڵ مەدە ژیان دابەش بكـەیت.. دابەشـكردنی ژیـان بـە دوو بەشی چاك و خراپ، ناپاكی دروست دەكات
- ئەگەر دەست لە باسی چـاك و خـراپ هـەڵبگری، ئـیتر دەبیتـە خاوەنی روانگەیەكی پاكی بێ تاوانانە، هەر وەكوو منداڵێك
- چاو لە چاكەی ئەوانیتر بكە و هاندەری لایەنە چاكەكانیان بە
- (تەعریف) مەكە.. تاریف كردنـەكان بشـێوی دروسـت دەكـەن چونكە تاریف كردن، واتە دابەش كردن
- ئەگــەر كەوتیتــە دابــەش كــردن، ئــەوا جیاكاریــت دروســت كردووە.. دوانەییت داهێناوە، كەچی ژیان و بوون تاقانەیە
- پاكی، واتە بەخشین لە خۆتەوە بۆ هەموان بە بێ چاوەڕوانیی پاداشتێك
- زەیــن پــڕە لــە یاســا و داب و دەســتوور، یاســا و داب و

دەستوورێك كە هیچ رەسەن نیە و كۆمەڵگە بەسەریدا سەپاندوون

- بۆ ژیانی رەسەن، پاكی بەستە.. پاكی بەرز و باڵاترە لە هەموو یاسا و دیسپلینێك
- سەقام و دیسپلین لەم دنیایەدا بۆماوەییە، كاتێ هەوڵ بدەیت سەقام و دیسپلین جێگیر بكەیت، ئەوا دەبیتە هۆی بشێوی و ناسەقامگیری
- گەشە كردن شتێكی ساكار و سروشتییە و پێویستی بە هیچ دیسپلینێكی داسەپاو نییە
- دیسپلینی خۆڕسك و سروشتی بەستە.. یاسای دەروون بەستە.. ئیدی هیچ نیازێك بە یاسایەكیدی نییە
- یا بەتەواوەتی قبوولم بكە یا بە تەواوەتی رەتم بكەوە بەڵام هەوڵ مەدە دابەشم بكەیت چونكە بەم كارەت، تەنیا درۆیەكت داتاشیوە
- مرۆڤ، یەكبوون و یەكیەتییەكی زۆر قووڵە
- قبووڵكردنی خۆت وەكچۆن هەیت، دەرفەتی گەشەت پێدەبەخشێت.. گەشەی خۆڕسك نەك گەشەیەكی هەڵبژێردراوی دەرهێنراو
- با گەشەیەكی خۆڕسك و رەسەن بكەیت، وەكوو درەختێك لە كوێستانێكی سەختدا، نەك لە باخچەیەكی بچووكدا
- بوونی مرۆڤ یەكەیەكی جیا نەكراوەیە، هەروا كە عەشق بە

هیی خۆت دەزانی، کینەش هەر بە هیی خۆت بزانە، چونکە عەشق و کینە دوو ڕووی یەك دراون

- هەرکاتێ بڕوات بەوە هێنا کە چی خراپە و ناشیرینییە هیی تۆیە و تۆ خۆت هەموویانیت، هەروا کە بڕوات هێناوە هەرچی جوانی و چاکەیە هیی تۆیە و تۆ خۆت هەموویانیت، ئینجا دەتوانی بگەیتە گەشە و پاڵفتە بوون
- ناتوانی لە بیرێکی وشکدا ئاو دەر بهێنی.. بەمپێیەش، بزانە کە ئەگەر رق لە ناختدا نەبێت، ئەوا هیچکەس ناتوانێ لێتی دەر بخات
- مرۆڤی چاوچنۆك، هەمیشە تەسلیمی چاوچنۆکییەکیتر دەبێت
- لەگەڵ خۆت بمێنەوە.. هەرچی هەیت خۆت قبووڵ بکە
- نە خۆت تاوانبار بکە و نە ئوانیتریش، تاوانبار کردن بێسوودە و هیچ شتێك ناگۆڕێت
- تووڕەیی و تموح و هەوەسەکانت سەرکوت مەکە، هەرتەنیا سەبارەت بەوان وشیار و بەئاگا بە
- ئەگەر کاتێ تووڕە دەبیت، خۆت وا بخەیتە ناو تووڕەییەوە کە ببیتە (تووڕەیی) نەك (تووڕە)، هەرکاتێکیش لە قین و تووڕەییدا کەوتیتە شەپۆلدان و کتوپڕ لێی ئاگادار بوویتەوە، ئینجا دەزانی تووڕەیی چ ئاکارێکی گاڵتەجاڕانەیە، ئەوکاتە دەتوانی بە خۆت پێبکەنیت چونکە گەیشتوویتەتە دەرەوەی خۆت و ئیدی رق و قین هیچکات ناتوانێ بەسەرتدا زاڵ ببێت

- زەینی مرۆڤ دەزگایەکە بۆ خواستن.. هەمیشە داواکار و خوازیارە.. هەردەم بە شوێنی شتێکەوەیەو خوازیاری شتێکیتریشە
- زەین، هەمیشە لە ئایەندەدایە و بۆ جوولآن و بە ڕێکەوتن، پێویستی بە زەمەن دەبێت
- زەین، یا لە ئایەندەدایە یا لە رابردوودا، بەلآم هەقیقەت هەمیشە لە چرکەساتی (ئێستا)دایە
- زەین ناتوانێ هەقیقەت بناسێت چونکە هەقیقەت لە چرکەساتی ئێستادایە نەك لە ئایەندە یا رابردوودا
- نابێ بەدوای هەقیقەتدا بگەڕێیت چونکە ئەگەر هاتو بەدوایدا گەڕایت، ئەوا چرکەساتی ئێستات لە کیس داوە
- ناکرێ بەدوای هەقیقەتدا بگەڕێی بەلآم دەتوانی بیدۆزیتەوە
- داوا مەکە، لە دەست دەدەیت.. داوا مەکە و بەدەست بهێنە
- هەقیقەت (لێرە/ ئێستە)یە، پێویست ناکات بۆی بگەڕێی
- هەرکاتێ زەین لە ئایەندە یا لە رابردوودا نەبوو، ئەوا هەقیقەت ئاشکرا دەبێت
- ناکرێ نا، سرشتی زەین نزیکی پیرۆزییەت نابێتەوە
- زەین زەمەن و مێژوە.. لێوڕێژە لە ناسراوەکان.. زەین، واتە رابردوو
- زەین، هەمیشە درۆ دەکات، چونکە هیچکات لە چرکەساتی

ئێستادا بوونی نییە

- خێر، بەرهەمی موراقەبەیە و شەڕ بەرهەمی زەین
- هیچـکەس لـە ژیانـدا ناچـالاك نییـە: یـا بنیـات دەنێـی یـا تێکدەدەیت.. یا لە ناو زەیندای یا لەدەرەوەی زەیندا
- ئەگەر لە دەرەوەی زەیندا بـژییت، داهێنـەر دەبیـت.. خـەریك بوون بە موراقەبە، واتە داهێنەرایەتی
- ئەگەر لـە دەرەوەی زەیـن بیـت، هـەرکارێك دەیکـەی جـوان و چاکە و خێر و خۆشی بە گێتی دەبەخشێت
- ئەگەر لە زەیندا بیت، گێتی ناشیرین دەکەیت
- زەین، رابردووە.. تاقە زەمەنی راستەقینە هەمان (ئێستا)یە
- زەمەنی (ئێستا) دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە خواوەند
- خواوەند رابردوو و ئایەندە نییـە.. خـوا هـەر هەمیشـە هـەمان (ئێستا)یە
- خواوەند واتە بوون.. بوونیش واتە هەر ئێستا
- تۆ خواوەندت ون کردووە، چونکە لە رابردوودا بۆی دەگەڕێی، خوا هەمیشە لە ئیستادایە
- خواوەنـــد تـــەنها زەمـــەنێك دەناســـێت: (ئێســـتا) و تاقـــە شوێنێکیش: (ئێرە)
- تۆ هەمیشە لە نـاو فکرەکانتـدا لـە شـوێنێکی دیکـەدایت.. لـە زەمەنی ئێستادا بە و بزانە کە شوێنی پیرۆزیش هەمان ئێرەیە
- زەینت فڕێ بدە.. تاقە شتێك شـیاوی دوورخسـتنەوە و تـەرك

کردن بێت، هەمان زەینە

- خۆت لە تەنیایی موتڵەقی خۆتدا بناسەوە، ئینجا ژیانت خۆش دەبێت و بەرەکەتی تێدەکەوێت
- بەتاڵ/خاڵی ببەوە.. تەنیا ئەوکاتە رزگارت دەبێت کە زەینت خاڵی بووبێتەوە
- هەرچەندە زەینت پڕتر بێت، تۆ قورستر دەبی.. بەم بارە قورس و گرانەوە دەرفەت و توانای جووڵانەوەت نابێت
- هەمیشە شتێك پڕ دەبێت، کە سەرەتا خاڵییە.. زەینی خۆت لە هەموو بڕوا و بیرکردنەوە کۆنەکان بەتاڵ بکەوە، ئینجا دەبینی کە پڕ دەبێت لە هەقیقەت
- تۆ، لە خەودای.. هەرکاتێ زانیاری و بیروبڕوا و فکرەکانت پاك بوونەوە، ئەوا تۆش بێدار دەبیتەوە
- هەرکاتێ توانیت هەموو شتێك وەکچۆن هەیە هەر ئاوا وەك خۆی ببینی، نەك بەوجۆرەی کە حەزدەکەیت ببێت، ئەوا بێدارەوە بوویت و ئەوکاتەش ئیدی روو لە هەرکوێ بکەیت، بەهەشتە
- (خود) ناسین کەشفی نهێنییەکان نییە.. نهێنیی ئالوودەتر بوونی ژیانە
- خود ناسین، بینینی ژیانە بە چاوی منداڵێك، کە هیچ نازانێت و هەر خەریکی پرسیار کردنە
- مرۆڤی سادە و زانستزەدە لە ناوشیاریی موتڵەقدا دەژی، هیچ

شتێك تووشی سەرسووڕمانی ناكات.. ئەو، شارەزای سەرجەم وڵامەكانە

- زەین بەشێكە لە كاردانەوەی جەستە، زەین و جەستەش بەهۆی مەرگەوە لە ناو دەچن بەڵام تۆ هەروا دەمێنیت و زیندوویت
- تۆ بە ئاگایت و دەمێنیت و ئەمەش هەمان وشیاریی تۆیە.. كاتێ ئەم راستییەت زانی، ئەوا لەخۆشیدا دەكەویتە سەما
- ئاگایی دەتخاتە هەلەكەسەما چونكە بۆ یەكەمجار تێدەگەیت كە: ئازادی چییە؟
- نەخۆشیی دەروونی و زەینی بوونی نییە، لە راستیدا زەین خۆی نەخۆشییە.. زەین هیچوەخت ناتوانێ تەندروست بێت
- مرۆڤ، تا نەگاتە دەرەوەی زەین، شێتە.. زەین خودی شێتییە
- تا ئەو كاتەی نەگەیتە دەرەوەی خۆت، هیچ شتێكی بەنرخ و گرینگ روو نادات
- تا ئەوكاتەی نەگەیتە شتێك لەدەرەوەی خۆتدا، ژیان هیچ واتایەكی بۆت نابێت
- ئەگەر بتوانی هەست بە چارەڕەشی بكەیت، دەشتوانی هەست بە بەختەوەری بكەیت
- ئەگەر مرۆڤ بتوانێ تاریكایی ببینێت، چاوی دیتنی هەیە، ئاوا كەسێك دەشتوانێ رووناكایی راستەقینە ببینێت
- ئەگەر لە زەیندا بژی، دەتوانی بەختەوەری بناسی بەڵام

ناتوانی بەختەوەر ببی

- هەرکاتێ گەیشتیتە دەرەوەی زەین، ئەوا دەتوانی هەم بەختەوەری بناسیت و هەمیش بەختەوەر بیت
- ئەگەر بە تەواوەتی ببیتە جەستە، دەتوانی بەختەوەر بیت بەڵام ئەوکاتە وەکوو باڵدار و ئاژەڵەکان ناتوانی ئەو خۆشبەختییەت بناسی.. گەر بتوانی بچیتە دەرەوەی رۆح، ئەوکاتە هەم خۆشبەخت دەبیت و هەمیش خۆشبەختییەکەت دەناسیت. بەڵام ئەگەر لە ناونجدا بمێنیتەوە، ئەوا گێرەوکێشەت هەیە چونکە لە راستیدا زەین نابێتە کۆتایی هاوکێشەکان
- زەین، رێسمانێکە لە نێوان دوو راستیدا: (جەستە و رۆح)، تۆ (بەندبان)ێکیت و بەندبازیش ناتوانێ لە ئاسوودەییدا بێت. کەواتە، یا پێش بکەوەو ببەرە رۆح یا بگەڕێوە دواوەو ببەرە جەستە
- دوو چەشنە بێدەنگی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە تێیدا زەین بێدەنگ بووبێت و ئەویتریش کاتێکە زەینت بوونی نەبێت
- لە ئارامشی زەینیدا زەین بوونی هەیە، ئەوەندە هەیە کە زۆر شێت نییە.. گوڕوتینی شێتییەکەی کەم بۆتەوە.. زەین، وەکوو رووبارێك هەردەم لە جووڵە و بزاوتدایە
- دوو رێگا لە بەرامبەر تۆ و زەیندا هەیە: یا لەگەڵی بجەنگیت یا پەروەردەی بکەیت..یەکەمیان دەگاتە سەرکوتکردن و ئەویدیش بە گەیشتنە (شناس) کۆتایی دێت

- ئەگەر لەگەڵ زەیندا بجەنگی، ئەوا وزەیەکی زۆرت داوەتێ
- جەستە، هیچکات تەندروست نییە.. ئەگەر تەندروست بوایە، ئەوا (فانی) نەدەبوو. لە راستیدا تەدروستی رێژەییە و ناتوانێ موتڵەق بێت، هەر بۆیەش دەکرێ نەخۆشین لێکبدرێتەوە بەڵام تەندروستی نا، چونکە هەر بە راستی جەستە هیچوەخت ناتوانێ بە تەواوەتی تەندروست بێت
- ژیان و مەرگ، دوو کۆتایی نین کە لەیەك دوور بن، ئەم دوانە وەکوو دوو قاچن کە هەمیشە پێکەوە و لەگەڵ یەکدا دەڕۆن.. هەردوکیشیان هیی تۆن
- زەین، مەحکومە بە بشێوی و پەرێشانی، بۆیە هیچوەخت ناتوانێ تەندروست بێت.. زەین، خۆی خودی نەخۆشییە
- زەین، ئەڵقەیەکە لە نێوان جەستە و ناجەستە، مادە و نامادە، مەرگ و ژیان.. زەین پردی نێوان دوو دژبەرە، هەربۆیەش هەردەم لە بشێویدایە و ناتوانێ ئاسوودە بێت
- زەین وەکوو چاڵمەی کاتژمێری دیوارییە، بەردەوام لەملاوە بۆ ئەو لا لە سووڕاندایە
- زەین رەوتە نەك شتێکیتر.. شتێك لە دەروونی تۆدا نییە بەناوی زەین، ئەوەی هەیە رەوتێکە ناوی زەینی لێ نراوە
- رەوت واتە کێشمەکێش.. رەوت، ناتوانێ ئارام بێت.. هەر هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزدایە
- زەین، هەمیشە لە جووڵە و بزاوتدایە لە نێوان رابردوو و

ئایەندەدا

- (زەینییەت) رەوتێکی ئاڵۆزە، مرۆڤ بۆ هەڵاتن لەم رەوتە ئاڵۆزەیە کە هەمیشە خۆی سەرقاڵ دەکات.. هەموو شتێك دەکات و هیچکات بێدەنگ نامێنێ، چونکە ئەگەر بێدەنگ بوو، ئەوا سەبارەت بە رەوتی پڕ کێشەی دەروونی خۆی ئاگادار دەبێتەوە و ئەمەش، زۆر ئازاری دەدات
- مرۆڤ، راهاتووە لە خۆی هەڵبێت.. هەمیشە لە بیری پەناگەیەکدایە، تەنانەت ئەگەر ئەم پەناگەیە خوێندنەوەی رۆژنامەیەك بێت ئەویش بۆ دەیانجار
- ئەگەر سەرقاڵ بیت، ئەوە لە موراقەبەدا نیت، موراقەبە واتە نەبووونی سەرقاڵی.. واتە لەگەڵ (خود) بوون
- تەنیا بە موراقەبە دەتوانی ئاگاداری رەوتە دەروونییەکانت بیت، زەینیش رەوتێکی سەرەکیی دەروونییە
- لە موراقەبەدا، فکرەکان هروژم ناهێنن.. ئەوان هەر هەمیشە هەن ئەویش بەو توندوتیژییەوە.. لە موراقەبەدا هەر تەنیا سەبارەت بەوان وشیار دەبیتەوە
- زەینییەت رەوتێکە و رەوتیش هەوڵدانە، ئەم هەوڵدانەش وزە و توانا لە نێو دەبات
- دووپاتە کردنەوەی زیکر موراقەبە نییە.. ئەمە، کارێکە وەکوو هەموو سەرقاڵییەکانیتر

- هەرکاتێ زیکرەکەت خستە لاوە، ئەوە خەریکی موراقەبەیت
- زەین لە دەرەوە دروست کراوە.. کاتێ لە دایك دەبیت، تەنیا شوێنێکت بۆ زەین تێدا هەیە بەڵام زەینت نییە
- کۆمەڵگە زەین دەداتە مرۆڤ.. زەینەکان جیاوازن چونکە کۆمەڵگە جیاوازەکان بۆ ئامانج و مەرامی جیاواز ئەوانیان پەروەردە کردوون
- زەینی پێشڕەو بوونی نییە.. زەین هەمیشە نەریتگەرا و کۆنە پارێزە چونکە بەهۆی رابردوو، کۆمەڵگە و خەڵکانیترەوە دروست کراوە و ئالوودەی ئامانجە تایبەتەکان بووە
- زەین هەمیشە کۆنە و ژیانیش هەردەم تازەیە
- زەینی مرۆڤێکی رۆژاوایی زۆرتر لە زەینی مرۆڤێکی رۆژهەلاتی گیرۆدەی کێشمەکێشە، چونکە تەکنەلۆژیا ئاوەها ئالۆگۆڕێکی گورج و گۆڵ بە ژیان دەدات کە زەین ناتوانێ لەگەڵی بڕواتە پێش
- زەین وەکوو ژوورێکی گەرمە.. بە هەموو شێوەیەك دەتوانی هەوای ناوەوەی بگۆڕی.. بەم حاڵەش هەرکارێك بکەیت، پێویستی بە چاودێری و پاراستنە و نیگەرانی دروست دەکات.. رێگەی باشتر ئەوەیە لە ژوورەکە بچیتە دەرەوە.. ئێمە زەینییەت لەبەر ئەوە دەناسین کە بتوانین دەرگای چوونەدەرەوەی ژوورەکە بدۆزینەوە.. ئێمە دانیشتووی ناو ژوورەکە نیین و دەمانەوێ بزانین چۆنچۆنی دەتوانین لێی بچینە دەر
- ئەگەر لە ژووری زەینییەت بچیتە دەرەوە، ئیدی دەگەیتە ژێر

ئاسمانی بەرین و بێسنووری ئاگایی و هەرگیز ناکەویتەوە بیری ژوورەکەت

- تا کاتێ لە ناو ژووری زەینتدا بیت، ناتوانی ئاسمانی ئاگایی ببینی
- تۆ ناتوانی زەینی خۆت بگۆڕی.. تۆ، تەنیا دەچیتە دەرەوەی زەینت و ئیدی هەموو شتێك بۆ خۆی دەگۆڕدرێت
- کاتێ چوویتە دەرەوەی زەینت، دەتوانی بشگەڕێیتەوە ناو ژوورەکەت، بەڵام ئەمجارەیان ژوورەکەت قەفەزێك نییە بەڵکوو ئامرازێکە و تۆ کەڵکی لێوەردەگری.. ئەوکاتە تۆ ئەربابی زەینی خۆتی
- زەین، هەم خزمەتکارێکی باشە و هەم ئەربابێکی دڵ ڕەقیش
- بێدەنگی دژی دەنگەدەنگە، بۆیە هەرکاتێ دەنگەدەنگ هەبوو، ئەوا بێدەنگی لە پشتەوەیەتی.. دەنگ بە بێ بێدەنگی ناتوانێ بوونی هەبێت.. ڕووی دیکەی دراوێکە
- ئەگەر بتوانی لە دەنگەکان وەکوو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە بێدەنگی کەڵکوەر بگریت، ئەوا گەیشتویتە موراقەبە
- زەین (کەلام)ە.. موراقەبە بێ زەینییە
- زەین، لێوڕێژە لە دەنگ، وشە و فکری جۆراوجۆر
- بۆ مەلە کردن لە دەریای بێ زەینیدا دەبێ زەین وەکوو سەکۆیەکی بازدان بۆ ناو ئاوەکە بەکار بەرین

- ئەگەر تۆ دەماربەرزییت فرێ بدەی، ئەوا رق و کینە بە جێت دێڵێ.. چونکە رق و کینە هیچ نییە بێجگە لەو دەماربەرزییەی تۆ
- نەفس بنێ لاوەو هەست بە جوانیی بێ نەفسی بکە
- نەفس هەروەکوو تاریکایی وایە.. تاریکایی، هیچ بوونێکی لە خۆی نییە، هەر تەنیا نەبوونی رووناکاییە
- گەر بتەوێ نەفس لا بەری، راستەوخۆ ناتوانی هیچکارێك بکەیت، بەڵکوو دەبێ رووناکایی بدۆزیتەوە، هەروا کە ئەگەر ویستت تاریکایی نەهێڵی دەبێ رووناکی دروست بکەیت
- نەفس (نەبوون)ە.. نەبوونی وشیاری و ئاگایی
- تۆ وشیار نییت بۆیەش نەفس حاکمە و هەربۆیەش تاریکایی هەر بەردەوامە
- نەفس، واتە (من جیاوازم).. دیارە ئەگەر وا بیر بکەیتەوە کە تۆ جیایت، ئەوا لە ناو (درۆ)دا دەژی
- داهێنان لە ناخی ئەزموونگەی هەقیقەتەوە سەرچاوە دەگرێت، هەقیقەتی یەکبوون
- دەبێ ئەم هەقیەقەتە بزانی کە تۆ جیا نییت، چونکە هەموو (بوون) یەکەیەکی تەواوی پێکەوە بەستراوە.. تۆ، دەبێ کراوە و لەبەر دەست بیت.. نابێ جیا بیت
- وە لا نانی نەفس، سەرەتا ئاستەم دەنوێنێ، بەڵام کاتێ وەلاوەت نا، تێدەگەی ئەم وەلاوەنانە یەکێکە لە شادیبەخشترین کارو چالاکییەکانی ژیان

- به شادییەوە نەفس وەلا نێ
- نەفس ئەفسانەیە.. هەقیقەت و راستی نییە
- نەفس ناوی جۆر بەجۆری هەنە، بە نموونە وەکوو (هێزی ئیرادە)، ئەمیش هیچ نییە جگە شێوازی جەنگ و داگیرکاری، مرۆڤ وا تێدەگات کە هەموو دنیا تەنها گۆڕەپانێکی جەنگە و هیچیدی
- زانست، هیچکات ناتوانێ سروشت داگیر بکات، وەکچۆن دەستێك ناتوانێ هەموو جەستە داگیر بکات.. ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەیت، هەر لەناو سروشتدایە، واتە هاوڕا و هەماهەنگ بوون لەگەڵی، ئەوکاتەشە کە ئارامش دێتە ئاراوە
- ئەوە نەفسە هەموو شتێك گەورە دەکاتەوە.. گەورە و زەقتر کردنەوە کاری نەفسە.. کاری زەینە
- نەفس، حەز دەکات نائاسایی بێت.. تەنانەت گەر بۆ رەنج و ئازار و زەحمەتیش بێت، هەر حەز دەکات لەوانیتر جیاواز بێت
- نەفس، ناوەرۆکێکی درۆیینە.. لە راستیدا بوونی نییە.. گەر نەفس هەیە، ئەوە هۆکارەکەی ناوشیاریی تۆیە.. تۆ ناوشیاریت و نازانی کێیت
- نەفس مەترسیدارە بۆت.. چونکە لە شتێکدا دەژیت کە بوونی نییە و ژیانی راستەقینە لە دەست دەدەیت
- پلەوپایە، پارەو سامان، هێز و دەسەلات بنەمایەکن بۆ دروست بوونی نەفس.. تا رێژەکەشیان زۆرتر بێت، ئەوا نەفس

چاوچنۆکانەتر خۆی دەنوێنێت و زیاتر داوا دەکات

- نەفس حەز دەکات زۆرتر و زۆرتر بێت.. هیچکات نەفس رازی و دڵخۆش نابێت

- هەرچەندە نەفس زۆرتر و گەورەتر بێت، تاریکایی زیاتر و وشیاری کەمتر دەبێتەوە، ئەوکاتەیە کە تۆ هەلێکی زێڕین لە دەست دەدەیت.. هەلی گەیشتن بە خواوەند.. دەرفەتێك بۆ ژیان لە هەقیقەتدا

- نەفس، لە راستیدا وەکوو توێکڵە هێلکەیە.. هەبوونی بۆ پاراستنی هێلکە پێویستە، بەڵام ئەگەر ویستی زۆرتر بیپارێزێت، ئەوا مەترسیدارە چونکە ئەوکاتە ئیدی دەبێتە بەربەستێك لە بەرانبەر گەشەی هێلکەکەدا و لە گەشەی دەخات

- نیگەرانی دنیا مەبە.. با دنیا خۆی نیگەرانی خۆی بێت

- ئەوەی تۆ ئارەزووی دەکەیت.. ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە و ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازیت، هیچیان گرینگ نیە.. ئەوەی گرینگە ئەو شتەیە کە تۆیت

- لە دنیا گەڕێ.. هەموو نیگەرانییەکانت فرامۆش بکە.. تۆ، هەر تەنیا بەرپرسیاری خۆتی.. گەر هەوڵی گۆڕینی جیهان بدەیت، ئەوا بشێویی زۆرتر دەنێیتەوە

- تۆ ناتوانی دنیا رووناك بکەیتەوە، بەڵام دەتوانی خۆت رووناك بکەیتەوە

- تەنیا رێگەیەك کە بتوانی جیهان رۆشن بکەیتەوە ئەوەیە کە

خۆت ببیتە رووناکایی

- نیگەرانی دنیا مەبە.. با دنیا نەبێتە جێ سەرنجت.. هەرچی نیگەرانتر بیت، بەرپرسیارێتییەکانت قورستر دەبن و هەرچی بەرپرسیارێتیت قورستر ببێت، زۆرتر هەست بە گەورەیی خۆت دەکەیت و نەفست زیاتر پەروەردە دەکەیت
- تەنیا بیر لە خۆت بکەوە.. ئەمە تاقە کارێکە ئەنجام دەدرێت.. ئینجا جیهان بەهۆی تۆوە دەگۆڕێت، بەڵام تۆ بیر لەمانەش مەکەوە.. دڵنیا بە کە بەو زانینەت ناتوانی هیچ کارێك بۆ ئەم دنیایە بکەیت
- وشیار بەوە و ئیدی هەموو شتێکی بە دوادا دێت
- نەفس بەدوای هێز و دەسەڵاتەوەیە.. گەر نەگەیشتە دەسەڵاتی سیاسی، ئەوا دەکەوێتە دوای دەسەڵاتی دینی
- ئەوەی تۆ جیا دەکاتەوە و وەکوو دوورگەیەکی دوورەدەستت لێدەکات، هەمان نەفسە
- لە ژیاندا، هیچ شتێك نییە (گەورە) یا (بچووك) بێت.. ژیان و بوون یەکەیەکی پێکەوە بەستراوە
- دنیا سەخت نییە.. دنیا، بەڕاستی جوان و سەر سووڕ هێنەرە.. ئەوەی سەختە، هەمان نەفسی تۆیە.. هەڵەکەت راست بکەوە.. دنیا تەرك بکە
- تاقە وەهم و سەراب لە دنیادا هەمان نەفسی تۆیە

- نەفسی خۆت تـەرك بكـە.. تاقـە ڕێگـەی ئـەم تـەرك كردنـەش جەژن و شـادییە.. ئاگـادار بـە: هـەركاتێ خۆشـحاڵ بوویـت، ئـەوا بوونت نییە و بە پێچەوانەشەوە هەركاتێ خـەمبار بوویـت، بوونـت هەیە، واتە نەفست حاكمە
- پێكـەنین لـەو دیـوی بـوونی تـۆوە دێـت.. ئـەوە تـۆ نییـت پێدەكـەنی.. كاتـێ پێكـەنین هـەبێت، ئیـدی نەفسـی تـۆ بـوونی نامێنێت
- بە ژیان (نا) مەڵێ.. هێزی نەفس لە گـوتنی (نا)دایـە، هەرچـی زۆرتر بە ژیان بڵێی (نا)، نەفست زۆرتر و گەورەتر دەبێت
- (بەڵێ) گوتن بە ژیان، دەسپێكی توانەوەی نەفسە
- خۆتت پێ قبووڵ بێت، هەرچی و هەرچۆن بیت.. تەنانەت گەر كەموكوڕیشـت هـەبێت، ئـەو كاتەیـە كـە دەتـوانی دەسـت لـە شەڕكردن لەگەڵ خۆتدا هەڵگریت و ئاسوودە بژی
- ژیان، واتـە فێربـوونی ئاشـتی.. ئـەویش نـەك لەگـەڵ ئـەوانیتر بەڵكوو لەگەڵ خۆتدا
- نـەفس واتـە دابەشـكاری و جیـایی و پۆلینبەنـدی.. هـەركاتێ ئەمانە لە ئارادا بوون، ئەوا نەفس بوونی هەیە
- كاتێ هەموو شەڕوشۆڕ و دژبەری و نـاكۆكی و دابەشـبوونەكان لە تۆدا نەمان، ئەوا دەگەیتە ئـەو دیـوی جەسـتە.. ئەوكاتەیـە كـە دەكرێ ناوی (ڕۆح)ت لێبنێن
- ڕۆح، واتە گشتییەت و تەواوەتیی یەكەی (بوون).. واتـە وزەی

دابەش نەكراو

- عاشق بە.. نەك بە نیازی ولآمدانەوە و ئاكامێك بەڵكوو لەبەر ئەوەی عەشق كرۆكی ژیانە
- بە دوای عەشقدا مەگەڕێ.. عەشق نادۆزرێتەوەو بەدەست نایەت.. عەشق روو دەدات
- تەنیا لە عەشقدایە كە دابەشكاری و جەنگ و توندوتیژی بوونی نامێنێت
- تاقانە شتی نادنیایی لەم دنیایەدا هەمان عەشقە
- ئەگەر عاشق بیت، وزەت كۆ دەبێتەوە.. دابەشكاری و جیایی و دوالیزمت نامێنێ.. هەرچەندە ئەم وزەیەش زیاتر بێت، زۆرتر دەبێتە میهرەبانیی عاشقانە و عەشقی گەشتی و خۆشەویستی و زۆرتر لە جنس و تاكییەت دوور دەكەوێتەوە
- مرۆڤ دەبێ دوور بێت لە داوا و خواست چونكە سەرجەم خواستەكان بێ هوودەن
- خواستەكان لە ئایەندەدان، لە حالێكدا ژیان تەنیا و تەنیا لە چركەساتی (ئێستا)دایە
- تۆ خواوەندت ون كردووە، خواوەند هەمیشە لێرە و لە ئێستادایە كەچی تۆ بە هۆی زمان و وشەكانەوە گەلێ لێی دوور كەوتوویتەوە.. وشەكان بخەرە لاوەو دووبارە لە خواوەند نزیك بەوە

- وشە دامەتاشە.. بهێڵە با لە ئاوێنە بچیت.. دەرفەتێك بە بۆ درەوشانەوەی هەقیقەت.. دەریایەك بە ئارام و هێمن، بە بێ هیچ شەپۆلێك، با مانگ خۆی لە ناوتدا بنوێنێ
- هەموو شتێك بە وشە دەست پێدەكات.. جیهان بە وشە دەسپێدەكات.. ئەگەر وشەت خستە لاوە دنیاش پەنهان دەبێ، ئەوكاتە تۆ دەگەیتە خوا.. بێدار، وشیار و ئاگا
- بێدەنگی بەسەر خۆتدا مەسەپێنە.. هیچ شتێك بەسەر خۆتدا مەسەپێنە.. شادی بكە.. گۆرانی بڵێ.. بهێڵە با زەینت ماندوو ببێ تاوەكوو ئارام ئارام ئارامش و بێدەنگی رووت لێبكات
- سەرسووڕمان مەزەی بێدەنگی و ئارامشە
- ژیان، بێگانە و نهێنی ئامێزە.. دەكرێ چێژی لێبەری.. گۆرانیی بۆ بڵێیت و بیكەیتە جەژن، بەڵام ناكرێ بیناسیت
- (مورید) بە نەك (قوتابی)، چونكە قوتابی خەریكی پەروەردە كردنی نەفسە.. ئەو دەخوازێ گەورە ببێت.. كونجكۆڵە و هەردەم پرسیار دەكات چونكە دەخوازێت بزانێت و زانیاری كۆ بكاتەوە... مورید هیچ حەزی بە كۆ كردنەوەی زانیاری نییە.. ئەو دەخوازێ ببینێ.. دەخوازێ هەبێت.. مورید ئامادەیە سەرجەم زانیارییەكانی فڕێ بدات و خاڵی و بارسووك بێتەوە
- قوتابی خەریكی كەڵەكە كردنی (یاد)ە لە زەیندا، ئەو لە (یاد)دا گەشە دەكات نەك لە زانایی و ئاگاییدا
- یاد لە دەروونی موریددا بەرەبەرە دەسڕدرێتەوە، ئەو، ئیدی

باری رابردوو بە کۆڵ ناگێڕێت

- مورید، تەنها شتە سەرەکییەکان دەزانێت.. هەموو وزەی ئەو لە (یاد)ەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاگایی
- (مورشید) مامۆستا نییە.. مامۆستا یارمەتیت دەدات شت فێر ببی.. مورشید فێرت دەکات زانیارییەکانت بخەیتە لاوە
- زمان درۆ سازە.. لە زماندا سەرەتا وشەیەکە و دوای ئەو یەکیتر.. یەکەمجار کەسێك هەیە و دوایی کەسێکیتر، ئەمەش درۆیە چونکە بوونەوەرەکان پێکەوەن نەك یەکبەدوای یەکدا
- هەوەس چەشنە (تا)یەکە و وزەیەکی زۆر خەسار دەکات
- هەرکاتێ هەوەس نەما، عەشق و خۆشەویستی سەرهەڵدەدەن
- هەوەس (داخ)ە.. کینە (سارد)ە و خۆشەویستی (فێنك)
- هەوەس چەشنە عەشقێکە، بەڵام چەواشە و لە خوارترین پلەیدا
- لە هەوەسدا، عەشق تەنیا یەك لە سەدە، نەوەدونۆ لەسەدەکەیتر تایبەتە بە چاوچنۆکی و نەفس و خاوەنداریێتی و قین و تووڕەیی و چێژ وەرگرتن
- کاتێ عەشق گەیشتە سەداسەد، ئیدی هیچ جیاوازییەك لە نێوان عەشق و ئاگاییدا نابینی
- خواوەند، هەمان عەشقە
- فێر ببە کە عاشق بیت و هەرچی غەیری عەشقە بیخەیتە لاوە

- عەشق، گەورەترین خۆ کوشتنەوەیە: کوشتنی نەفس
- عەشق بەخشندەیە و هەوەس داواکار
- عەشق، واتە چۆن شتێك ببەخشیت.. هەوەس واتە چۆن شتێك وەربگری
- له عەشقدا حەز و خۆشیی تۆ گرینگ نییە و لە هەوەسدا تەنیا لە بیری ئەوەدای چێژ لە شتێك وەربگریت
- لە عەشقدا ئەویتر گرینگە.. لە هەوەسدا تۆ گرینگیت.. لە عەشقدا خۆت دەکەیتە قوربانی و لە هەوەسدا ئەویتر
- ئەگەر عەشقانە بڕوانیتە شتێکی بێگیان، ئەو شتە دەبێتە گیاندارێك و ئەگەر بە هەوەسەوە بڕوانیت، ئەوا هەموو کەسێکت لە لا دەبێتە ئەو ئامێرەی کە چێژت پێ ببەخشێت
- روانینی عاشقانە هەموو شتێك دەگۆڕێت
- ئەگەر بتوانی خالیسانە و پاك عەشق ببی، پێویستت بە هیچ رێگا و شێوازێکیتر نابێت بۆ موراقەبە
- ناتوانی ببیتە خاوەنی مرۆڤێك چونکە ئەو، گیاندارێکە.. هەر تەنها شت و کەرەستەکان دەبنە موڵکی خەڵك
- ئەگەر عاشقیت و هێشتاش بیر لە خاوەنداریێتی دەکەیەوە، ئەوا عەشقەکەت عەشق نییە، تەنیا هەوەسێکە و هیچیتر
- تەنیا نیگای بێ شەرم نیگای عاشقانەیە.. تەنیا دوو عاشق دەتوانن بێشەرمانە چاو ببڕنە چاوی یەکدی
- تەنیا نیگای بێشەرمانەی عاشقانەکان جوانە

- ئەگەر دوو کەس عاشقی یەکدی بن، بەرە بەرە هەردوکیان پەنهان دەبن و تەنیا (بوون)ێکی خالیس دەمێنێتەوە، بوونێك بە بێ نەفس.. بێ جیاوازی، ئیتر هەر پێکەوە بەستران و بوونە یەکە و تێیدا هەست بە شادمانی دەکرێ، ئەم شادمانییەش ئەنجامی موراقەبەی قووڵی دوو عاشقە. ئەم هەستی شادمانییە تەنیا کاتێ خۆی دەردەخات کە هەردولا عاشق بن، نەك یەکێك خاوەن و ئەویتر کەرەستە
- عەشق پلەیەکی بەرزی (بوون)ە نەك کردەوە یا چالاکییەك
- عەشق ناتکاتە خاوەنی هیچ کەس بەڵکوو تیایدا دەتوێیتەوە
- لە پەیوەندییەکدا کە تۆ خاوەنی ئەویتر بیت، مەحاڵە بتوانی سەربەخۆ بژی.. گەر دەتەوێ کەس نەبێتە خاوەنت، مەبەرە خاوەنی کەس
- تۆ ناتوانی بە بێ ئەوەی بووبیتە (بەندە)، ببیتە (ئەرباب)،
- تۆ، تەنها کاتێ دەتوانی (ئەرباب) بیت، کە هیچکەس دیل و ژێردەستە و بەندەت نەبێت
- زمانی منداڵان زمانی عاشقانەیە چونکە وشەکانیان یەکەمین ئەزموونی عاشقانەیە لەگەڵ دایکدا.. کاتێ عاشق بوویت، ئەوا بەرەو زمانی منداڵانە دەگەڕێیتەوە، بەڵام کاتێ عەشقەکەت قووڵتر بۆوە، ئەوا دەگەیتە بێدەنگی
- ئەگەر نەتوانی لەگەڵ دلدارەکەتدا بێدەنگ بمێنیتەوە، ئەوە

بزانە کە هێشتا عاشق نەبوویتە

- تەنیا غەریبەکان ناچارن بە زمانیان ڕێگەیەکی پەیوەندیکردن بدۆزنەوە.. دوو عاشق بۆ یەك کراونەتەوە و پێکەوە بە بێ وشە و لە ڕێگەی دەروونەوە قسە دەکەن
- عەشق، یەکەم هەنگاوە بۆ گەیشتنە ئیخلاس
- عەشق دەتگەیەنێتە ئەو ئیخلاسەی، بتوانی بۆ دڵدارەکەت بمری
- تەنها کاتێ دەتوانی بۆ کەسێك بژیت، کە بتوانی بۆیشی بمریت
- عەشق ئازادییە و دژی نەفس دەوەستێتەوە چونکە نەفس دیلی و یەخسیرییە
- دوو ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بە خوا: موراقەبە و عەشق
- عەشق دڵی موراقەبەیە و موراقەبەش دڵی عەشقە
- عەشق و ڕووناکایی دوو ڕووی دراوێکن: کاتێ دەڕوانیتە دەروون، ڕووناکییە و کاتێکیش بەشی خەڵکیتر دەدەیت، عەشقە
- گەر دەتەوێ بگەیتە خواوەند، دەبێ خۆتت خۆشبوێت، گەر نەتوانی عەشق بە خۆت ببەخشی، ناتوانی بە کەسیتریشی ببەخشی.. گەر تۆ خۆت، خۆتت خۆش نەوێت، ئەویتر چۆنی خۆشدەوێیت؟
- دەروونت پڕە لە مۆسیقا.. مۆسیقایەکی کپ و بێدەنگ.. تەنیا ئەوکاتە دەتوانی ئەو مۆسیقایەی ناخی خۆت بژەنی کە

عەشق بە خۆت ببەخشی

- گـەر عەشـق بـە خـۆت ببەخشـی ئـەوا بـە هـەموو گێتـی و مرۆڤایەتیت بەخشـیوە، بەخشـینی عەشـق بـەخۆت واتـای نـەفس پەرستی نادات بەڵکوو ئەم عەشقە لـە نـەفس دوورت دەخاتـەوە و لە خواش نزيك.. عاشقی خۆت بە تا بتوانی عاشقی هەموان بیت
- هەموو بوونەوەرێکت خۆشبوێ.. هەر بوونەوەرێك سروودێکی یەزدانییە، سروودێکی بێ هاوتا، تاییەت و دووبارەوە نەبوو
- ئێمە هـەوومان خوێندنـەوەی جۆربـەجۆری یـەك سـروودین، شێوازی جۆربەۆجۆری یەك سەما

***


دەفتەری چوارەم
ئەمیش بەسەر دەچێ

**ئەمیش بەسەر دەچێت**

لە سەردەمانێکی کۆندا، پاشایەکی زۆر بەهێز دەژیا و چەند وەزیرێکی ژیر و بیرمەندی هەبوون. رۆژێك ئەم پاشایە بە تووڕەییەوە بانگی هەموو وەزیرەکانی خۆی کرد و پێی گوتن: ماوەیەکە هەستێکی سەیرم هەیە.. ئاسوودە نیم و ئارام ناخەوم.. حەز دەکەم ئەنگوستیلەیەکم هەبێت هەردەم هەست و خەیاڵ و بارودۆخم یەکسان رابگرێت.. مەبەستم ئەوەیە کە دەبێ لەناو نگینی ئەنگوستیلەکەدا شتێك دروست کرابێت، نەخشێك هەبێت کە هەرکاتێ زویر و تووڕەم، هێورم بکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا هەرکاتێك زۆر شادمانم، خەمبارم بکات. وەزیرەکان کەوتنە ناو فکر و راوێژکردن.. ماوەیەکی پێچوو تا زانایەکیان دۆزییەوەو بەهۆی فکرە داهێنەرانەکەی ئەوەوە توانییان ئەنگوستیلەیەکی تایبەت بۆ پاشا دروست بکەن و بەسەر نگینەکەیەوە بنووسن:

"ئەمیش بەسەر دەچێت".

بەمچەشنەش نەخۆشی و ئازاری پاشای گەورەیان کەم بکەنەوە و ژیان و بیرکردنەوەیەکی سەقامگرتووی بۆ دابین بکەن.

هەزاران ساڵە ئەم چیرۆکە جوان وناسکە، لە لایەن سۆفییەکانەوە زاربەزار دەگێڕدرێتەوە.. ئەم چیرۆکە، یارمەتیی

گەڵێ کەسی داوە لە ڕێبازی بە (کـەماڵ) گەیشـتن و کامڵبوونـدا. ئەمە، چـیرۆکێکی ئاسـایی نییـە، بـەڵکوو هۆکـار و ئامرازێکـە.. تەنها سەربردەیەك نییە کە بیخوێنینەوەو چێژی لێـوەر بگـرین، بەڵکوو دەتوانێت ئاراستەی ڕەوت و شێوازی ژیانمان بگۆڕێـت و تەنیا لـەم حاڵەتەشـدایە کـە دەتـوانین پـەی بـە واتـا و پـەیامی راسـتەقینەی ئـەم چـیرۆکە بـەرین. ئـەم چـیرۆکە، بـە ڕواڵـەت واتایــەکی زۆر ســادەی هەیــە و هــەموو کــەس تێیــدەگات و تێگەیشـتن و پـەی پێبردنـی، پێویسـتی بـە هـیچ بـیری تیـژ و ژیرییەك نییە، بەڵام کاتێ قووڵتر بۆی بڕوانین و زۆرتـر لێـی ورد بینەوە، ئەوا لایەنە شـاراوەکانی بـە دیـار دەکـەون و دەتـوانین تەنانەت وەکوو کلیلێـك بـەکاری بـەرین. کلیلێـك، دەتـوانین بـە هۆیــەوە ســەرجەم گرێکوێرەکــانی نــەزانین بکەینــەوە.. ئــەم چیرۆکە ئامرازێکی زۆر بەهێزە کە ئەگـەر بگەینـە ئاسـتی دەرك کردن وناسینی لایەنە شاراوەکانی، دەبێتە شـاکلیلێك بۆمـان تـا ســەرجەم قوفڵــە داخراوەکــانی دەروونمــانی پــێ بکەینــەوە. واتایەکی قووڵ لەم چیرۆکەدا خۆی حەشار داوە کە بۆ ناسـین و دۆزینەوەو پەی پێ بردنی، پێویستمان بـە ئاگـایی و زانایـایی و ئەندێشەی قووڵ و ڕۆشنە و تەنیا بـەم ڕێگەیـە دەگەینـە واتـای قووڵی ناوەوەی.. بۆ ئەم کارەش پێویستە لەگەڵی بژین.. تیایدا

بژین و لەوەش گرینگتر پێویستە خودی چیرۆك و پەیامەکە بژین تا پەی بە واتا و پەیامی راستەقینە و شاراوەی بـەرین و بـزانین چیمان پێدەڵێت.

پێش ئەوەی زۆرتر لەسەر چیرۆکەکە بـڕۆین، پێویسـتە چـەند خاڵێك بخەینە ڕوو: مەزهەب، هەرتەنها داب و نەریت نییە، شتێك نییە ئەنجامی بدەیت، بەڵکوو دەبێ ئاوێتەی بیت.. خۆت ببیتـە مەزهەب.. هەمیشە بۆی هەیە مەزهـەبی مـەجازی و درۆیـین لـە هەر بست و ناوچـەیەکی دنیـا و کۆمەڵگەکانیـدا هـەبێت.. کاتـێ دەڵێین مەزهەبی درۆیین و مەجازی، مەبەستمان ئەوەیە کە داب و نەریتـــە ســـادە و رواڵەتییـــەکان جێـــی گۆڕانکارییـــە دەروونییـەکانیان گرتبێتـەوە.. لـەم حاڵەتەشـدا ئێـوە خۆتـان خەریکی هەندێ ئیشوکاری بێ سەمەر دەکەن.. پابەنـدی داب و نەریتە جۆربەجۆرەکان دەبن و هەموو ئەمانەش دەبنە عادەت و راهاتنی دەروونی و سـەرەنجام بـەهیچ ناگـەن و هـیچ بەدەست ناهێنن. سـەرنج بـدەن: خـەڵکانی جۆربـەجۆر هەمیشـە دەچـنە پەرسـتگەکان و هـەموو دەم دوعـا و نـزا و نیایشـی جۆربـەجۆر دووبارە دەکەنەوە.. لە راستیدا ئەم داب و نەریتە و ئەو دوعا و نزایەی ئەوان شتێکی کەمە: ئەوان دراوە زێڕە راستەقینەکانیان لەگـەڵ دراوە تـەزویرەکان تێکـەڵ کـردووە و بەهەڵـە وەریـان گرتوون. مەزهـەبی راسـتەقینە، پەیوەنـدیی بـە بـوونی ئێـوەوە

هەیــە نــەك بــەو كارانــەوە كــە ئــەنجامیان دەدەن.. مەزهــەبی راستەقینە لە دەروونیترین ناوەندی بوونتانــەوە دەسـپێدەكات، دیارە كاتێ ناوەندی بوونتان گـۆڕدرا، ئـەوا ژیـانی ئاساییشـتان تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێت، لە حاڵێكدا هەرگیز پێچەوانەی ئەم شتە روو نــادات، واتـــە، ئەگـــەر ژیـــانی ئاســـایی و رواڵـــەتیی ئێـــوە بگۆڕدرێـت، ناوەنـدی بوونتـان هـەروەكوو خـۆی دەمێنێتـەوە و ناگۆڕدرێـت، لـەم حاڵەشـدا ئێـوە تووشـی دوالیـزم دەبـن، واتـە رواڵەتی ژیانتان شتێكە و ناوەندی بوونتان شتێكیدی، تەنانـەت لەوانەیە رواڵەتی ژیان و ناوەندی بوونتان بە پێچـەوانەی یـەك و دژی یــەك ببنــەوە و بەمچەشــنەش ئێــوە دەبنــە كەســێتییەكی دوالیزمیی دژبەر و ناكۆك و ناتەبا. هەمیشە لە بیرتـان بێـت كـە مەزهەبی راستەقینە نەبەستراوە بە داب و نەریتەوە.. مەزهەبی راسـتەقینە، هــەمان وشـیاری و ئاگـایی دەروونییــە.. مەزهــەبی راستەقینە بێدارییەكی دەروونییە و كاتێ بگەنـە ئـەم بێـداری و ئاگاییە دەروونییە، ئەوا زۆر لایەنی رواڵەتیی ژیانیشتان تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێت. بۆ ئەوەی بتوانن لەگـەڵ ئـەوانیتر بـە ئاشـتی و ئارامی بژین، پێویستتان بـە هەنـدێ یاسـای رەوشـتیی تایبـەت دەبێت، بەڵام دەبێ وشیار بن و بزانن ئەمـە شـتێكی جیـاوازە و نابـێ هیچـكات ئـەم یاسـا و ریسـا رەوشـتییە لەگـەڵ مەزهـەبی

راستەقینەدا بە هەڵە تێکەڵ بکەن. ئەم یاسا ئەخلاقییە چۆنیەتیی ژیان لەگەڵ ئەوانیترمان فێر دەکات، بەڵام مەزهەب فێرمان دەکات چۆن لەگەڵ خۆماندا بژین و چۆن لەگەڵ خۆماندا پێك بێین.. ئەخلاقیات فێرمان دەکات لەگەڵ ئەوانیتر چی بکەین کەچی مەزهەبی راستەقینە فێرمان دەکات چۆن خۆمان بپارێزین و زیان بە خۆمان نەگەیەنین. مەزهەب ئەو چۆنیەتییەیە کە ئێوە لە تەنیایی خۆتان و لە دەروونیترین پەرستگەی بوونتاندا تەجروبەی دەکەن و دەیچێژن، زۆر ئاشکرایە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی ناوەند، ژیانی رواڵەتییش دەگۆڕێت، هەر وەکوو ئەو تیشکەی لە ناوەندەوە هەڵدێت و هەموو پانتایی دەوربەری رۆشن دەکاتەوە، ئێوەش هەربەو جۆرە رۆشن دەبنەوەو تەنانەت ئەوانیتریش هەست بەوە دەکەن کە ئێوە نوورانی بوونە، بەڵام بەهەڵەدا نەچن: ئەم نوورانیبوونە بەهۆی کردەوە چاکەکانتانەوە نییە، ئەم رووناکاییە هیچ پەیوەندییەکی بە کارە چاکەکانی ئێوەوە نییە.. ئەم رووناکاییە وەکوو غونچە گوڵێکە لە ناختاندا دەپشکوێت و بۆنە خۆشەکەی هەموو جەستە و ژیانتان دەگرێتەوە، هەروەکوو هەتاو، کە هەڵدێت و هەموو زەوی و ئاسمان رووناك دەکاتەوە. ئەو نوورەی لە ناخی ئێوەوە هەڵدێت و ژیانتان رووناك دەکاتەوە، جیایە لە رەوشت و (ئەخلاقیات).. ئەو، هەموو شوێنێك دەگرێتەوە و هەموو شتێك

ڕۆشن دەکاتـەوە. خـودی وشـەی (مەزهـەب) واتایـەکی جـوانی هەیـە: ڕیشـەی ئـەم وشـەیە واتـای پەیوەسـتبوون و پێکهـاتنی دووبارە دەگەیەنێت.. پەیوەستبوون و پێکهاتنی دووبارە لەگەڵ کـێ؟! دیـارە، لەگـەڵ خـودی ڕاسـتەقینەتان.. باشـە بۆچـی پەیوەستبوون و پێکهاتنی دووبارە؟: چونکە ئێوە پێشتر لەگەڵ ئـەم ناوەنـدە (نـاخ)دا یـەك بوونـە.. هـەر لـەم سەرچـاوەیەوە هاتوونە و لە دەروونەوە هێشتاش هەر پێوەی پەیوەستن، تەنیا لە ڕواڵەتدایە وا هەست دەکەن لێی دابـڕاون و جیـا بوونەتـەوە، بەڵام ڕاستییەکەی وا نییە، چـونکە ئەگـەر لـە ڕەگەکـەتان جیـا ببوونایەتەوە ئەوا نەتاندەتوانی درێژە بە ژیان بدەن.. ژیـان لـە ئێوەدا دەوەستا و دەمرد!.

نـەفس و دەمارتـان بۆتـە هـۆی ئـەوەی لـەبیرتان بچـێت کـە ڕەگتان لە قووڵایی خاك داکوتاوە و بەهۆی ئەو ڕەگانەوە دەژین و ئەگەر ئەوان نەبن ژیانتان دەوەستێ.. ژیان بە بێ ئەم ڕەگانە بـۆ چرکەسـاتێکیش مـومکین نابێـت.. ئـەم هـەموو خۆشـی و شادییە، لەگەڵ دابڕانمان لەو ڕەگوریشە قووڵەمان دەپووکێتەوە و جگە کۆڵێك داخ و حەسرەت هیچیتری نامێنێت.

دنیای دەوروبـەرتان گـەلێ جـوان و فریـودەرە، هـەر ئەمەشـە وایکردووە ئێوە ڕەوگوریشەکەتان فـەرامۆش بکـەن، بـەڵام ئـەم

فەرامۆشکردنە بە واتای جیا بوونەوە و دابڕان نییە.

مەزهەب بە واتای بوونەوە یەکی دووبارە و بە بیر هێنانـەوەی ئەم ڕاستییەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێوە لەگەڵ ئەو سەرچاوەیەدا یەکێك بوونە و دەتـوانن جارێکیـدی بـۆی بگەڕێنـەوە و لەگـەڵی ببنەوە یەك.

مەزهـەب بـە واتـای تێکـەڵبوونی (گشـتیی یەکە)یـە و لەگـەڵی بوونەوە بە یەك.. مەزهەب هیچ فرێکی بەسەر پەیوەندیی ئێـوە و ئەوانیترەوە نییە، لە ڕاستیدا ئەوە نەفسـی ئێوەیـە هەمیشـە حەزی لە پەیوەندی لە گەڵ ئەوانیتردایە، کاتێ سەفەرتان کردە ناخ و دەروونی خۆتان و بە تەواوەتی ڕۆ چوونە ناو خۆتانـەوە، ئـەوا نـەفس دەمـار و حـەز و هەوەسـەکانتان دەپووکێنـەوەو نامێنن.

ئەو کاتانەی کە بە تـەنیان، هـیچ دەمارێکتـان نییـە.. زۆر بـە ئاسانی دەتوانن ئەم ڕاستییە تاقی بکەنەوە: کاتێ بە تـەنیان و تەنانەت بیریش لە کەس ناکەنەوە، ئایا هەست بە بوونی نـەفس و دەمار لە وجوودی خۆتاندا دەکەن؟.

وەکچۆن پردێك پێویستی بە دوو لێـواری ڕووبـار هەیـە تـا لـە نێوانیاندا دروست بکرێت، نەفسی ئێوەش هەروایە و هەمیشە لە نێوان ئێوەو ئەوانیتردایە، کەواتە، لە ڕاستیدا نەفس شتێك نییە لە وجوودی ئێوەدا بوونی هەبێت.. نەفس شتێکە لـە دەرەوەی

ئێوە و لە نێوان ئێوە و ئەوانیتردا بوونی دەبێت.. لە نێوان ئێوە و هاوسەرەکەتان.. ئێوەو منداڵەکانتان.. ئێـوە و دۆسـتەکانتان یا ئێوەو دوژمنەکانتاندا. هەر بۆیەش کاتـێ بـە قـووڵی رۆ بچـنە ناو ناخی خۆتانەوە و بگەنە تەنیایی تەواو، ئەوا نـەفس پـەنهان دەبێت و نامێنێ.

مرۆڤێکی مەزهەبی، سەرەتا خۆی خاوێن دەکاتـەوە و پاشـان یارمەتیی خەڵکیتریش دەدات. ئەو، سەرەتا هەوڵ دەدات بگاتە ئــەو گەنجینەیــەی لــە ناخیــدا شــاردراوەتەوە و کــاتێکیش پێیگەیشت، ئەوا هەوڵ دەدات لەناو ئەوانیتردا دابەشـی بکـات و بیانکاتە شەریکی خۆی.

سەرنج و پەیوەندیی مەزهەب، هەمووی هەر تـەنها بـۆ خـودی ئێوەیە.. مەزهەب هاوکێشەیەکی تەواو تاکەکەسییە.

مەزهەبی راستەقینە تەنیا کاتێ سەر هەڵدەدات کـە ئێـوە بـە تەواوەتی تەنیا بن و بە قـووڵی بـەرەو نـاخی خۆتـان رۆیـیبن.. تــەنیا لــەم تەنیاییــە رەســەن و راســتەقینەدایە کــە خۆشــی و شادمانیی بەرهەمی مەزهـەب لـە دایکـدەبێت و گەشـە دەکـات، ئەڵبەت بۆ گەیشـتن بـە ئـاوا خۆشـی و شـادمانییەك، دەبـێ بـە تەواوەتی باڵق و پێگەیشتوو و ئامادە بن، پـێش ئـەم باڵقبوونـە هـیچ کارێـك ناگاتــە ئــەنجام.. مەزهــەب، تەنانــەت لــە ژیــانیش

گرینگترە چونکە خەڵکیتریش دەست وەردەداتە ژیانەوە، ژیان لە راستیدا بریتییە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا لە حاڵێکدا مەزهەبی راستەقینە تەنیا و تەنیا پەیوەندیی بە خۆتان و ناخی خۆتانەوە هەیە، هەر بۆیەش مەزهەب پلەیەك لە سەرووتری ژیانەوەیە.

مەزهەب، هەڵگری تەنیاییە.. سەربەخۆیی و نەبوونی وابەستەیی بەوانیتر و سەرجەم دنیای دەوروبەر.. تا کاتێ ئێوە ئامادە نەبن ژیان بکەنە قوربانی لە پێناو مەزهەبدا و لەوەی هەن بگۆڕدرێن و بەتاڵ ببنەوە، ئەوا ئامادەیی ناسین و وەرگرتنی مەزهەبی راستەقینەتان نابێت.. هەرکاتێك ئەم ئامادەییەش لە ناختاندا دروست بوو، ئەوا تاقە ئامۆژەیەك بەستە بۆ ئەوەی مەزهەبی راستەقینە سەرتاپای وجوودتان بگرێتەوە و ژیانتان بگۆڕێت.

**" له سەردەمانی پێشوودا پاشایەکی دەسەڵاتدار هەبوو کە چەندین وەزیری ژیر و ئاوەزمەندی لە خزمەتدا بوون"...**

ئێوەش دەتوانن خەڵکی ژیر و زانا بخەنە خزمەتی خۆتانەوە، بەڵام ئاگادار بن: فێر بوون و بەدەستهێنانی ژیری و زانایی زۆر جیاوازە لەوەی چەند زانا و ژیرێك خزمەتت بکەن.

دەڵێن هەرچی وەزیری زانا و ژیر هەبوون لە خزمەتی ئەم پاشایەدا بوون، بەڵام من تا ئێستا و هەرگیز پاشایەکم نەبینیوە لە وەزیرە ژیرەکانی خۆی شتێك فێر بووبێت.. دەڵێن یەك لە پاشاکانی هیندستان بە ناوی (ئەکبەر شا) (9) وەزیری ژیر و زانا و هەڵبژاردەی هەبوون و ئەویش مووچە و پاداشتێکی زۆری دەدانێ.. ئەم (9) وەزیرە ناوی (9) گەوهەری گرانبایی دەرباریان پێ بەخشرابوو بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هیچکات ئەکبەر شا هیچیان لێوە فێر نەبوو. ئەو پەیوەندییەی دەبێتە هۆی فێر بوون، زۆر جیاوازە لەوەی چەند زانایەك بخەنە خزمەتی خۆتانەوە.. بۆ فێر بوون، قوتابی دەبێ تەسلیم و دەستەمۆی مامۆستا بێت، بەڵام لەم بوارەکەیتردا، ئایا بۆ نموونە ئەکبەر شا دەیتوانی تەسلیمی وەزیرە زاناکانی خۆی بێت؟!.. دەڵێن: جارێکیان ئەکبەرشا هەموو وەزیرەکانی خۆی

کۆ کردنەوەو پێیگوتن: "ئێـوە هـەمووتان مرۆڤـی ژیـر و زانـا و لێوەشاوەن و گوایە لە سەرتاسـەری ئـەم وڵاتـەدا کەسـێك نییـە زاناییەکەی بگاتە ئاستی زانایی ئێوە، کەچی زۆر سەیرە من تـا ئێستا هیچ شتێك لە ئێوەوە فێر نەبوومە.. ساڵەهایە ئێوە لێـرە لە لای من و لە خزمەتی مندان کەچی مـن هـەمان ئـەو مرۆڤـەی جارانم و تەنانەت تۆزقاڵێکیش بە زانیاریم زیاد نەبووە"!

یـەکێك لـە وەزیرەکـان، کـوڕە بچـووکەکەی خـۆی هێنـابووە دەربـار، منداڵەکـە دەسـتی کـردە پێکـەنین. ئەکبـەر شـا بـە تووڕەییەوە لێی پرسی: ئەوە باوکت فێری نەکردوویت کە نابـێ لە دەرباردا پێبکەنی، بۆچی پێدەکـەنی؟ منداڵەکـە گـوتی: بـا، فێری کردووم، بەڵام ئێستا بۆ ئەوە پێدەکەنم کە دەزانم هـەموو ئەم وەزیرە ژیرانەت ئاشنا و شارەزای وڵامی پرسیارەکەی تـۆن بەڵام هیچیان ناتوانن و ناوێرن وڵامت بدەنـەوە، هـەروەها لەبـەر ئەوە پێدەکەنم کـە چـاك دەزانم بۆچـی تـۆ تـا ئێسـتا هـیچ لـەم وەزیرە ژیرانـەت فێـر نەبوویتـە. ئەکبـەر شـا لێـی پرسـی: ئایـا دەتوانی ئێستا پـێم بڵێـی بۆچـی تـا ئێسـتا هیچـیان لێـوە فێـر نەبوومـە؟ منداڵەکـە وڵامـی دایـەوە: بـەڵێ دەتـوانم بـەڵام بـە مەرجێك، تۆ دەبێ فەرمانی من جێبەجێ بکەیت و من چی دەڵێم تۆ وا بکـەیت.. پـێش هـەموو شـتێك دەبـێ لەسـەر تەختەکـەت بێیتە خوارێ و لە جێی من دابنیشی، منیش دەچمە جێـی تـۆ و

لەسەر تەخت دادەنیشم و دەبمە مامۆستای تۆ، ئیدی تۆ دەبێ وەکوو موریدێك گوێڕایەڵی من بیت کە مامۆستاتم.. بەمجۆرە و لەم کاتەدا ئەکبەر شا را دەچڵەکێت و تێدەگات کە بۆچی تا ئەو کاتە هیچ شتێك لە وەزیرە ژیرەکانی خۆی فێر نەبووە!

تاکبەتاکی ئەو وەزیرانە، توانای فێر کردن و راهێنانی ئەکبەرشایان هەبوو، ئەوە ئەکبەر شا بوو کە ئامادەیی وەرگرتنی ئەو فێرکاری و راهێنانەی نەبوو، چونکە بە ئەندازەی پێویست بۆ پرۆسەی فێر بوون خاکەسار و رۆحسووك نەبوو.

خاکەساری یەکێکە لە هۆکارە پێویست و گرینگەکانی پرۆسەی فێرکاری.. ئەگەر خاکەسار و رۆحسووك و بێ فیز بیت، تەنانەت بە بێ هەبوونی مامۆستای زانا و لێهاتووش دەتوانی فێری زۆر شت ببیت.. دەتوانی لە سروشت: هەور.. باران.. با.. درەخت.. گوڵ و...، فێری زۆرشت ببی ئەڵبەت بە مەرجێك بە ئەندازەی پێویست خاکەسار و رۆحسووك بیت.. بەڵام گەر ئەم تایبەتمەندییەت نەبوو، تەنانەت گەر کەسێکی وەکوو (بوودا)ش ببێتە مامۆستات، هیچ شتێکی لێوە فێر نابیت چونکە هیچ پەیوەندییەکی راهێنەرانە لە نێوانتادا دروست نابێت.

بۆ فێر بوون، دەبێ دەمار بەرزی و سەرەڕۆییت بخەیتە لاوە و خاکەسار بیت.

" لەسەردەمانی کۆندا پاشایەکی بەهێز هەبوو کە چەندین وەزیری ژیر و زانا خزمەتیان دەکرد"

کۆ کردنەوەی خەڵکانی ژیر و زانا کارێکی سادەیە، بەڵام هیچ سوودێکی نییە. گرینگ ئەوەیە چۆن بە عەشق و خاکەسارییەوە دەڕۆنە خزمەتی زانایەك، تەنیا لەم حاڵەتەدایە دەتوانن لە زانایی و توانستی ئەو بەهرەمەند ببن.. ئەو تاکە بە ڕواڵەت زانایانەش کە لە دەرباردا کۆ دەبنەوە، زانای راستەقینە نین، چونکە زانای راستەقینە تەمەنی خۆی لە دەرباردا بە فیڕۆ نادات.. لەوانەیە ئەوان زانیار و هۆشمەند بن بەڵام بە دڵنیاییەوە زانای راستەقینە و ئاوەزمەند نین. ئاوەز و زانیاری، دوو چەمکی زۆر لێك جیان: زانیاری، وڵامێکی مردووە بۆ هاوکێشەکان، تۆ پێشتر شتێك فێر بوویتە و ئێستا بۆ چارەسەری کێشەکانت کەڵکی لێدەبەیت، بەڵام ئاوەز وڵامێکی زیندووی نەمرە: تۆ سەرنجی ئەو دۆخە دەدیت کە تیایدایت و بە پێی هەمان ئەو دۆخەش وڵام دەدەیتەوە.

ئاوەز، کاردانەوە نییە.. کاتێ لە بەرامبەر هاوکێشەیەکدا کاردانەوە لە خۆت پیشان دەدیت، دەبێ بزانی ئەم کاردانەوەیەت رەگی لە رابردوودایە.

لە رۆژگارانی زۆر کۆندا ئیمپراتۆرێك لە ژاپۆن دەژیا کە حەزی دەکرد لەمەڕ مەرگ و ژیانی پاش مەرگ بزانێت.. دیارە ئەویش

هــەر وەکــوو ئەکبــەر شــا زانــای زۆری لــە دەوری خــۆی کــۆ کردبوونەوە، بۆیە لەمەڕ مـەرگ و ژیـان پرسـیاری لـەوان کـرد و ئەوانیش وڵامیان دایەوە: "خاوەن شکۆ، ئەگـەر شـتێکمان لـەم بارەیەوە بزانیبا، هەرگیز کات و تەمەنی خۆمان لێرەدا بە فێـڕۆ نەدەدا.. ئێمەش هەروەکوو بەڕێزت لـەم بـوارەدا کـۆڵین، ئێمـە لەم هاوکێشەیەدا وەکوو یەکین، تەنها جیاوازیمان ئەوەیە کە تۆ دەوڵەمەندیت و ئێمە هــەژارین.. گــەر دەتــەوێ لــە مــەڕ ژیــان و مــەرگ بزانیــت، ئــەوا دەبــێ ئــەم کۆشــکە جێبهێڵیــت و بچــیتە دەرەوە، بۆ دنیای دەرەوە.. دەبێ لە دەرەوەی ئەم کۆشـکەدا سـەبارەت بـەم هاوکێشــەیە بکۆڵیتــەوە، دەبــێ هــەوڵ بــدەیت مامۆستایەکی راستەقینە بۆ خـۆت هەڵبـژێریت و پرسـیارەکانتی ئاراستە بکەیت و وڵامەکەیان هەر لەو وەر بگریتەوە. ئیمپراتـۆر رۆیشتە لای سەرجەم زانـا ناودارەکـانی سـەردەمی خـۆی بـەڵام هیچـکام نـەیانتوانی رازیـی بکـەن بۆیـە دووبـارە گەڕایـەوە لای زاناکانی دەرباری خـۆی و پێـی گـوتن: مـن هـەموو وڵات گـەڕام بەدوای کەسێکی زانادا، بەڵام زانایەکی وام نەبینی بتوانێ رازیـم بکـات و وڵامـم بداتــەوە. زانایـانی دەربـار گوتیـان: هەڵـەی تـۆ لەوەدا بوو کە رۆیشـتیتە لای زانـا نـاودار و ناسـراوەکانی وڵات، دۆزینــەوەی مامۆسـتایەکی راسـتەقینە لـەناو کەسـانی نـاودار و

ناسیاودا زۆر ئاستەمە چونکە بە دەگمەن هەڵدەکەوێت زانا و مامۆستایەکی راستەقینە بیەوێت بناسرێت و ناو دەر بکات.

زانا و مامۆستای راستەقینە هەمیشە هەوڵ دەدات خۆی لە بەر دیدی خەڵکانی ئاسایی بدزێتەوە و خۆی بە دوور بگرێت تا تەنیا تامەزرۆ و خوازیارانی ئاوەزی راستەقینە بگەنە لای نەك خەڵکی ئاسایی و کونجکۆڵ کە هەر تەنیا دەیانەوێ لە ڕووی کونجکۆڵییەوە فێری شتێك ببن، بەمپێیەش، بە دوادا گەڕانەکەی تۆ هەڵە بووە.. ئێمە پیاوێك دەناسین و دەزانین کە زانا و مامۆستایەکی راستەقینەیە، بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە ئەو نایەتە لای تۆ بەڵکوو دەبێ تۆ بڕۆیتە لای ئەو.

ئەم پیاوە، دەرۆزەگەرێك بوو، لە ژێر پردێکدا لەگەڵ چەند هەژار و دەرۆزەگەرێکیدی بە کۆڵەمەرگی دەژیا. ئیمپراتۆر نەیدەتوانی بڕوا بەوە بکات لە ناو چەند دەرۆزەکەرێکدا مامۆستایەکی ئاوەزمەند بژی.. بەڵام کاتێ لەگەڵی رووبەڕوو بۆوە، هەستی بە تیشك و درەوشانەوەیەکی تایبەت لە نیگایدا دەکرد کە خستییە ژێر کاریگەرییەکی قووڵەوە و نیشتە قووڵایی دڵیەوە.. ئیمپراتۆر بە بێ ئەوەی خۆی بزانێت و هەست بە هیچ بکات، وڕ و سەرسام خۆی خستە سەر پێڵاوەکانی کابرای دەرۆزەکەر و گەلێك لێی پاڕایەوە تاوەکوو کابرای دەرۆزەکەر پێیگوت: باشە.. من وەکوو موریدێك وەرت دەگرم.

ئـــەم خاكەســـاری و رۆحســـووكییە، تاقـــە رێگـــە و شـــێوازی رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ مامۆستایەك و فێر بوونە لێی.

" لە سەردەمانی كۆندا پاشایەكی بە دەسەڵات دەژیا و چەند وەزیرێكی ژیر و زانای لە دەوری خۆی كۆ كردبوونەوە"

دەوڵەمەندەكان دەتوانن كەسانی ژیـر و زانـا بخەنـە خزمـەتی خۆیانـــەوە، بـــەڵام لـــە راســـتیدا ئـــەم چەشـــنە زانایانـــە، زانـــای ئاوەزمەندی راستەقینە نـین. ئـاوەز بـۆ كـڕین نییـە و بـە كـڕین نایەت.. تۆ دەتوانی زۆر شـت بكڕیـت بـەڵام ئـاوەز شـتێك نییـە بتوانی بە پارە بیكڕیت.

دەگێڕنەوە: لەسەردەمی ژیانی (ماهاویرا)دا پاشـایەكی نـاودار بە ناوی (پەراسنجیتا) هاتە لای و پێیگـوت: "مـن لـەم دنیایـەدا هەموو شتێكم هەیـە.. هەرچـی كـە بتـوانی بـیری لێبكەیتـەوە.. تەنیا شتێك هەمیشە فكـرم بـە خۆیـەوە خـەریك دەكـات و لێـی بێبەشم، ئەوەیە كە حەز دەكەم بزانم (مەدیتەیشـن/ موراقەبـە) چییە و ئامادەم بۆ زانینی نرخێكی زۆر بدەم.. ئەگـەر دەكـرێ، ئـەم چـەمكەم بـۆ شـی بكەنـەوەو منـیش هەرچـیم لێ بخـوازن پێشكەشـــی دەكـــەم.. مـــن بیســـتوومە كـــە تـــۆ شـــارەزای (مەدیتەیشـن)یت، كەواتـە لـەم بابەتـەوە هاوكـاریی مـن بكـە و

منیش چیت دەوێ دەتدەمێ"

ماهاویرا وڵامی دایەوە: هیچ پێویستی نەدەکرد بێیتە لای من، هەر لە شارەکەی خۆتدا پیاوێکی هەژار دەژی.. ئەو چاك دەزانێت مەدیتەیشن چییە.. باشتر وا بوو بچیتە لای ئەو.. من هیچ پێویستییەکم بە فرۆشتنی مەدیتەیشن نییە.. لەوانەیە ئەو پیاوە هەژارە پارەی پێویست بێت و بتوانێ مەدیتەیشنت پێ بفرۆشێت. پەراسنجیتا گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی و گورج کابرای هەژاری دۆزییەوەو رۆیشتە لای، ئەویش بە کۆڵێك پارە و زێڕ و زیوی گرانباییەوە بۆ کڕینی مەدیتەیشن! . کاتێ گەیشتە لای، هەرچییەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو هەمووی دایە و پێیگوت: ئەمانە هەمووی بۆ تۆیە و گەر بتەوێ دەتوانم زۆرتریشت بدەمێ، تەنیا بەو مەرجەی پێم بڵێیت مەدیتەیشن چییە و پێمی بفرۆشیت. کابرای هەژار دەستی کردە گریان و گوتی: راستە من هەژارم و پێویستییەکی زۆریشم بەم پارە و سروەت و سامانەی تۆ هەیە، بەڵام تۆش دەبێ ئەوە بزانی کە مەدیتەیشن شتێك نییە بفرۆشرێت.. مەدیتەیشن چەشنێکە لە چلۆنایەتیی (بوون) و هیچکەس ناتوانێ بە کەسێکیتری بدات.. من تۆم خۆشدەوێت و رێزت لێدەگرم، تەنانەت دەتوانم گیانیشم بکەمە قوربانی تۆ بەڵام مەدیتەیشن نا.. ئەمەیان شتێك نییە هیی من بێت و بتوانم پێتی ببەخشم.

ئەمــە زۆر سەرنجڕاکێشــە، مــرۆڤ دەتوانــێ گیــانی خۆیشــی بەوانیتر ببەخشێت بـەڵام مەدیتەیشـن نـا، چـونکە ئەمـەیان نـە دەفرۆشـرێت و نـە دەبەخشـرێت.. مەدیتەیشـن زۆر بـاڵاترە لـە ژیان.. تۆ دەتـوانی ژیـانی خـۆت ببەخشـیت بـەڵام مەدیتەیشـن نابەخشــیت چــونکە ئەمــە کــارێکی نــەلواو و نەکردەنییــە، مەدیتەیشن چۆنایەتییەکە، هـەر دەبـێ مـرۆڤ خـۆی بیناسـێت و بیچێژێت و تەجروبەی بکات، خۆ گەر هات و ناسیی و تەجروبەی کرد، ئەوا کەس ناتوانێ لێی بستێنێ. مەدیتەیشن گەنجینەیەکی راستەقینەیە و کەس ناتوانـێ لێتـی بـدزێت، تەنانـەت مـەرگیش ناتوانێ لێکتان جیا بکاتەوە. پارە.. پێگەی کۆمەڵایەتی.. هێزی سیاسی.. ناوبانگ.. جوانی.. وزە و توانای جەستەیی و هـەموو شتێکیتری لەم بابەتە بەهۆی مەرگەوە لە مرۆڤ دادەبڕێت و لێـی جیا دەبێتـەوە، ئـەوە مەدیتەیشـنە کـە هـەر هەمیشـە و بـۆ تـا هەتایە لە گەڵی دەمێنێتەوە، هـەر ئەمەشـە کـە (سـۆفی)یەکان دەڵێن: با هیچ وابەستەییەکتان بە هیچ شتێکەوە نەبێت چـونکە سـەرەنجام مـەرگ هـەموو شـتێکتان لێ دەسـتێنێت و لێکتـان دادەبڕێت.

پاشای ناو ئەم گێڕانەوەیەمان هـەموو شـتێکی هـەبوو.. گـەلێ خەڵکی زانای لە دەوری خۆی کۆ کردبووەوە بـەڵام نـەیتوانیبوو

هیچیان لێوە فێر ببێت و ئەڵبەت ئەم زانایانەش، زانای ئاوەزمەندی راستەقینە نەبوون. تۆ ناتوانی هیچ لە زانایەك فێر ببیت کە هێناوتەتە خزمەتی خۆت، رێگەی فێر بوون لە زانایان ئەوەیە کە لە خزمەتیاندا بیت و گوێڕایەڵیان بیت و بکەویتە خاك و پایان، ئەمەیە ئەو رێگایەی کە تۆ دەتوانی شتێك لە زانایان فێر ببیت.

ئاوەز، وەکوو ئاوە کە تەنیا و زۆرتر دەڕژێتە ناو گۆم و قووڵاییەکانەوە.. زاناییش هەروایە، واتە دەبێ لە بەرامبەر زانایەکی ئاوەزمەنددا خاکەسار بین و هەرگیز هەوڵ نەدەین بەهۆی نەفسەوە خۆمان لەو بەرزتر ببینین. با لە ئاستی زانای ئاوەزمەنددا خاکەسار بین، وەکوو گۆمێك قووڵ و مەند بین تا ئاوەز و زاناییەکەی بڕژێتە ناخمانەوەو لێوڕێژمان بکات.

"رۆژێکیان پاشا بە نیگەرانییەوە هەموو وەزیرەکانی بانگ کردنە لای خۆی و..."

کاتێ دەوڵەمەند و بە دەسەڵات بیت و لە کۆشکێکدا بژیت و هەموو شتێکت بۆ مەیسەر و تەیار بێت ئەویش بە بێ هیچ هەوڵ و زەحمەتێك، دڵنیا بە رۆژێك بێزاری رووت تێدەکات و هەست دەکەیت ئەو ژیانە ناتوانێ رازی و دڵخۆشت بکات.. مەرگ لە خۆت بە نزیك و نزیکتر دەزانیت و ناتوانی خۆت لە چنگی خەم و

پەژارە و دەرد و حەسرەت رزگار بکەیت.[6]

پاشای ناو ئەم چیرۆکەمان تووشی ئاوەها کێشەیەك ببوو.. وڵاتی هاوسێی بە نیازی هێرشکردن بوو بۆ سەری و سوپاکەشی زۆر لەوەی ئەم بەهێزتر بوو.. پاشا ترسابوو، ئەو، لە مەرگ و شکست و نائومێدی دەترسا و هەموو ئەم ترسانەش وای لێکردبوو بیر لەم داهێنانە بکاتەوە. بۆیە وەزیرەکانی بانگ کردنە لای خۆی و پێیگوتن: دەمەوێ شتێکم هەبێت کە هەردەم حاڵ و بارودۆخم بە یەکسانی رابگرێت، واتە دەبێ شتێك بێت، کاتێ خەمبارم شادمانم بکات و کاتێکیش زۆر شادمانم، بتوانێ خەمبارم بکات.

ئەو، بۆ کلیلێك دەگەڕا کە بتوانێ هەموو قوفڵەکانی پێ بکاتەوە، قوفڵەکانی ژیان.. شادی.. خەم. ئەمە تەنیا کێشەی ئەو بوو، بەڵام کێشەیەکی گەورە و کوشندە.. ئەو دەیویست بە یەك کلیل هەردوو قوفڵی خەم و شادی بکاتەوە.. بە دڵنیاییەوە ئەو لەم بوارەوە گەیشتبۆوە تێگەیشتنێکی تایبەت هەر بۆیەش

---

[6] ئەم بابەتە دەمانخاتەوە بیری بێزارییەکەی ویشتاسب شا و پەنا بردنی بۆ ئەشو زەردەشت و ئەوەی کە سەرەنجام زەردەشتی ئاوەزمەندی راستەقینە بەهۆی دروستکردنی شەترەنج و هەرواش بە هۆی (دەنکە گەنم)ێکەوە پاشای داچڵەکاند و تێیگەیاند کە چۆن دەتوانێ لە دەستی خەمۆکی و نائومێدی خۆی رزگار بکات و چۆن لە ژیان و یاسای ژیانی ئاوەزمەندانە تێبگات.

ئاوا داخوازییەکی تایبەتی هەبوو.

ئەگەر مرۆڤ ئاوا ژیانێکی خۆشگوزەران و دەوڵەمەندانەی هەبێت، بە دڵنیایی گەلێ تەجروبەی جۆربەجۆری تاڵ و شیرینیشی دەبێت، ئەزموونگەلی رۆشن و تاریك.. خۆش و ناخۆش، هەموو ئەمانەش دەبنە رێخۆشکەرێك بۆ گەیشتنی بە تێگەیشتنێکی تایبەت و ناوازە.. تەنانەت لەوانەیە بکەوێتە سەر رێگای (رۆحانییەت) و (مەعنەوییەت)یش، کەمتر روودەدات کەسێکی هەژار و نەدار بکەوێتە ئەم دنیایە و ببێتە خاوەنی ئەم تێگەیشتنە، ئەڵبەت هەندێجار ئەم حاڵەتە روو دەدات و هەندێ مرۆڤی هەژاریش دەگەنە رۆحانییەت، بەڵام رۆحانییەتێکی ساکار و کەم مایە.

کاتێ (بوودا)یەك دەکەوێتە سەر رێگای مەعنەوییەت، ئەوا مەعنەوییەتەکەی بێ هاوتایە و بەراورد ناکرێت، دیارە هۆی مەزنی و قووڵیی ئەم مەعنەوییەتەش هەمان ژیانی خۆش و دەوڵەمەندانە و هەمان ئەزموونگەلی جۆربەجۆرن لەو ژیانەیدا، واتە ئەو ژیانە پڕ ئەزموون و دەوڵەمەندەی کە ئەو تەجروبەی کردووە.. ئەو، هەرهەموو بوار و لایەنەکانی ژیانی تەجروبە کردوون و تێیپەڕاندوون و لە پەنای هەمان ژیانی دەوڵەمەندانەیدا گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە سامان و دەسەڵات و خۆشگوزەرانی، بە تەواوەتی بێسوود و بێ بایەخن، من پێم

وانییە خەڵکی هەژار و کەمدەست و کەمدەسەڵات بتوانن بگەنە ئاوا تێگەیشتنێك.

بیر کردنەوە لە ژیانی بوودا زۆر سەرنجڕاکێشە: کاتێ لە دایك بوو، پێشگۆ و ئەستێرەناسەکان بە باوك و دایکیان راگەیاند: ئەم کوڕەتان لە داهاتوودا یا دەبێتە ئیمپراتۆرێك و هەموو جیهان دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە یانخود هەموو دنیا دەخاتە لاوە و دەبێتە رێبواری رێگای مەعنەوییەت.. بە دڵنیاییەوە یەك لەم رووداوانە لە ژیانی کوڕەکەتاندا روو دەدات.. دوو رووداوی دژبەر و پێچەوانەی یەکدی: یەکێك ئیمپراتۆریەت و داگیر کردنی هەموو جیهان و یەکێکیش پشت کردن لە دنیا و هەڵبژاردنی ژیانێکی هەژارانەی کوڵەمەرگی و دەرۆزەگەرانەی بە بێ خانومان و نان و نەوا. باوکی بوودا لێی پرسین: باشە ئاوا شتێك چۆن دەبێت؟.. ئێوە باسی دوو ئایەندەی دژبەر و ناکۆك و پێچەوانەی یەکدی دەکەن.. شتی وا چۆن روو دەدات؟

ئەستێرەناسەکان لە وڵامدا گوتیان: هەمیشە ئەگەری ئاوا شتێك هەیە.. کاتێ مرۆڤێك لە دایکدەبێت کە توانای داگیرکردنی هەموو جیهانی هەبێت، ئەوا پێچەوانەکەشی دەتوانێ روو بدات، واتە دەکرێ مرۆڤێکیش بێت پشت لە دنیا بکات و بچێتە خەڵوەوە.

تـەنیا فـەقیر و هـەژارن ئـارەزووی ژیـانی نـاو کۆشـك و تـەلار دەکەن، ئاوا ژیانێك بـۆ خاوەنـەکانی واتـە دەوڵەمەنـد و کۆشـك نشینەکان، نابێتە ئارەزوو.. ئەو کەسەی لـە کۆشـکدا دەژیـت و هەموو شتێکی لەبەر دەستدایە، ئیدی پـارە و سـامان بەلایـەوە هیچ نرخێکی نابێت.. کەسـێك بـەردەوام چـێژی مـاڵ و سـامانی چێشتبێت، ئیتر مێشکی لە ئارەزووە دنیایی و مادییەکان خـاڵی دەبێتەوە و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە: ژیان پووچ و بێ واتایە و تەنیا زانست و تەجروبەیە دەتوانێ مرۆڤ بگۆڕێت.

هـــەموو (بودا)کـــان شـــازادە بوونـــە.. ســـەرجەم (ئاواتـــار)ە هیندۆســـەکان شـــازاداە بوونـــە.. ئەمـــە رێکـــەوت نییـــە.. ئـــەوان هەموویان ژیانێکی خۆش و دەوڵەمەندانـەیان هـەبووە و هـەموو شـتێکیان لەبـەر دەسـت و لـە خزمەتـدا بـووە تـا سـەرەنجام گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە دنیا و ژیانی ئـەم دنیایـە پـووچ و بێ واتان و هیچ شتێکیان تێدا بەستە نییە.. هەر وەکوو پیازێـك وایە: هەرچەند زۆرتر و زیاتر توێیەکانی لێك جیـا دەکەیتـەوە و دەچـیتە نـاوەوە و چـاوەڕوانی شـتێکی تێـدا ببینـی، کەچـی دەبینی وا گەیشتیتە دواییـت تـوێی پێسـتەکە و هیچیشـی تێـدا نەبوو، بۆش و خاڵی و بـەتاڵ. رۆژێـك دەگـات کـە بـۆ مرۆڤێکـی خاوەن ژیانی دەوڵەمەندانە ئاوا شتێك روو بدات: ئەو، خـەریکی هەڵدانـەوەو لێکجیاکردنـەوەی تۆتـۆی ژیـان دەبێـت تـا دەگاتـە

پووچی و بۆشاییەکەی و ئیدی هیچ. بەڵام مرۆڤی هەژار هەرگیز ئاوا شتێك تەجروبە ناکات.. ئەو، تەنانەت توانای ئەوەیشی نییە یەکەمین توێی پیازی ژیان پاك بکات.. هاتوو ئەم کارەشی کرد، ئەوا بۆ ئەو چەندین توێی دیکە لە رێدان و هەر هەمیشە بەو ئومێدەوە دەژی کە بتوانێ توێی زیاتر هەڵبداتەوە و بگاتە چێژ و خۆشییەکانی ژیان، ئەمەش ئارەزوویەکە هەمیشە لە دڵی ئاوا مرۆڤێکدایە.

بەڵێ، ئەستێرە ناسەکان بە باوکی بودایان گوت: هەردوو حاڵەتەکە راستن.. کاتێ منداڵێك لە دایکدەبێت کە لە چارەیدا داگیرکردن و حوکمی هەموو جیهان نووسرابێت، ئەوا بۆی هەیە پێچەوانەکەشی بنووسرێت واتە تەرکی دنیا و گۆشەنشینی و خەڵوەی تەواو.

دەبێ ئەوەش بزانین کە خەڵوەکێش و گۆشەگیر و پشت کردوویەك لە دنیا، لە هەمانحاڵدا دەستی بەسەر دنیاشدا گرتووە و خستوویەتیە ژێر رکێفی خۆیەوە، چونکە کاتێ کەسێك هەر بە راستی و لە قووڵایی دڵیەوە دەیەوێ تەرکی دنیا بکات، ئەوا دیارە بە رادەی پێویست ژیانی دنیایی تەجروبە کردووە و گەیشتۆتە پووچی و بێ واتاییەکەی، یا بە واتایەکیدی، ئەو باڵق بووە و پێگەیشتووە و تێگەیشتووە کە

ئەم دنیایە هیچ شتێکی بە نرخ و گرینگی تێدا نییە.

باوکی بودا بە بیستنی ئەم قسانە خەم دایگرت و لە ئەستێرەناسەکانی پرسی: باشە ئێستا من دەتوانم یا دەبێ چی بکەم؟.. من هەر تەنیا ئەم تاقە کوڕەم هەیە و ئەویش لەم کاتەدا کە من پیر بوومە هاتۆتە دنیا.. من ئیدی گەنجەکەی جاران نیم و هاوسەرەکەشم هەر لەگەڵ لە دایکبوونی کوڕەکەم مرد هەر بۆیەش ناتوانم ئومێدەوار بم بەوەی ببمە خاوەنی کوڕێکیتر، کەواتە هەموو هێز و دەسەڵات و پاشایەتیم لە ناو دەچێت. ئەستێرەناسەکان بە باوکی بودایان راسپارد: نابێ بهێڵی کوڕەکەت رووبەڕووی هیچ دەرد و رەنج و ئازار و مەینەت و ناخۆشییەك ببێتەوە.. مەهێڵە کوڕەکەت لەوە تێبگات کە سەردەمی پیری بۆ هەموان دەگاتە بەرەوەو سەرەنجام هەموان دەمرن.. تا دەتوانی سەری گەرم بکە و کچ و ژنی جوانی لە دەور کۆ بکەوە و وا بکە هەمیشە لە شادی و خۆشیدا بێت چونکە ئەگەر دوور بوو لە دەرد و رەنج و مەینەت، ئەوا هیچکات ناکەوێتە بیری پشتکردن لە دنیا. باوکی بودا بە بێ هیچ کێشەیەك ئەم کارانەی ئەنجام دا: لە سێ شوێنی جۆراوجۆری وڵاتدا سێ کۆشکی بنیات نان کە تایبەت بوون بە سێ وەرزی ساڵ.. بودا لە زستاندا لە شوێنێکی گەرم و تایبەت و بە هاوینیش لە کۆشکێکی فێنکدا دەژیا.. هەرچی کچی جوانی

وڵات هـــــەبوون هێنرانــــە لای و ئــــەو، بەوپــــەڕی کـــــەیف و خۆشگوزەرانی دەژیا. دەڵێن: لە کۆشکەکانی بودادا هیچ گوڵێـك نـەدەژاکا و سـیس نـەدەبوو، چـونکە پـێش سـیس بـوونی هـەر گوڵێك، گورج دەیانگۆڕی و گوڵێکی تازە پشکوتوویان لـە جێـی دادەنا.. بودا، لە ژیانی ناو کۆشکەکانیدا، تەنانـەت رووبـەڕووی گەڵایەکی وشکیش نەبۆوە.. بە شەو، تاکبەتاکی گـەڵای وشـکی هەموو درەختەکانیان لێدەکردنەوە تا بودا نـەیانبینێت نـەوەکو بکەوێتە بیری ئەوەی کە گوایە کۆتاییەك بۆ ئەم ژیانەی ئـەویش هەیە.

بودا، هـەر تـەنیا شـتە جوانـەکانی دەبیـنین.. ئـەو، هەمیشـە ژیانێکی خەونئاسا دەژیـا، بـەڵام هەقیقـەت لـە هـەموو خـەون و خەیاڵێکیش تێدەپەڕێت و کەس ناتوانێ خۆی لە هەقیقەت دوور بخاتەوە یا لێی هەڵبێت. رۆژێ لە رۆژان کە بـودا بەڕێـدەکرا بـۆ دەرەوەی کۆشـك تـا لـە جـەژنێکی تایبەتیـدا بەشـداری بکـات، چـاوی بـە پیرەمێردێکـی زار و لاواز کـەوت. ئـەو، لـە ژیانیـدا هیچـکات پیرێکـی نـەبینیبوو.. دواتـر مـەیتێکی بینـی بـەرەو گۆڕستان بەڕێدەکرا. لە لێخۆڕی گالیسکە تایبەت و شـاهانەکەی خۆی پرسی: ئەوە چی رووی داوە.. بۆچی پشـتی ئـەم کابرایـە چـــەماوەتەوە.. بۆچـــی روخســـاری پـــڕە لـــە چـــرچ و لـــۆچ؟

گالیسکەوانەکەی وڵامی دایەوە: گەورەم، ئاوا دۆخێك بۆ هەموان دێتە پێش.. پیر بوون بەرەنجامێکی سروشتییە.. هەموو کەسێك پیر دەبێت.. پشتی دەچەمێتەوە و روخساری پڕ چرچ و لۆچ دەبێت.

دیسانەوە بودا پرسیی: ئەی باشە بۆ ئەو کابرایەی کە بە بێ جووڵە بەسەر ئەو تەختە دارەوە راکشاوە چی روویداوە؟ بۆچی خەڵکیتر بەسەر شانیانەوە بەرزیان کردۆتەوەو دەیبەن.. ئەی خۆی ناتوانێ بڕوات؟ گالیسکەوانەکە گوتی: ئەم کابرایەش مردووە.. مردن، قۆناغی پاش پیر بوونە.

لەم کاتەدا کتوپڕ هەقیقەت سەریهەڵدا و خەون و خەیاڵەکانی بودای تێکدان. بودا بە گالیسکەوانەکەی گوت: هەر لێرە رایگرە.. پێم بڵێ ئایا منیش رۆژێك وەکوو ئەمانە پیر دەبم و دەمرم؟

گالیسکەوان بە دوودڵییەوە گوتی: خاوەن شکۆ، من ئیزنی ئەوەم نییە وڵامی ئەم پرسیارەی بەڕێزتان بدەمەوە، لە لایەکیشەوە کاتێ دەبینم بەڕێزتان نیگەرانن ناتوانم درۆتان لەگەڵ بکەم.. بەڵێ وایە، ئێوەش هەروەکوو ئەم دووانە، رۆژێك دێت پیر ببن و بمرن.. ئەوەی دێتە دنیا، سەرەنجام هەر دەبێ پیریش ببێت و بشمرێت. کتوپڕ کابرایەکی تەرکی دنیا کردە بە دوای جەماورەی بەڕێکەری مەیتەکەوە بەدەر کەوت. بودا

پرسیی: ئەی ئەم کابرایە بۆ ئاوایە.. بۆ ئەو جلوبەرگە ئاودامانە نارنجییەی پۆشیوە؟.

بودا، تا ئەو کاتە هیچکات سۆفی و تەرکی دنیا کردوویەکی نەبینیبوو!.

تا ئەو کاتەی رووبەڕووی پیری و مەرگ نەبیتەوە، تەرککردنی دنیا هەست پێ ناکەیت.. پیری و مەرگ و تەرك کردنی دنیا رەوتێکی لۆژیکییە و یەك بەدوای یەکدا دێت.

گالیسکەوان وڵامی دایەوە: ئەم پیاوە، تەرکی ژیان و دنیای کردووە.. ئەو، لەوە تێگەیشتووە کە مەرگ کۆتایی بە ژیان دێنێ هەر بۆیەش پێشاوپێش تەرکی دنیای کردووە.

بودا گوتی: بگەڕێوە بۆ کۆشك، ئەوا منیش هەر لە ئێستاوە تەرکی دنیا و ژیانم کرد. لەو کاتەدا، تەنانەت گالیسکەوانەکەش لەو قسانەی بودا تێنەگیشت، بەڵام بودا پاش گەڕانەوە و هەر هەمان شەو، کۆشکی بەجێهێشت.

تەنها ئەو کەسانە دەتوانن تەرکی ژیان بکەن کە بە هەموو بوونیانەوە ژیابن.. ئەوانەی بە تەواوەتی و بە هەموو بوونەوە نەژیابن و ژیانیان نەناسیبێت، ناتوانن تەرکی بکەن و لێی دابڕێن چونکە بەردەوام پێوەی نووساون و هێشتا هەر بە ئاواتی ژیانێکی باشترن.. گەر باوکی بودا لە جیاتی ئەو

ئەستێرەناسانە لە منی بپرسیبا (چی بکەم تا کۆڕەکەم تەرکی ژیان و دنیا نەکات)، ئەوا پێمدەگوت: برسی و تینووی بهێڵەوە.. هیچکات تێری مەکە.. با ئەوەندە برسی بمێنێتەوە کە هەمیشە خەون بە خۆراکەوە ببینێت.. وا بکە ژیانێکی هەژارانە بژیت تا هیچکات نەکەوێتە بیری تەرك کردنی دنیا.

هەر ئەمە وای کردووە هەژارەکان هیچوەخت بیر لە تەرك کردنی دنیا نەکەنەوە.. ئەوە پاشاکانن هەردەم ئامادەی تەرکی دنیان.. دنیا تەرك کردوانی راستەقینە، هەمیشە لە ریزی پاشا و سوڵتان و ساماندارە بە دەسەڵاتەکاندا بوونە.. چۆن هەژارێك دەتوانێ دنیا و ژیانی خۆشی دنیا تەرك بکات، شتێك کە هیچکات نەیبووە و نییەتی.. تۆ شتێك دەتوانی تەرك بکەیت کە هەتبێت، ئەگەر شتێکت نەبێت، چۆن دەتوانێ تەرکی بکەیت؟

" پاشا گوتی هەستێکی سەیرم هەیە.. حەز دەکەم شتێکم هەبێت

هەردەم بارودۆخم یەکسان ڕا بگرێت.. دەمەوێ دروشمێك بێت کە هەرکاتێ زیز و زویرم

خۆشحاڵم بکات و هەرکاتێکیش خۆشحاڵم مات و زویرم بکات"

پاشای ناو ئەم چیرۆکەمان لەوە تێگەیشتبوو کە شادی و خەم لە راستیدا هیچ جیاوازییەکیان نییە.. ئەو، تەنانەت لە وەزیرە ژیرەکانی خۆیشی ژیرتر بوو هەر بۆیەش داوای دروشمێکی وای

لێکردن بتوانێ هەردوو قوفڵی شادی و خەم پێکەوە بکاتەوە.. خەم و شادی، لە راستیدا دوو شتی لێك جیاواز نین، ئەوان یەك شتن.. دووی رووی دراوێکن و هەر بۆیەش درگای هەردوکیان بە یەك کلیل دەکرێتەوە.

وردتر سەرنجی باری دەروونیی خۆتان بدەن: کاتێ زۆر شاد و بە کەیفن، ناختان پڕە لە خۆشی و شادی بەڵام لە دەرەوەی ناختاندا، ئەوە خەم و پەژارەیە کە چاوەڕوانیتان دەکات.. لە راستیدا لە شوێنێکی ئەو خۆشی و شادییەدا تۆوی خەم و پەژارە دەڕوێت و گەشە دەکات، هەرواش کاتێ خەمبار و زویرن، ئەم دەرفەتەتان هەیە کە بتوانن وزەیەکی چاك کۆ بکەنەوە و ئەو خەم و پەژارەیەتان بگۆڕن بۆ شادمانی، رێك وەکوو بەربەیان کە هەتاو خەریکی هەڵاتنە.. لەو کاتەدا ئێوە بە هیچ جۆرێك ئاوابوونی هەتاو نابینن و تەنانەت بیریشی لێناکەنەوە کەچی لە راستیدا ئاوابوون هەر لەم هەڵاتنەی هەتاودا پەنهانە، لە راستیدا، ئاوابوون هەر لەگەڵ ئەم هەڵاتنەدا دێت. کاتی نیوەڕۆ کە هەتاو لە بەرزترین شوێنی خۆیدایە و هەموو دنیا رووناکە، هیچکەس بیر لە تاریکایی شەو ناکاتەوە کەچی هەر لەم کاتەدایە تۆوی شەو و تاریکی دەڕوێت و خەریکی گەشە دەبێت.. هەروەها لە تاریکترین کاتی شەویشدا

بەربەیان تۆو دەکات و لە گەشەدا دەبێت. ئـەم هاوکێشـەیە بـۆ هەرهـەموو شـتە دژبـەرەکان وەکـوو یەکـە: ئـەو کاتـەی عاشـق دەبـن، تـۆوی کینەیـەکیش لـە دەروونتانـدا دەڕوێـت.. کاتـێ شادمان و خۆشحاڵن، تۆوی خەم و پەژارە لە ناختاندا خـەریکی سەوز بوونە.. کاتێکیش زیز و خەمبارن، گـەر کـەمێك سـەبرتان هەبێت، ئەوا شادی دێتە بەر درگای ناختان و لە درگا دەدات.

شـتە دژبـەرەکان، هەمیشـە پێکـەوەن و پێکـەوە بوونیـان دەبێت.. هەرکاتێ ئێوەش گەیشتنە ئـەم ئاسـتەی دەرککـردن، ئەوا زۆربەی زۆری کێشـە و سـەختی و ناخۆشـییەکانی ژیانتـان لەناو دەچن و ئێوە ئاسوودە دەبن.

" پاشا گوتی: هەستێکی زۆر سەیرم هەیە.. دەمـەوێ شـتێکم هەبێت کە..."

دەڵێن: سۆفییەکان ئەنگوستیلەیەکیان هەیە، هەرکەس بتوانێ بیکاتە پەنجەی، دەچێتە ئەودیوی ژیان و مەرگەوە.. ئـەودیوی مەرگ و ژیـان دەناسـێت و دەگاتـە ئەوپـەڕ و ئـەودیوی خـەم و شـادی، لەوانەیـە پاشـای نـاو ئـەم داسـتانەی ئێمـەش شـتێکی دەربارەی ئەو ئەنگوستیلەیە بیستبێ کـە ئاوەهـا داواکارییـەکی هــەبوو. ئــەو، بــۆ کیمیایــەك دەگــەڕا کێشــە دەروونییــەکانی چارەســەر بکــات: ئــەو کاتــەی شــادمانە، خــەمباری بکــات و هەرکاتێکیش خەمبارە، دڵی خۆش و شادمان بکات.. لە راستیدا

ئەو، لە هۆکارێك دەگەڕا، بە هۆیەوە بتوانێ بەسەر حاڵەت و هەستە جۆربەجۆر و دژبەرەکانی خۆیدا زاڵ بێت.

کاتێ زیز و زویر و خەمبارن و هیچتان لە دەست نایەت، لە دڵەوە دەڵێن: زۆر ناڕەحەت و خەمبارم و هیچ ڕێگەچارەیەکیشم نییە لەم خەم و پەژارەیە ڕزگارم بکات.. هەروەها کاتێکیش شادمانن، ئەگەریش بتانەوێ لە شادییەکەتان هەڵبێن، ناتوانن و هیچتان لە دەست نایەت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێوە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکتان بەسەر حاڵەتە جۆربەجۆرەکانی خۆتاندا نییە.. ئەم پاشایە دەیویست، سەرەڕای حوکمڕانی بەسەر وڵات و نیشتمانەکەیدا، بەسەر حاڵەت و بار و هەستە جۆربەجۆرەکانی خۆیشیدا زاڵ بێت و حوکمیان بەسەردا بکات.. ئەو دەیویست، بە ئاسانی بتوانێ شادمانییەکەی بکاتە خەم و خەمەکەشی بگۆڕێت بۆ شادمانی، لە ڕاستیدا ئەو نەیدەویست ببێتە قوربانیی حاڵەت و هەستە جۆربەجۆرەکانی خۆی.

ئاوا ئێکسیر و کیمیایەك بوونی هەیە.. ئەنگوستیلەیەکی ئاوا بوونی هەیە کە بتوانێ بتکاتە خاوەنی ئاوا توانایەك بۆ گۆڕینی حاڵەتەکان و زاڵبوونت بەسەریاندا.

" ... کاتێ ناڕەحەتم شادمان بکات و هەرواش کاتێ شادم، خەمبارم بکات..."

هەموان لەگەڵ خاڵی یەکەمدان.. هەموان حەز دەکەن کاتێ زویر و خەمبارن، شادمان و دڵخۆش ببنەوە. بەڵام بۆ خاڵی دووەم لەوانەیە بڵێن: هیچ پێویست ناکات شادیمان بگۆڕین بۆ خەم. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم دوو حاڵەتە هەردوکیان پێکەوە بوونیان هەیە، واتە ئەگەر بتوانین یەکێکیان بگۆڕین، ئەوا دەتوانین ئەویتریش بگۆڕین.. ئەگەر توانیتان زاڵ بن بەسەر هەست و حاڵەتە جۆربەجۆرەکانی خۆتاندا، ئەوا دەبێ بشزانن زۆر خۆش دەبێت ئەگەر جاروبار تەجروبەی خەم و پەژارەش بکەن.

خەم و پەژارە، دیاردەیەکی رواڵەتی نییە.. بەڵکوو سەرچاوەیەکی زۆر قووڵی هەیە، لە حاڵێکدا شادی دیاردەیەکی تەواو رواڵەتییە و ئەو قووڵییەی خەمی نییە.. خەم و پەژارە جوانییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، جوانییەکی دڵخواز و دڵنشین.. جوانییەك کە هیچ شادییەك ناتوانێ پێتان ببەخشێت.. ئێوە تا ئێستا نەتانتوانیوە چێژ لە جوانی و قووڵایی خەم بەرن، چونکە تا ئێستا لێی بە ئاگا نەبوونە و لەگەڵی نەژیاون.. وشیاری و ئاگاییتان گەشەی نەکردووە و پێنەگەیشتووە. هەرکات ئاگایی کەسێك گەشەی کرد و پەرەی سەند، ئەوا ئەو کەسە دەتوانێ چێژ لە هەموو شتێك وەر بگرێت، تەنانەت خەم و پەژارەش. لەم حاڵەتەشدا، خەم بۆ ئەو

هەر وەکوو ئاوابوونی هەتاو ئارام ئارام پەنهان دەبێت و بە نەمانی ئەویش، هەموو شتێك دەکەوێتە ئارامش و بێدەنگییەکی رۆحنەوازەوە، ئارامش و بێدەنگییەك کە ئیدی تەنانەت جریوەی چۆلەکەش نایەت.. ئەگەر مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی ئاگایی، ئەوا خەمیش لە لای جوانە بەڵام گەر وانەبێت، تەنانەت شادییشی لە لا جوان نییە و چێژی پێ نابەخشێت.

پاشای ناو چیرۆکەکەمان دەیویست زاڵ بێت بەسەر حاڵەت و هەستەکانی خۆیدا و هەربۆیەش حەزی دەکرد و هەوڵی دەدا حاڵەتە رۆحییەکانی هەمیشە یەکسان و وەك یەك بن. ئایا تا ئێستا لەوە تێگەیشتوون کە لەوانەیە شادمانیی درێژخایەن و بەردەوام ببێتە هۆی بێزاری و ماندوو بوون؟.. شادی و خۆشی چەشنە هەڵچوونێك لە گەڵ خۆی دێنێت و ئەگەر مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دورودرێژ و بە بەردەوامی شاد و خۆشحاڵ بێت، ئەوا لەوانەیە زەین و جەستەی توانای وەرگرتن و قبووڵکردنی ئەو هەموو هەڵچوونەی نەبێت و ماندوو ببێت.. شادی و خۆشی وەکوو (تا) وایە و مرۆڤ ناتوانێ بەردەوام تێیدا بمێنێتەوە، هەڵچوونی زۆری شادی و خۆشی دەبێتە بارێکی قورس بەسەر دڵتانەوە، هەر بۆیەش مرۆڤە شادمان و دڵخۆشەکان زیاتر لە خەمبارەکان تووشی نەخۆشیی دڵ و (سەکتە/ جەلدە) دەبن،

چــونکە خــەمبارەکان کــەمتر تووشــی هەڵچــوون و دڵــەڕاوکێ دەبنەوە.

شــادی و خــەم، وەکــوو دوو خانــەی رووبــەڕووی یــەکن لــە چەرخوفەلەکێکدا، لەگەڵ گەڕان و سووڕانی ئەو چەرخوفەلەکەدا خانەکان شـوێنگۆڕکێ دەکـەن و هـەرجارەو یـەکیان دەکەوێتـە سەرەوە، بە سووڕانی چەرخی ژیانیش کە هـەموومانی تێـداین، هەنـدێجار خانــەی شــادی لــە ســەرەوەیە و ئێمــە شــادمانین و هەندێجاریش خانەی خەم دەکەوێتە سەرەوە و ئەوەتە ئێمـەش خەمبار دەبین.

"وەزیـرە ژیرەکـانی پاشـا بیریـان لێکـردەوە و کەوتنـە راوێـژ لەگەڵ یەکدیدا"

ئــەوە زاناکــانن کــە هەمیشــە لەمــەڕ زانیارییــەکانی خۆیــان دەکەونـە راوێـژ، چـونکە لەوانەیـە یـەکێکیان شـتێك بزانێـت و ئەوانیدی لێی بێ ئاگا بن. بەڵام ئاوەز خاڵی بەرامبەری زانابییـە، کاتێ ئاوەزمەندێك شـتێکی زانـی، ئیـدی پێویسـت ناکـات بـیری لێبکاتەوە، ئاوەزمەندان بە تەواوەتی لە ناخ و کرۆکـی شـتەکان دەگەن و دەتوانن لە هەمان کاتدا وڵام بدەنەوە.

مــن گێڕانەوەیــەکیتری ئــەم چــیرۆکە دەزانم و پێموایــە زۆر سەرنجڕاکێش بێت.. لەم گێڕانەوەیەدا، زانایان هیچیان پێ نەکرا و ئـەقڵیان بـە هـیچ رێگەچـارەیەك نەشـکا بۆیـە رۆیشـتنە لای

(سۆفی)یەك و داوای ڕێنمایی و چارەسەریان لەو کرد.. ئەم کابرا سۆفییە، خۆی ئەنگوستیلەیەکی لەوجۆرەی هەبوو.. ئاوەزمەندان هەمیشە ئاوەها شتێکیان لای خۆیان هەیە.. سۆفی، ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەرهێنا و دایە وەزیرەکان و پێیگوتن: بیدەنە پاشا بەڵام پێی بڵێن کە تەنیا کاتێك دەتوانێ سەیری بکات، کە هەست بکات هیچی پێناکرێت و گەیشتۆتە بنبەستێکی تەواو.. بە هیچ جۆرێك نابێ بۆ کونجکۆڵی سەیری بکات چونکە گەر وا بکات، ئەوا ناتوانێ هیچی تێدا ببینێت و ئەنگوستیلەکەش تایبەتمەندیی خۆی بۆ ئەو لەدەست دەدات.. دەبێ ئاگادار بێت کە ئەو دروشمەی ئەو دەیەوێت، هەر هەمیشە لەم ئەنگوستیلەیەدا هەیە بەڵام بۆ ناسین و تێگەیشتنی تەواو لێی، پێویستمان بە کاتێکی زۆر لەبار و شیاو دەبێت. بە پاشا بڵێن: هەرکاتێ تەواو هێوای بڕا و گەیشتە ئەوپەڕی بێ ئومێدی ئینجا ئەنگوستیلەکە بکاتەوە و سەیری بکات. وەزیرەکان گەڕانەوەو ئەنگوستیلەکەیان دایە پاشا و راسپاردەکانی سۆفیشیان پێ ڕاگەیاند و ئەویش پەیڕەویی لە راسپاردەکانی سۆفی کرد. ماوەیەك دواتر، وڵاتی هاوسێی هێرشی هێنایە سەری و لەشکرەکەی شکست دا.. زۆر کات و بارودۆخی ناسك و بێ ئومێدی ڕوویان لە پاشا کرد و

ئـەویش حــەزی دەکـرد ئەنگوسـتیلەکە دەر بهێنێـت و سـەیری بکات، بەڵام ئەمکارەی نەکرد چـونکە هەسـتی دەکـرد: گەرچـی خەریکـە شکسـت دەخـوات و وڵاتــی لێ داگـیر دەکرێـت، بــەڵام هێشتاش زینـدووە و دەتوانـێ بـیر لـە هاوکێشـەکان بکاتـەوە.. دوژمن نزیکی کۆشکەکەی بۆوە و ئەویش بە ناچـار و بـۆ رزگـار کردنی گیانی خۆی، کۆشکی بە جێهێشت و لەگەڵ چەند کەسێك لـە نزیکـەکانی خـۆی هــەڵات.. دوژمــن دوای کــەوتبوو و ئــەو دەیتـوانی دەنگـی سمـی ئەسـپەکانیان ببیسـتێ کـە لێـی نزیـك دەبوونەوە.. کتـوپڕ زانیـی ئـەو رێگەیـەی ئـەوی پێـدا دەڕوات، کۆتاییەکـــەی دەگاتـــە هەڵـــدێرێکی ســـەخت.. دوژمـــن لـــە پشــتەوەیەتی و هــەر ئــان لێــی نــزیکتر دەبێتــەوە.. ئــەو، نــە دەتوانێ بگەڕێتە دواوە و نە رێگایەکیشی لە پێشە بۆ هــەڵاتن.. هەڵدێرەکـە زۆر بــەرز بـوو، پاشــا گەیشــتیۆوە کۆتــایی رێگــا و مەرگی حەتمی بوو.. کـەوتبۆوە ناخۆشـترین و تـاڵترین حاڵـەتی هەموو ژیانی.. لە ناکاو کەوتە بیری ئەنگوستیلەکە.. دەریهێنا و سـەیرێکی کـرد.. بینیــی تێیــدا نووســراوە: "ئەمــەش بەســەر دەچێت".

هەر وایش بوو.. دوژمن، کە دوای کەوتبوو و زۆریش لێی نزیك کەوتبۆوە، رێگاکەی گۆڕی و لایدایە رێگایـەکیتر.. پاشـا کـە لـە پشت بەردێکی گەورەوە خۆی حەشار دابـوو، ئێسـتە گـوێی لـە

دەنگی سمی ئەسپەکانی دوژمن بوو کە لێی دوور دەکەوتنەوە.. لەبەر ترس و ماندوێتی خەوی لێکەوت.. دواتر، بەماوەی دە رۆژێك توانیی لەشکرەکەی کۆ بکاتەوە و هێرش بکاتە سەر دوژمن و ئەمجارە ئەو دوژمن شکست بدات و سەرەنجام بە سەرکەوتوویی بگەڕێتەوە وڵات و کۆشکەکەی خۆی. هاووڵاتیان کردبوویانە جەژن و، ستایشی پاشا و ئەم سەرکەوتنەیان دەکرد، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێ لە هەموو شوێنێك بەرز ببۆوە.. پاشا زۆر شادمان و خۆشحاڵ بوو و لە خۆشیانا خۆی پێ ڕانەدەگیرا.. دیسانەوە کەوتەوە بیری ئەنگوستیلەکە، دەریهێنا و سەیرێکی کرد و جارێکیتر چاوی بە هەمان دروشم کەوتەوە: "ئەمەش بەسەر دەچێت".. ئیدی ئارامشێکی زۆر سەیر هەموو ناخی داگرت و هەموو هەڵچوونەکانی ئەو شادییەشی لە کۆڵ خۆی کردنەوە. دەڵێن: ئەم پاشایە، بە بیرکردنەوەی هەمیشەیی لەو دروشمە، سەرەنجام گەیشتە لووتکەی تەکامول و پێگەیشتوویی.

هەرکاتێ هەست بە رق و قین، تووڕەیی، خەم و پەژارە یانخود خۆشەویستی، کەیف و خۆشی و شادییەکی لە رادەبەدەر دەکەن و ئەم هەستە بەسەر ناختاندا زاڵ دەبێت، بزانن و ئاگادار بن کە هەموو ئەو هەست و حاڵەتە تایبەتانە

کـاتی و کەمخایـەنن.. هەمیشـە لـە ناخـەوە بـیر لـە پەیامـە قووڵەکەی ئەم دروشمە بکەنـەوە: "ئەمـەش بەسـەر دەچـێت".

ئەگەر ئەم دروشمە لە زەین و ناخی خۆتاندا جێگیر بکەن، ئـەوا ئیتر شادی بە لاتانـەوە خۆشـییەکی هەمیشـەیی نابێـت بـەڵکوو تـــەنیا کــات و دۆخێکـــی کورتخایـــەن و کـــەم تەمەنـــە.. لـــەم حاڵەتەشدا تێدەگەن کـە بـوونی راسـتەقینەی ئێـوە شـتێکە لـە سەرووی هەموو ئەم هەست و حاڵەتە کورتخایەنانەوە.

کاتی خەم و پەژارە ئەوەتان لە بیر بێـت کـە ئـەم دۆخ و ئـەم هەستە کورتخایەنە و بەسەر دەچێت، کـاتی شـادی و خۆشـیش هەروا بیر بکەنەوە، بەمپێیەش سنوورێك دەکەوێتە نێوان ئێوە و حاڵەت و هەستە جۆربەجۆرەکانتان و ئارام ئـارام تێدەگـەن کـە بوونی راستەقینەتان شتێکی زۆر جیاواز و دوورە لـەم هەسـت و حاڵەتانە.. ئارام ئارام خۆتان تەنیا وەکوو شایەتێك دەبیننـەوە کـە هـەر تـەنیا سـەیری ئـەو هەسـت و حاڵەتـە کورتخایەنانـە دەکات.. ئیدی ئارامش و بێدەنگییـەکی دڵگـیر هـەموو بوونتـان دادەگرێت، ئارامییەك کە لـە سەرچـاوەیەکی رۆحییـەوە سـەری هەڵداوە و هیچ رووداوێك ناتوانێ بیشێوێنێت و لێتانی تێك بدات. هەرچەندە سنووری نێوان خودی راستەقینە و هەسـت وحاڵەتـە جۆربـــەجۆرەکانتان زۆرتـــر و بـــەرینتر ببێـــت، ئـــەوا دەگەنـــە ئاگاییـــەکی زیـــاتر و هەرچـــەندە ئاگاییتـــان زۆرتـــر بێـــت، ئـــەو

سنوورەش زۆرتر و بەرینتر دەبێتەوە، بەڵام ئەم شتە روو نادات تاوەکوو لەوەی پێشتر هەبوون و هەن، تێبپەڕن و لە وشیاری و ئاوەز و ئاگاییەکی تازە و نوێدا لە دایك ببنەوە. وەرن هەر هەموو بۆچوون و فەلسەفە و ئایدیا و دەماربەرزی و نەفسەکانی خۆتان بڕژێننە دوور و خۆتانی لێ داماڵن تا دەرفەت و ئیزنی ئەم لە دایکبوونە نوێیە بدەنە خۆتان.. سەرجەم رابردووی خۆتان بخەنە لاوە و لە ناخی خۆتاندا کەشێکی لەبار بۆ پێشوازیی ئەم میوانە نوێیەتان بڕەخسێنن.

"ئەمەش بەسەر دەچێت"..

ئەمە دروشمێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە.. شاکلیلێکەدەتوانێ هەرهەموو قوفڵ و گرێکوێرەکانیش بکاتەوە. هەوڵ بدەن ئەم دروشمە هەمیشە و بەردەوام لەبەر چاوتان بێت.. بهێڵن با ئەوەندە بە قووڵی بچێتە ناختانەوە کە تەنانەت کاتی خەویش هەر ئاگادار بن و بزانن کە "ئەمیش بەسەر دەچێت".

بهێڵن با ئەم دروشمە، هەروەکوو هەناسەدان، هەمیشە لە زەینتاندا دووبارە ببێتەوە و ببێتە بەشتێکی دانەبڕاو لە بوون و بیرو هزرتان، تەنیا لەم حاڵەتەدا دەتوانێ ناختان بگۆڕێت.. تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە ئەم شاکلیلە، قوفڵی نهێنیترین و

شاراوەترین رەمز و رازەکانتـان بـۆ دەکاتـەوە. گـەر دەتانـەوێ هیچکات نەبنە دیلی هیچ هەستێکی تایبەت و هەموو دۆخـەکانی ژیان بە کامەرانی و ئاگایی تێپەڕێنن و چێژی راستەقینە لە ژیان و لە دنیا بەرن، ئەم دروشمە بکەنە شاچرای رووناک کـەرەوەی رێگای بیرو هزرتان و بڕوا بە خۆتان بهێنن و بە هەمان بڕواوە بە دڵ و ناخی خۆتان بڵێن:

"ئەمیش بەسەر دەچێت".

***


دەفتەری پێنجەم
لە خاچ درانەوەی دووبارەی مەسیح..
ئەمجارەیان لە ئەمەریکای (ڕۆناڵد ڕیگن)-دا

**پێشەکییەکی کورت بۆ بەرچاو رۆشنییەکی پێویست بۆ ئەم دەفتەرە:..**

کاتی خۆی، خومەینی گوتی: "ئەمریکا شەیتانی گەورەیە" ئێمەی گەنجانی ئەو سەردەمە، کە چاك ئاگاداری چۆنیەتیی تێکشکانی (شا) و هاتنەوەی (خومەینی) بووین و دەمانزانی ئەگەر ئەمریکا پشتی لە شا نەکردبا و لە دوایین کۆبوونەوەی پاریسی (ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا)دا بە (مۆنی)یەکی هەڕەشە ئامێزەوە بەرپەرچی پێشنیارەکەی ئەو سێ دەوڵەتەی نەدابایەوە کە پێشنیاریان کردبوو گوایە "دەبێ پشتی شا بگرین و پێش بە کەوتنەکەی بگرین" و نەیگوتبا: "هیچ پێویست بەو پشتگیرییە نییە و شا تەواو بووە و دەبێ بڕوات"، ئەوا نە شا دەڕووخا و نە خومەینی بەو ئازادییە دەهاتەوەو نەش شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن چەند (ئاخوند)ێکی رەش ئەندێشەوە دەدزرا و بە لاڕێدا دەبرا، پێکەنینمان بەو قسە (پیرەژنانەیە) دەهات.. بەڵام دواتر راستی و رەهەندە فەلسەفییەکەی ئەو قسەیەمان بۆ دەرکەوت:..

ئەمریکا، نەك هەر نەیهێشت هیچ وڵاتێك شا بگرێتە خۆی و سەپاندی بەسەر وڵاتێکی عەرەبیدا، ئەویش بۆ شوێنگومکێیەکی سیاسیی سەوداکارانە، بەڵکوو لە رواڵەتدا تەنانەت بەوەش رازی نەبوو شا بۆ دکتۆر و چارەسەری نەخۆشییە کوشندەکەیشی

بڕواتە ناو خاكی ئەو وڵاتەوە..

ڕۆناڵد ڕێگن، لە یەكەمین كاتژمێرەكانی سەرۆكایەتییدا مژدەی بەربوون و ئازادیی دیپلۆماتە گیراوە ئەمریكییەكانی بە خەڵكی وڵاتەكەی دا و دوایش دەركەوت كە ئەم كارە و هەمان ڕەتكردنەوەی شایش، ئەنجامی ساتوسەودایەكی سیاسی بووە لەنێوان ئەمریكا و ئاخوندەكاندا و ئێرانیش چەك و پارەیەكی بەرچاوی لە ئەمریكا وەرگرتووە..

دواتر كەوتینەوە بیری دروستكردنی (ئوسامە بن لادن) لە لایەن خودی ئەمریكاوە دژی بلۆكی شەرق (سۆڤیەت) و چۆنیەتیی تێكشكاندنی پێشمەرگەی مرۆڤایەتی (چێ گیڤارا) و...و...و دەیان ڕووداویتر كە ڕاستیی ئەو گوتەزایەیان دەرخست.. ڕۆژ هاتوچوو.. ساڵ هاتوچوو و عەبدوڵڵا ئوجالان كەوتە ناو داوی گەلەكۆمەكییەكەوەو تەنگی پێ هەڵچنرا و گیرا، یا بە واتایەكی ڕاستتر، ڕفێنرا و ڕادەستی توركی فاشی و دڕەندە و خوێنمژ كرایەوە. پێموایە مانگی (ئادار)ی ساڵی (1999) بوو خودی من وتارێكم لەمەڕ ڕفاندنی (ئاپۆ) نووسی و تیایدا ئەمریكام بە دزی سەرەكی و (سەری مارەكە) لە قەڵەم دا و كەمێك سیاسەتی پشتەپەردەی ئەمریكا و ئەو هەڵمەتی ڕفاندنەم شیكردەوە.. ئێستاش كە ئەم گێڕانەوەیەی (ئوشۆ)

دەنووسمەوە، یادی پیلانی رفاندنی ئاپۆم لە لا زیندوو و زەقتر دەبێتەوە و هەر دوو چیرۆکەکە بە یەك و وەکیەك دەزانم و زۆرتر لەوە دڵنیا دەبم کە بە ڕاستی "ئەمریکا شەیتانی گەورەیە"!!

ئەگەر خوێنەری هێژا بە وردی ئەم گێڕانەوەیە بخوێنێتەوەو بە وردیش لەگەڵ پیلانی رفاندنەکەی ئاپۆدا بەراوردی بکات، ئەوا لێکچوون و یەکبوونی هەردوو پیلانەکەی بۆ دەردەکەوێت و دەگاتە وڵامی ئەو پرسیارەش کە: (بۆچی ئەمریکا ئەم کارانەی کرد؟)، من بەشبەحاڵی خۆم دەمێکە وڵامی ئەو پرسیارەم دۆزیوەتەوە: ئەمریکا بەو زل و زەبەڵلاحییەیەوە، بەوهەموو هێز و دەسەڵاتی مادی و تەکنەلۆژی و سیاسییەوە، لە (فکر) دەترسێت.. لە (فکر) زارە ترەك دەبێت و ناتوانێت لە بەرامبەر (فکر)دا خۆی رابگرێت.. ئاخر ئەمریکای زەبەڵلاح، تەنیا رۆبۆتێکی بێگیان و بێ هەستی تەکنەلۆژییە و (فکر)ی ئینسانییش هەوڵی تێکشکاندنی ئەوجۆرە رۆبۆتە میکانیکییانە دەدات و دەیەوێ ژیان بە واتا راستەقینە ئینسانییەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ مرۆڤایەتی. (ئەمریکا)ی ئیمپریالیسمی سیاسی کە بە گوتە جوانەکەی ئوشۆ، " ئەمڕۆ بۆتە ئیمپریالیستێکی مادی"، فکری لە ناخی (لینین و گیڤارا و ئاپۆ و ئوشۆ)دا دۆزیبۆوە و دەترسا ئەو فکرە ببێتە هەڕەشە و مەترسییەکی

رووخێنــەر بــۆ زەبەڵلاحییــە نامەشــرووعەکەی خــۆی و لــەو ڕۆبۆتییەی بخات و ئەو (هەیمەنـە) درۆیینـەی لێ داماڵێـت، هـەر بۆیەش ژێراوژێـر و بـە دەیـان پیلانـی ئەهریمـەنی و ئەڵبـەت لـە پشتەوەش خەنجەری لێدان و بەودەردەی بردن کە دڵنیام مێژوو بێزی لێدەکاتەوە.. نامەوێ لەسـەر رەهەنـدە ئەهریمەنییەکـەی ئەمریکا بڕۆم چونکە ئەم پرسە بۆخۆی دەبێتە (مەسنەوییەکی سەد مەن کاغەز) و دیارە کات و دەرفـەت و پلانێکـی جیـاوازی گەرەکە.. ئەوەندە هەیە، دەمەوێ خوێنەری وردبین هـان بـدەم لەسەر بەراوردێکی راوەودوو نانەکەی ئوشۆ و رفاندنەکەی ئـاپۆ تا خۆی بگاتە ئەنجامی پێویست و پەی بـەرێت بـە نەگریسـی و ناپـاکیی سیاسـەتی سیاسـەتبازەکانی ئـەم ڕۆبۆتـە زەبەڵڵاحـە ترسێنەرە کە بەڕاستی خەریکە سووکایەتی بـە هـەموو گێتـی و هەموو مرۆڤایەتی دەکات!!!.

جەلیل عەباسی

هەولێر 2009/8/25

*

## له خاچ درانەوەی دووبارەی مەسیح

## ئەمجارەیان لە ئەمەریکای (رۆناڵد ریگن)دا

ئازیزەکانم..

ماوەیەکی زۆر لێتان دوور بووم و ئەم دوورییەش گەلێ بۆم سەخت بوو.. بۆ حەوت هەفتە هەردەم و تەنیا پڕ و لێوڕێژ بووم لە عەشقی ئێوە.. لە بوردەباریی ئێوە.. لە تینوێتیی ئێوە.. لە حەزی ئێوە.

ئەم رۆژانە زۆر پڕ بایەخ بوون: حەوت هەفتە پێشتر، من تووشی هەوکردنی بیستیاری هاتبووم.. ئەمە شتێکی ئاسایی بوو.. بە پێی ئەزموونی باشترین پسپۆڕێك کە لێرە هەمانە، واتە دکتۆر (جاگ)، دەبوو ئەم کێشەیە لە ماوەی چوار رۆژدا چارەسەر بکرابا کەچی هێشتاش پاش حەوت هەفتە هەروا ماوەتەوە.. گوایە ئەو، بە درێژایی تەمەنی ئاوا شتێکی نەبینیوە.. ئەو ناتوانێ بڕوا بکات، چونکە هیچ دەرمانێك کاریگەر نابێت، ئەو، هەرچەشنە داودەرمانێکی شك بردبێت، تاقیی کردۆتەوە و بەکاری هێناوە.. سەرەنجام ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر عەمەلیات، کەچی دوای عەمەلیاتیش هەر چارەسەر نەبوو.. دکتۆر وای بۆ دەچێ کە لەوانەیە ناچار بێت کار لەسەر ددانەکانم بکات، ئەمەیان ددانپزیشکە، کەچی دووبارە هیچ شتێك دەر نەکەوت؟ دکتۆری

دەرمانسازی تایبەتیم (دکتۆر ئامریتۆ) گورج بە هەموو (سانیاسین)، موریدەکانی راسپارد تا دەتوانن لەمەڕ ئەم (ژارە) پرسیار لە باشترین پسپۆڕەکانی جیهان بکەن.. لەبەر ئەوەی ئەمان هەرچی پشکنین و تاقیکاری هەبوو بۆ منیان کرد و سەرەنجام گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە گوایە دەبێ من ژارخوارد کرابم.. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەك نییە پیشان بدات بۆچی من رۆژ بە رۆژ لاوازتر دەبم. ئەوان بۆچوونێکی زۆر سەیریان هەیە: هەنگاو بە هەنگاو دوای کێشەکە کەوتن تا سەرچاوەکەی بدۆزنەوە.. سەرجەم ئەو نیشانە و بەڵگەیەی دۆزییانەوە، پیشاندەری ئەوەیە کە ژارێکی سەیر دەرخواردی من دراوە. من خۆم گومانی شتێکی وام کردبوو، بەڵام بە هیچکەسم نەدەگوت.. ئەو رۆژەی بە بێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی و هیچ تاوانێك لە ئەمەریکا دەسبەسەر کرام، ئەوان دژایەتیی هەرچەشنە کەفالەتێکیان بۆ ئازاد بوونم کرد.. دادوەری گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان سێ رۆژ باسی کرد و سەرەنجام گوتی: من ناتوانم هیچ تاوانێك دژی ئەو بسەلمێنم، بەڵام لەوانەیە بەشەکانیتر بتوانن شتێکی لە دژ بدۆزنەوە. ئەمە زۆر گاڵتەجاڕانەیە.. ئەوان نەیاندەتوانی بێتاوانێك تاوانبار بدەنە قەڵەم ئێستا بەهەر شێوازێك، خۆ هیچ یاسایەکیش لە دنیادا نییە بە هۆیەوە بکرێ تاوانێك بەسەر بێتاوانێکدا بسەپێنرێت.. ئەمە ئەمرێك بوو لە لایەن

حکوومەتی ئەمەریکاوە کە دەبێ من دەسگیر بکرێم، هەرئەمەش بەڵگەی تاوانی من بوو! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و گەرچی دادوەری گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ددانی بە شکستی خۆیدا نا و نەیتوانی هیچ تاوانێك لە سەر من ساغ بکاتەوە، هەروا بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی هەرچەشنە کەفالەتێك بۆ ئازاد کردنم.. من پەیم بە هاوکێشەکە برد کە چی لە پشتەوەی پەردەیە.. ئێمە داوامان لە حکوومەت کرد کە خۆم و هاوڕێکانم بە فڕۆکە تایبەتەکەم و بە چاودێریی پۆلیسی ئەوان بگەیەننە ئۆرێگان، چونکە دەبوو دادگەی ئەوێ تاوانێك لەسەر من بسەلمێنێت، ئەمەش سەفەرێك بوو، ئەوپەڕەکەی پێنج یا شەش کاتژمێری دەخایاند کەچی حکوومەت داواکارییەکەی رەت کردینەوە و گوتیان هەر دەبێ فڕۆکەی خۆیان بمانبات، ئەوان منیان سواری فڕۆکە کرد بەرەو ئۆرێگان و ئەم سەفەرە پێنج کاتژمێرییە دوازدە رۆژی خایاند. هەردەم لە زیندانێکەوە دەیانگواستمەوە زیندانێکیدی.. لە ماوەی ئەو دوازدە رۆژەدا شەش جار زیندانەکەمیان گۆڕی. ئەو شکوگومانەی هەمبوو، لە ئۆکلاهومادا گۆڕا بۆ یەقین و دڵنیایی: نیوەشەوێك زۆر بێدەنگ و بێ چرپە لە فڕۆکەخانەیەکدا نیشتینەوە.. مارشاڵێکی ئەمەریکی لەوێ ئامادە بوو بۆ بردنی من.. ئەو خۆی ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی و منیش لە پشتەوەی بووم.. کابرایەك کە لە پاڵ دەستی دانیشتبوو، شتێکی بە گوێیدا چرپاند بەڵام من بیستم،

چونكه له پشتیه‌وه بووم.. ئه‌و كابرایه گوتی: ئه‌م پیاوه له دنیادا زۆر ناسراوه و ئێسته هه‌موو رۆژنامه و هه‌موو ناوه‌نده‌كانی هـه‌واڵ و راگه‌یاندن چـاویان تێبڕیـوه و لێـی ده‌پێچـنه‌وه.. زۆر وریـا بـه.. هیچ كارێك نه‌كه‌یت. به بیستنی ئه‌و چپه‌یه، بیرم له‌وه كرده‌وه كه ئـاخۆ ئه‌مانـه چ پیلانێكیـان داڕشـتووه.. ده‌یانـه‌وێ چ بكـه‌ن و چ نهێنییه‌ك له ئارادایه؟ كاتێ گه‌یه‌نرامه زیندان، ئینجـا پیلانه‌كـه‌یانم بۆ ده‌ركه‌وت و لێیان تێگه‌یشتم.

مارشاڵی ئه‌مه‌ریكی پێیگوتم نابێ هیچ فۆرمێك به‌ناوی خۆمـه‌وه پـــڕ بكه‌مـــه‌وه و ده‌بـــێ هـــه‌موو شـــتێك بـــه نـــاوی (ده‌ڤیـــد واشینگتۆن)ه‌وه ئیمزا بكه‌م.. من گوتم ئه‌مه پێچـه‌وانه‌ی یاسـایه.. ئێوه ده‌خوازن من وه‌كوو گه‌مژه و نه‌زانێك بجووڵێمه‌وه.. من ئـه‌م كاره ناكه‌م، چونكه من (ده‌ڤید واشینگتۆن نیم).

مارشاڵی ئه‌مه‌ریكی هه‌ڕه‌شه‌ی لێكردم: ئه‌گه‌ر ئه‌م كاره نه‌كه‌یت و به‌و ناوه‌وه ئیمزا نه‌كه‌یت، ده‌بێ ئـه‌م شـه‌وه سـارده تـا بـه‌یانی به‌سه‌ر ئه‌م كورسییه ره‌قه‌وه دابنیشی.

پێمگوت: تۆ مرۆڤێكی خوێنده‌وار و لۆژیكییت، ئه‌ی نـازانی ئـه‌م داخوازییه‌ت زۆر زۆر نالۆژیكی و گه‌مژانه‌یه؟.. بۆچی ده‌تـه‌وێ مـن ئاوا كارێك بكه‌م؟

ئه‌و گوتی: مـن نـاتوانم هـیچ وڵامێكـت بده‌مـه‌وه.. ئه‌مـه ئـه‌مری به‌رپرسانی سه‌رووی منه و مـن ده‌بـێ جێبـه‌جێی بكـه‌م. دیاریشـه

(سەروو) بە دڵنیاییەوە واتـە واشـینگتۆن.. واتـە کۆشـکی سـپی.. واتە ڕۆناڵد ڕێگن.

لە بارودۆخە هەستیارەکە گەیشتم و گـەلێکیش هـیلاك و مانـدوو بووم، گوتم وەرە با کورتی بکەینەوە: تۆ فۆرمەکان بە هەر ناوێـك خۆت حەز دەکەی پڕ بکەرەوە و دواییش من ئیمزایان دەکەم.

ئەو فۆرمەکانی پڕ کردنەوە، (دەیڤید واشینگتۆن) بـوو بـە نـاوی من، منیش لە کۆتایی فۆرمەکاندا ئیمزا ناسراوەکەی خۆم هـەر بـە هــەمان زمــانی هینــدی نەخشــاند.. ئــەو لێــی پرســیم: ئەمــە چ ئیمزایەکە؟ پێمگوت: ئەوە دەبێ دەیڤید واشینگتۆن بێت.. گوتم: ئەمە بە بیرتـان دێنێتـەوە کـە ئەگـەر هـەر کارێـك چ راسـتەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ دژی مـن بکـەن، ئـەوا خۆتـان گرفتـار دەبـن، چـونکە ئەوە دەسوخەتی ئێوەیـە کـە نووسـیوتانە دەیڤیـد واشـینگتۆن و ئەوەش ئیمزای منە کە لە هەموو جیهاندا دیـارە و زۆر بـە ئاسـانی بـۆ هــەموان دەناســرێتەوە، ئەمــەش پیلانــەکانی ئێــوە پووچــەڵ دەکاتەوە، بڕوانە.. من بە ئاشکرا تووڕەیی لە چاوت و لـە دەسـتە لەرزۆکەکانتدا دەبینم.

ئەمــە پیلانــی ئــەوان بــوو: ئەگــەر مــن بــە نــاوی دەیڤیــد واشـینگتۆنەوە ئیمـزام بکردبـا، ئـەوا زۆر بـە ئاسـانی و بێـدەنگ دەکــوژرام.. ژارخــوارد دەکــرام.. گوللــە بــاران دەکــرام و هــیچ بەڵگەیەکیش نەبوو بیسەلمێنێت کە من چوومەتە ئەو زیندانەوە.

لە دەرکەیەکی لای پشتەوە بردمیانە فڕۆکەخانـە.. لـەوێوە هـەر

لـه دەرکەیـەکی لای پشـتەوە بردمیانـە زینـدانێکیتر، ئـەویش بـە نیوەشەو و بە بێ ئـەوەی هیچـکەس ئاگـادار بێـت و پـێم بزانێـت، تەنها مارشاڵی ئەمەریکی لەوێ بوو و ئیتر هیچکەس.

مارشـاڵ بردمیـە ژوورێکـی تاکەکەسـی و پێیگـوتم دۆشـەکێك بـۆ خۆم هەڵبگرم کە زۆر پیس و چڵکن و پـڕ لـە جرجوجانـەوەر بـوو.. پێمگوت: من زیندانی نیم و ئێوە دەبـێ کـەمێك ئینسـانیتر لەگـەڵم بجووڵێنەوە.. من پێویستم بە بەتانییـەك و بالیفێکـە بـۆ نووسـتن. ئەویش بە گرژییەکەوە گوتی: نە بەتانی هەیە و نە بـالیف.. ئەمـە تەنیا شتێکە دەتوانی بـەکاری بـەریت و ئیـدی درگـای ئـەو ژوورە پیس و تاریك و بچووکەی بە روومدا داخست.

بەرەبەیان، نزیك کاتژمێر پێنج، لە پڕ دەرکە کرایەوەو ئەو هاتـە ژوورەوە.. زۆر سـەیر بـوو، ئـەو بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر گۆڕابوو، بە رادەیەك، نەمدەتوانی ئەوەی بە چاو دەمبینـی بـڕوای پێبکـەم.. ئـەو دۆشـەکێك و بـالیف و بەتانییـەکی زۆر خـاوێنی بـۆ هێنـابووم.. پێمگـوت: باشـە دەکـرا هـەر دوێنـێ شـەو ئـەم کـارە بکەیت.. چی بوو لە پڕ بوونـە شارسـتانی؟.. هـەروا بـەو بەیانییـە زووە نـانی بەیانیشـی بـۆ هێنـام، لـە حاڵێکـدا لـە هـیچ زینـدانێکی جیهانـدا تـا پـێش کاتـژمێر (9) نـانی بـەیانی نـادەن.. پێمگـوت: هێشتا زووە، چی بووە ئەوەندە لەگەڵم میهرەبان بوونە؟.. کەچی ئەو لە وڵامدا گوتی: هیچ مەڵێ و هەر تـەنیا گـورج نانەکـەت بخـۆ،

چونکە دەبێ تا پێنج خولەکیتر ئێرە بەجێ بهێڵین و بگەینە فرۆکەخانە.! گوتم: ئەی باشە ئەم دۆشەکە و بەتانییە چییە بۆت هێناوم؟.. هیچی نەگوت و دەرکەکەی لێداخستم و رۆیشت. خۆراکەکە شتێکی ئەوتۆ نەبوو.. تەنیا دوو لەت نانی بچووکی خووساو کە هەندێ شلەمەنیی پێوە کرابوو.. نەمزانی ئەو شلەمەنییە چی بوو.. گەلێکیش بێ تام و بێ بۆن بوو.

ئێستاش دکتۆر ئامریتۆ پێی وایە من ژارخوارد کرابم.. زۆر وێدەچێ لە هەر هەموو ئەو شەش زیندانەدا خەریکی ژارخواردکردنی من بووبن، هەر بۆیەش هیچ کەفالەتێکیان قبووڵ نەدەکرد و هەرواش سەفەرێکی شەش کاتژمێرییان بەماوەی دوازدە رۆژ درێژکردەوە.. ئەم ژارەش لەو چەشنە ژارانەیە کە گورج نامکوژێت، بەڵکوو بەرەبەرە لاوازم دەکات و دامدەهێزرێنێت تا سەرەنجام دەمرم.. ئێستەش وا لاواز بووم و رۆژبەڕۆژ زیاتر و زۆرتر دادەهێزرێم. پاش ئەو دوازدە رۆژەی کە لە زیندانەکانی ئەمەریکادا دەسبەسەر بووم، ئیدی ناتوانم بنووم.. خەوم لێ زڕاوە.. شتی سەیر سەیر لە جەستەمدا روو دەدات کە پێشتر هیچکات وێنەی نەبووە.. ئیشتیام کوێر بووە.. هەرچی دەخۆم، هیچ مەزەیەکی بۆم نییە.. بەردەوام دڵم تێکدەچێت.. هەست بە تینوێتی ناکەم.. بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار سەرجەم هەستەکانم لەناو چوونە. شتێك دەمارەکانی لەشمی ئالوودە کردوون.. جاروبار شتێکی سەیر، وەك سووتانەوە و خورین هەموو

جەستەم دادەگرێت، بەتایبەتی ناولەپی دەستەکانم و چاو و برۆم کتوپڕ دەکەونە جووڵە و فڕین. ئەو رۆژەی چوومە زیندان (68) کیلۆ بووم، ئێستا (58) کیلۆم.. خۆراکم ناگۆڕم کەچی کێشم بە بێ هیچ هۆکارێك هەر دادەبەزێت و بە شێوەیەکی سەیر لاوازتر دەبم.. لەماوەی ئەم سێ مانگەدا ئازارێکی زۆر ترسناك ئێسکی دەستی راستی داگرتووم.

به دڵنیاییەوە، ئەمانە هەمووی نیشانەی ژارخوارد کردنمن.. قژەکانم دەوەرێن.. بیناییم کز بووە.. ریشم سپی بووە، هەروەکوو ریشی باوکم لە تەمەنی (75)ساڵییدا.. ئەم ئاڵوگۆڕە ناسروشتییە، بیست ساڵ پیرتری کردووم. دکتۆر ئامریتۆ بە سەرجەم دکتۆرە (سانیاسین) موریدەکانی راسپاردووە باشترین پسپۆڕی شیکاری و ناسینەوەی ژار بهێننە لام.. یەك لەو پسپۆڕانە، دکتۆر (دەهیان یاگێی) گورج پشکنینی خوێن و میز و مووی سەری بۆ کردم و بردییە ئەڵمانیا و بەریتانیا تا پیشانی پشسپۆڕی بالاتری بدات. پسپۆڕانی ئەورووپی گوتیان: دوای دوو ساڵ هیچ دەرفەتێکی ناسینەوەی ژار لە جەستەدا نامێنێت، بەلام هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە من ژارخوارد کرابم. هیچ خۆڕاگرییەکم لە بەرانبەر نەخۆشیدا نەماوە: لاوازتر بوونم بە بێ هیچ هۆکارێك.. سپی بوونی قژم پێش کاتی خۆی.. وەرینیان بە بێ هیچ هۆیەك.. هەست کردن بە سووتانەوە و خورینی

جەسـتەم.. کـوێر بـوونی ئیشـتیام..نەمانی هەسـتی چەشـتنم، بـەجۆرێك هـەموو خۆراکـەکان بەلامـەوە هـیچ تامێکیـان نییـە.. حاڵـەتی تێکچـوون.. ئـازاری ئێسـکی دەسـتی راسـتم.. نـەمانی هەستی تینوێتیم و...!.

پسـپۆڕێکی ئـەڵمانی هاتـە لام و دووجـار پشـکنینی ئێسـکی بـۆ کـردم.. ئـەو هێشـتا نازانـێ ئـەم نەخۆشـییە لـە کوێـوە سـەری هەڵـداوە، چـونکە هـیچ بەڵگـە و نیشـانەیەك بـەدیناکرێت.. پسپۆڕێکیتر، دکتۆر (هاردیکار) کە عاشقی منە، ئەوە سێ مـانگی رەبەقە لێرەیە و هەوڵ دەدات بزانێ نەخۆشییەکەم چییە، کەچـی ناتوانێ پەی بە هۆکاری ئەم هەموو دەرد و ئازارەم بەرێت.

پسپۆڕە ئەورووپییەکان لە ئـەڵمان و بـەریتانیا گوتوویانـە: ئـەم ژارەی لە جەستەمدایە، لەوانەیە (تالیۆم) بێت. ئەمەش ژارێکـە لـە گرووپی ئاسنە قورسەکان.. لە مـاوەی هەشـت حەفتـەدا ئەسـەری نامێنێت و ناکرێ بناسرێتەوە، بەڵام جەستە لەناو دەبـات.. هێـزی بـەرگریی جەسـتە لاواز دەکـات و مـرۆڤ تووشـی گـەلێ نەخۆشـی دەکـات.. بەمپێیـەش، سـەرجەم ئـەو نەخۆشـییانەی مـن، نیشانەیەکن لە کاریگەریی ژاری تالیۆم.

پسپۆڕە ئەمەریکییـەکان بۆچـوونێکیتریان هەیـە: ئـەوان دەڵـێن ئەمە ژارێکـە و تـەنیا لـە دژی نـەیارانی حکوومـەت و ئاژاوەچییان بـەکار دەبرێـت.. ئـەم ژارە، (تێکەڵەیـەکی هیرۆیـین)ە، ژارێـك کـە هـەزار بەرانبـەری خـودی هیرۆیـین مەترسـیدارتر و کوشـندەترە..

هـەموو نیشانەکانیشـی هـەروەکوو نیشـانەی ژاری تـالیۆمن، بـەو جیاوازییـەوە کـە ئەمـەیان زۆر خـراپترە و دوای دوو سـاڵیش هـیچ دەرفـەتێك بـۆ ناسـینەوە و کەشـفکردنی لـە جەسـتەدا نامێنێـت. پسـپۆڕە ژاپۆنییـەکان کـە لـە هیرۆشـیما و ناکازاکیـدا خـەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەر گەردیلەی توخمی تیشکدەر (رادیۆ ئەکتیڤ)، رایان وایـە ئـەم ژارە نیشـانەیەکە لـە تێکەڵـە و تیشـکە تیـژەکانی رادیۆئەکتیڤ: لەوانەیە لە کاتی خەودا لەسەر (نوێن)، پێخەفەکـەم یـانخود دانـانی خۆراکەکـەم لـە بەرانبـەر تیشـکی ئـەم توخمـە تیشکدەرەدا تووشیان کردبم، دیاریشە هیچ رێگایـەك نییـە بتوانـێ ئەم چەشنە ژارە کەشف بکات. یـەکێك لـە زانـا پایەبـەرزەکان کـە یەکێکیشـە لـە هـۆگرە نزیکـەکانی خـۆم، لـەم هەفتەیـە یـانخود هەفتـەی دادێ، سـەردانم دەکـات.. ئـەو، دوو سـاڵی تـەواو لەسـەر رادیـۆ ئـەکتیڤ تۆژینـەوەی کـردووە.. بۆچـوونی ئـەو لەسـەر ئەمەریکییـەکان و حکوومـەتی ئەمـەریکا دەوەسـتێتەوەو پێیوایـە ئـەوان ژارێکـی زۆر غـەریب و سەیروسـەمەرەیان داهێنابێـت کـە هیچـکەس نـەتوانێ کەشـفی بکـات! دکتـۆر ئـامریتۆ کـە هەڵکەوتەیەکە لـە بـواری زانسـتی پزیشـکیدا و ئەنـدامی کۆمەڵـەی پزیشـکانی پاشـایەتیی بەریتانیایـە و زانایـەکی بـێ هاوتایـە و گەنجترین ئەندامێکە تـا ئێسـتا پزیشـکانی پاشـایەتی پەسـەندیان کردبێـت، لێکۆڵینەوەیـەکی لەمـەڕ (ژاری چـوارەم) کـردووە کـە

پێیوایە گەلێ نایابە. ناوی ئەم ژارە (فلۆرا کاربۆن)ە و هەر زوو لەناو دەچێت و لە ماوەی چەند خولەکدا هیچ نیشانەیەکی لە ناو خوێن یا لە جەستەدا نامێنێت.. سەرجەم نیشانەی نەخۆشییەکانی منیش هاوشێوەی کارلێکەکانی ئەم ژارە سەیرو سەمەرەو نەناسراوەن. بەهەر حاڵ، ئەوە زۆر گرینگ نییە چ ژارێك دەرخواردی من دراوە.. گرینگ ئەوەیە کە هەرچۆن بێت و بە دڵنیاییەوە من بەهۆی دەوڵەتی ئەمەریکایی رۆناڵد رێگنەوە ژارخوارد کراوم. ئەمەش بەڵگەیەکیترە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم: ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان نەبوو بتوانن منی پێ تاوانبار بکەن.. من هیچ تاوانێکم نەکردبوو.. ئەوان تەنانەت هەڕەشەیان لە پارێزەرەکەشم کرد کە یەکێکە لە باشترین و دیارترین پارێزگارەکانی ئەمەریکا: دادوەری ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پارێزەرەکەمی گوت: ئەگەر ژیانی (باگوان) ئوشۆ لە لات گرینگە، باشتر وایە هیچ هەوڵێکی بۆ نەدەن، چونکە تۆش و ئێمەش چاك دەزانین کە ئەو هیچ تاوانێکی نییە و هەر هەموو ئەو (34) تۆمەتەی دراونەتە پاڵی، هەڵە و بێ بنەمان، بەڵام دەوڵەتی ئەمەریکا نایەوێت لە بەرانبەر تاکە کەسێکدا شکست بخوات.. بەڵێ، گەورەترین گەلی جیهان و بالاترین دەسەلاتی مێژوو حەز ناکات لە بەرانبەر کەسێکی لاوازدا لە دادگا شکست بخوات و سەر دابخات.

پارێزەرەکەم، لە حاڵێکدا ترس لە چاوەکانیدا دەبینرا، هاتە

لام.. ئەویش و هاوکارەکانیشی گوتیان: ئێمە لێرەین تا بە پێی توانا پارێزگاریت لێبکەین.. بەڵام ناتوانین هیچ شتێك بکەین بۆ سەلماندنی بێتاوانیت، چونکە ئەگەر هەوڵێکی وا بدەین، ئەوا ژیانی تۆ دەکەوێتە مەترسییەوە.. هەر بۆیەش پێویستە ئێمە بەناوی تۆوە لانیکەم دوو لەو تۆمەتە بێ بنەمایانە قبووڵ بکەین کە دراونەتە پاڵت، ئەمەش تەنیا پاساوێکە و هیچیدی و سەرەنجام دەوڵەتی ئەمەریکا دیپۆرتت دەکاتەوە.. ئەمەش دە خولەك پێش دەسپێکردنی دادگا بوو.. لە دادگای فیدراڵدا دادوەر (لیۆئەی) تەنها لە مەڕ هەمان ئەو دوو تۆمەتە لێی پرسیم کە پێشتر بەهۆی پارێزەرەکەمەوە دیاری کرابوون و بڕیاریان لەسەر درابوو، هەموو ئەو کارانەی دادگا هەر تەنها شتێکی رواڵەتی و رووکەشانەی داتاشراو بوون.. سەیر بوو: لە حاڵێکدا سی وچوار تۆمەتم درابوونە پاڵ، دادوەر تەنیا لەمەڕ دوو تۆمەت لێپرسینەوەی لەگەڵ کردم: ئایا تۆ ئەم دوو تۆمەتە قبووڵ دەکەیت و ئەو دوو تاوانەت ئەنجام داون یا نا؟.. تەواو ئاشکرا بوو کە دادوەریش بەشێك بوو لە پیلانەکە.. منیش کە لە چەشنی خۆمدا شێتێکم، زۆر بە سادەیی گوتم: "من هەم".. پارێزەرەکەم (جەك رانسۆم) کە لە پاڵ دەستمدا راوەستابوو، گورج هەڵیدایە: "تاوانبارە". پاشان لە دادگەدا نووسرا کە: "من تاوانبارم"، ئەڵبەت من هیچم نەگوت.. حازر بووم لە خاچم بدەن نەوەك

تۆمـەتێکی نادروسـتی نـاڕەوا بەسـەر خۆمـدا بسـەپێنم و ددان بـە تاوانێکدا بنێم کە بوونی نییە و نەمکردووە! کـە لـە دادگـا هاتینـە دەرەوە، پارێزەرەکەم پێیگوتم: تۆ لە بـارودۆخێکی زۆر هەسـتیار و خراپـدا بوویـت.. زۆر بـاش بـوو کـە دادوەر سـەرنجی وردتـری نەدایت... پاشان رای خـۆی دەربـڕی و گـوتی: ئەمـە شـتێکی زۆر سەیرە: حوکمەکەت دوای ئەوەی کە من پەسەندم کـرد راگەیـەنرا، لە حاڵێکدا ئەو حوکمە زۆر پێشتر ئامـادە کرابـوو و بەسـەر مێـزی دادوەرەوە حـــازر و ئامـــادە دانرابـــوو.. تـــەنیا کـــاری دادوەر خوێندنەوەی حوکمە نووسراوەکە بوو.. ئاشکرایە کە ئـەو حوکمـە بەدەسـتی ئـەو نەنووسـرابوو بـەڵکوو لـە شـوێنیتر نووسـرابوو و درابووە دەستی!

ئـەم حوکمـە چوارسـەد هـەزار دۆلار سـزای بـەدواوە بـوو بـۆم.. پارێزەرەکانم سەریان سووڕ مابوو.. بڕوایـان نـەدەکرد کـە بـۆ دوو تۆمـەتی نـاڕەوای داتاشـراو زیـاتر لـە نیـو (کـرور) رووپیـە سـزا بـدرێین.. هـەروەها دەرکـردنم لـە ئەمـەریکا و قەدەغـە کردنـی گەڕانەوەم بۆ تا پێنج ساڵی دواتر.. ئەگەر لەم ماوەیەدا بهاتمایـەوە ئەمەریکا، ئەوا دە ساڵ زیندانی چاوەڕوانی دەکـردم.. پێیـانگوتم: هەر ئێستاکە جلوبەرگەکانت کۆ بکەوەو بەرێکەوە بۆ فڕۆکەخانـە، چونکە لەوێ فڕۆکە چاوەڕوانتە.. دەبوو بە زووترین کات ئەمەریکا بـەجێ بهـێڵم و تەنانـەت مـافی ئەوەشـم نـەبوو (تـەعن)ێك لـە حوکمەکەم بدەمە دادگایـەکی بـاڵاتر!.. بـەرەو زینـدانیان بـردم..

زەمینی زیندانەکە نائاسایی بوو، دیار بوو تازە بینات نـراوە، سـێ مانگ پێش بەکار هێنان و بەکار خستنی.. ئەمەش زۆر ناسروشتی و دەسـکرد بـوو.. بـە تونـدترین رێوشـوێنی ئـەمنی برامـە نـاو زیندانەوە.. تـەواو بـۆش و بـەتاڵ و خـاڵی.. هـەموو جـۆرە ژوور و نووسـینگەیەك بـۆ هـەموو کـەس و هـەموو کارێـك ئامـادە کرابـوو، بەڵام هیچکەسی لێ نەبوو.. لەو کابرایەی دەستی گرتبووم و بەرەو ژووری زیندانەکـە رایدەپێچـام پرسـیم: هـۆی چـییە هـەموو ئـەم زیندانە بەتاڵە؟ گوتی: من نازانم. بەڵام کاتێ چاوم لە چاوی بـڕی، تێگەیشتم کە راست ناکـات.. ئـەو لـە هـەموو شـتێك ئاگـادار بـوو. هـەروا کـە دەڕیشـتین، هەسـتم کـرد کەسـێك لـە ژوورێکیتردایـە.. ئەوەی هێنابوومی، گورج بـە جێیهێشـتم و ئـەو پیاوەکـەیتری نـاو ژوورەکە پێیگوتم: لەسەر ئەو کورسییە تایبەتە دانیشە. زۆر سەیر بـوو، چـونکە ژوورەکـە پـڕی بـوو لـە کورسـی و مـن دەمتـوانی هەرکامەیان هەڵبژێرم یا لەسـەر هەرکامـەیان دانیشـم، کەچـی ئـەو ناچـاری کـردم لەسـەر ئـەو کورسـییە تایبەتـە دابنیشـم کـە خـۆی دیاریی کردبوو.. پاشان گوتی: من دەبێ بڕۆم و ئیمزای بەڕێوەبەر وەربگرم، تۆ دەبـێ لانیکـەم دە تـا پـازدە خولـەك لێـرە چـاوەڕێ بیـت. کاتـێ گەڕایـەوە، تێگەیشـتم ئیمـزای بەڕێوەبـەر پێویسـت نەبووە و ئەوە تەنیا بیانوویـەك بـوو.. مـن خـۆم فۆرمەکـەم بینـی لـەوێ دانرابـوو.. لـێم پرسـی: باشـە ئیمـزای بەڕێوەبـەرتان لـە

کوێیە؟.. دیارە شتێکی وا لە ئارادا نەبوو و هیچ پێویستیشی نەدەکرد هەبێت.. هەر ئەوەندە بوو کە دەبا من خۆم ئیمزای بکەم بە واتای وەرگرتنەوەی جلوبەرگەکەم.. ئیدی ئیمزای هیچکەسیتری پێویست نەبوو.

ئەو، تەواو دەماری گیرابوو.. عارەقەی بەر دەدا، ئەویش لە ژوورێکدا کە خاوێنکەرەوەو فێنك کەرەوەی هەوای تێدا بوو، فۆرمەکەشی بە دەستەوە بوو (فۆرمی لەرۆزك)، دەستی دەلەرزین.

لەگەڵ گەیشتنمان بۆ فرۆکەخانە، بانگەشەیەك بڵاو بۆوە کە گوایە بۆمبێك لە ژێر ئەو کورسییەدا بووە کە من بۆ ماوەی پازدە خولەك لە سەری دانیشتبووم، ئەویش بە پێداگریی ئەو کابرایەی بردبوومیە ئەوێ.. دیاریش بوو ئەمکارە پێش ئەوەی من بگەیەنرێمە ئەو زیندانە، ئەنجام درابوو، بۆ ئەوەی گەر هات و من ئەو دوو تۆمەتەم قبووڵ نەکردن، بەهۆی ئەو بۆمبەوە بمتەقێننەوە.. بەڵگەی سەلماندنی ئەم قسەیەم زۆر دیار و بەرچاوە: زیندانێکی گەورە، نوێ و بەتاڵ.. دیارنەمانی ئەو کەسەی دەبێ جلەکانم بداتەوە.. داخستنی دەرکەی ژوورەکە لە سەرم.. دانیشاندنم بە زۆر لەسەر کورسییەکی دیاریکراو.. بەڵام کاتێ من تۆمەتەکانم قبووڵ کردن، ئەوا بڕیارەکە گۆڕدرا و فەرمان درا بەوەی کە نابێ بۆمبەکە بتەقێنرێتەوە و منیش زووتر لە ئەمەریکا بچمە دەرەوە.. دیار نەمانی کتوپڕی کابراکەش بۆ ئەوە

بووه كه بڕوات و پرسيار بكات تا پێی بڵێن دەبێ چی بكات.. بۆمبەكە بتەقێنێتەوە يا نا، ئاخر ديار بوو ئەو هيچ ئاگاداری كاروبارەكەی ناو دادگا نەبوو.

يەكێك لە پارێزەر و (سانياسين) موريدەكانم، ئێستە لە پاڵ دەستمدايە.. كاتێ دوو ساڵ پێشتر ئەوم لە ئەمەريكا بەجێ دەهێشت، دەگريا.. نووكەش فرمێسك دەڕێژێ.. فرمێسكی شادی و متمانەی تەواوی ئەو، هەروەها لاوازی لە بەرانبەر ميراتی سروشت بۆ مرۆڤی سەرەتايی و دڕندە. هەر ئەم فرمێسكانەن ئەو هيوايە دەبەخشن كە رۆژێك دادێ مرۆڤ لە چنگی دڕندەكان رزگاری ببێت. ئەم دۆستەمان ئاگاداری رووداوەكانی ئەوكات بوو لە ئەمەريكا: دەيزانی چی بۆ من و كۆمەڵە سادەكەمان روويدا و چۆن بە شێوەيەكی دڕندانە ئەوێيان لێ تێكدابن، تەنيا بەو بۆنەيەوە كە لايەنگرانی دەمارگيری مەزهەب و كتێبی پيرۆز و مەسيحی و سياسەتمەدارەكان نەياندەتوانی تەحەمولی رووداوێكی تازە و جوانی ئينسانی بكەن.. ئەوان، تێگەيشتبوون كە ئەم رووداوە تازە و جوانە، سەرەتايەكە بۆ مرۆڤايەتييەكی نوێ و كۆتاييەكە بۆ ئەو رابردووەی ئەوان نوێنەرايەتيی دەكەن.. ئەمە كێشەی كۆمەڵگەيەكە، تەواو ديموكراسييە بەڵام تيايدا، بڕوا و مرۆڤدۆستی لە بير چووە.. دەبوو ئەوان پرسيارێك لە ناخی خۆيان بكەن: ئەم كۆمەڵەيەی ئۆرێگان كە لە پێنجهەزار موريدی

سادە و پاك و ساكار پێكهاتبوو، چ هەڕەشە و مەترسییەك بوو بۆسەر قەشەو سیاسەتمەدارەكان یانخود بۆ مرۆڤایەتی؟.. بۆچی ئەو پیلانەیان لە دژی گێڕا و ئاوا لەناویان برد؟! یەكێكیدی لە پارێزەرەكانم كە پەی بە هەندێ لەو پیلانگێڕییە بردبوو، پاش دوایین دانشیتنی دادگا بە سەرپەرشتیارەكەمی گوتبوو: " من وا هەست دەكەم ئەوان ئەوكارەیان كرد كە دەیانویست.. ئەوان جارێكیتر مەسیحیان لە خاچ دایەوە.. من زۆر بەداخەوەم و هەست بە داماوی دەكەم".

بەهەر حاڵ، ئاشكرایە كە من ژارخوارد كراوم.. لەم حەوت هەفتەیەدا گەلێ هەوڵم دا... هیچ هۆكارێكم نییە بۆ ژیان لەم دنیایەدا.. من تەجروبەم كردووە.. بوون و نهێنیی ئەبەدیم ناسیوە.. بەڵام شتێك هەیە ناچارم دەكات ماوەیەكی زۆرتر لەم (رۆخ)ەدا بمێنمەوە پێش ئەوەی بگەمە ئەو لێوارەكەیتری.. ئەویش، ئێوەن.. عەشقی ئێوەیە.. چاوی ئێوە و دڵی ئێوەیە. كاتێ دەڵێم (ئێوە)، مەبەستم تەنیا ئەوانە نین لێرە كۆ بوونەتەوە، بەڵكوو مەبەستم هەموو دانیشتوانی سەر گۆی زەوین.. جەماوەری من. حەز دەكەم ئەم نەمامە بچووكانە ببنە درەخت.. حەز دەكەم ببینم كە بەهار بەرەو رووی هەمووتان دێت.. حەزدەكەم ببینم خونچە جاویدانەكانی ئاگاییتان بپشكوێن و ببنە گوڵ.. دەخوازم شادمانی و بەختەوەریی ئەبەدی لە رۆشنبینییەوە، چێژێك لەو لێوارەكەیترەوە بەسەرتاندا ببارێنێ.

ئێوە ئاگاداری ئەم حەوت هەفتەیە نەبوون.. بە سادەیی واتان دەزانی من نەخۆشم.. دکتۆری چاو زوو بەزوو لە ئەڵمانیاوە بە نوێترین ئامێر و دەرمانەوە هاتە لام، بەڵام بێسوود بوو.. هیچ شتێك لە بەرانبەر ئەو ژارەدا هیچ کاریگەرییەکی نەبوو جگە لە (موراقەبە)کەم.. موراقەبە، تاقە دەرمانێك بوو دەیتوانی هەموو کێشەیەکم چارەسەر بکات. من لەم حەوت هەفتەیەدا بەردەوام لەناو جێدا کەوتبووم، بە رۆژ و شەو لە ناو تاریکاییدا، بەڵام ئاگاداری وشیاریی خۆم بووم و دەمپاراست و هیچ شتێك نەیتوانی لێمی تێك بدات. خەریکی شەڕێك بووم لەگەڵ مەرگدا.. ئەمە، شەڕێك بوو لە نێوان مردن و عەشقی ئێوەدا.. ئێوەش دەتوانن بیکەنە جەژن، چونکە عەشقی ئێوە لەم شەڕەدا سەرکەوت.

ئەمجارە مەسیح لە ئەمەریکا و بەهۆی خودی مەسیحییەکانەوە لە خاچ درا.. لێرەدا چیرۆکێکی سەیر هەیە: مەسیحییەکان دەڵێن مەسیح لە دنیا پێوار بوو.. ئەوان دەڵێن: عیسا لە خاچ درا و دوای سێ رۆژ (پەسڵان/ هەستانەوە)ی بوو، بەڵام نەیانگوت پاش هەستانەوەکەی چی روویدا.. لەکوێ پێوار بوو.. ئایا دوای زیندوو بوونەوەی دووبارەی، مەرگ هاتەوە سەروەختی؟.. ئەگەر ئەو نەمردووە، دەبێ لە شوێنێکی ئەم دنیایەدا بێت.. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە پاش هێنانە خوارەوەی لە خاچ، (ئەویان دوای شەشە کاتژمێر لە خاچ هێنایە خوارەوە.. خاچی یەهوودی

لـەماوەی شـەش کاتـژمێردا هیچـکەس ناکوژێـت.. گـەر بیانـەوێ کەسـێك بکـوژن، دەبـێ بۆمـاوەی چلوهەشـت کاتـژمێر لـە خاچـدا بێت.. عیساش گەنج بوو، سی و سێ ساڵ تەمەنی هەبوو.. شەشە کاتژمێر نەیـدەتوانی بیکوژێـت.. ئەمـە کردەنـی نییـە).. ئەمـەیان ئاشکرایە کە موریدەکانی مەسـیح و هـەرواش (پـانتیۆس پـەیلیت) ئەم کارەیان کردووە.. فەرمانداری (رۆم) لەو یەهوودیانـە بـوو کـە داکۆکییان لەسەر لەخاچدانی مەسـیح دەکـرد.. پـانتیۆس پـەیلیت رازی نـەبوو، چـونکە دەیزانـی ئـەم پیـاوە بـێ تاوانـە، بـەڵام سیاسەتمەدار، سیاسەتمەدارە.. ئـەوان نـاتوانن دڵـی جـەماوەر لـە خۆیـان بـڕەنجێنن.. ئـەوان بـە جـەماوەرەوە بەسـتراون.. بۆیـە بەنابەدڵی ئەمری لەخاچـدانەکەی دەر کـرد، بـەڵام ئەمریشـی کـرد ئەم لە خاچدانە دەبێ لـە رۆژی هەینیـدا ئـەنجام بـدرێت و هـەوڵی زۆری دا تا پێیدەکرێ دوای بخات و سەرەنجام دوانیوەڕۆی هەینی مەسـیحیان لـە خـاچ دا. یەهوودییـەکان هـەموو کاروبارێکیـان لـە ئێـوارەی هەینییـەوە رادەگـرن تـا رۆژی پشـووی فـەرمییان (شەممە).. ئەوان بۆیان نییە لە رۆژی شەممەدا هیچ کارێك بکـەن، ئەمە داب و دەستووری خۆیانە.. پانتیۆس و دیکـەی موریـدەکانی مەسیح دەیانویست ئەم هەلە بقۆزنەوە.. مەسیح لە خـاچ هێنرایـە خوارەوە، چونکە ئەم کـارە، واتـە کـارکردن لـە ئێـوارەی هەینیـدا پێچەوانەی ئەو دابەیان بوو، ئەوان دەیانویست دوای رۆژی پشوو، سـەرلەنوێ لـە خاچـی بدەنـەوە.. بەهـەرحاڵ، پـاش هێنانـە

خوارەوەی لە خاچ، موریدەکانی لە ئەشکەوتێکدا شاردیانەوە کە پاسەوانەکانی حاکمی (رۆم) پارێزگارییان لێدەکرد نەك یەهوودییەکان.. کە شەویش داهات، هاوکاریی هەڵاتنیان کرد و دەریان چوواند.. ئەو نەمردبوو.. دەبێ سەرسوورهێنەر بێت.. ئەو لە (یەهوودییە) هەڵات کە ناوچەیەکە لە خوارووی فەلەستین و سەرەنجام لە هیندستاندا مرد.. گۆڕەکەی لە گوندێکی بچووکی لای (کەشمیر)دایە بەناوی (پاهالگام)، من خۆم گۆڕەکەیم بینیوە.. ئەمە تاقە گۆڕێکە لە هیندستاندا کە بەسەر کێلەکانیەوە نووسراوی (عیبری) نەخش کراوە.. بەسەر ئەم گۆڕەوە نووسراوە: " یوشع کوڕی (نون)، پێغەمبەری ئیسرائیل (جووشاو). پێغەمبەرێك لە هۆزی یەهوود لێرە لە خەوی ئەبەدیدایە".

جووشاو، مەسیحە.. ناوی راستەقینەیەتی.. ناوە عیبرییەکەی.. عیسا ناوە یونانییەکەیەتی. ئەو تەمەنێکی دوورودرێژی لە هینددا بەسەر برد: سەد و دوازدە ساڵ. پاهالگام، ئەو گوندەی لای کەشمیر کە مەسیحی تێدا دەژیا، بە واتای (گوندی شوان) دێت.. عیسا لەوێ ناوی (شوان)ی بۆ خۆی هەڵبژارد و لەگەڵ موریدەکانیدا لەوێ گیرسانەوە، هەر پاش هاتنی ئەوانیش بوو کە گوندی پاهالگام ناوبانگی دەرکرد.

ئەم چیرۆکە، دووبارە بووەوە: من لە خاچ درام.. ئەمجارەیان لە ئەمەریکادا.. ئەم حەوت هەفتەیەش لەگەڵ ئەو ژارەی رژێنرابۆوە

جەستەمەوە، لە شەڕ و بەربەرەکانێ و کێشمەکێشدا بووم. ئێستاش زۆر خۆشحاڵم کە پێتان بڵێم: لە خاچ دان شکستی هێنا و من دووبارە زیندوو بوومەوە، (پەسڵان و هەستانەوە)ی پاش مەرگ.

ئەوەی کە دەڵێم مەسیح ئەمجارەیان لە ئەمەریکا لە خاچ درا و لە هیندستاندا زیندوو بووەوە، گوتەیەکی سیمبولیکە.. زۆرتر مەبەستم گرینگیی باسەکەیە.. ئەمە سەرکەوتنی عەشقە بەسەر کینەدا.. سەرکەوتنی ژیانە بەسەر مەرگدا.. سەرکەوتنی رۆژهەڵاتە بەسەر رۆژئاوادا.. سەرکەوتنی هەقیقەت و راستییە بەسەر درۆبازێکی تاوانباری وەکوو رۆناڵد رێگندا.. سەرکەوتنی ئاگاییە بەسەر جەستەدا. لەم حەوت هەفتەیەدا، من تەنها بیرم لە ئێوە دەکردەوە. زۆر بەلامەوە سەخت و گران بوو ئێوە لەم شوێنەدا بەجێ بهێڵم، ئەویش کاتێك ئێوە کەوتبوونە رێی گەشە و پێشەوەچوون بەرەو ئاگاییەکی باڵاتر.

باخەکەی من، هێشتاش هەر گوڵخانەیە.

من دەخوازم جەستەی خۆم بە خۆشحاڵییەوە تەرك بکەم، بەڵام رۆژێك کە ببینم هەمووتان گەشاونەتەوە و گوڵتان دەرکردووە و هەموو شوێنێکتان پڕ کردووە لە بۆنی خۆش و گەیشتوونەتە کرۆکی بوون و چارەنووسی خۆتان.. رۆژێك کە ئەمەم بینی، ئەوا رۆژی سەفەری مەزنم دەستی پێکردووە: لێرەوە بۆ ئەوێ.. لە خاچەوە بۆ پەسڵان.. ئەمەش کۆتاییە بۆ ئێوە و ئیدی من

دەتـوانم بـە دڵێکـی خـۆش و گەشـەوە ئاوێتـەی ئاگـایی جیهـانی ببمەوەو تیایدا بتوێمەوە.

من لەویێ چاوەڕوانتان دەبم.

ئەمـە زۆر گرینگـە: دوای بیسـت سـەدە، مرۆڤێـك وەکـوو عیسـا بەدەستی خودی مەسیحییەکان لە خاچ بدرێتەوە.. ئەمە پیلانێکە لە لایەن دەمارگرژە مەزهەبییەکانی ئەمـەریکا و ڕۆناڵـد ڕێگنـەوە. ڕەنگە مرۆڤایەتی لەم بیرۆکەیـەدا مابێـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەم ئایدیایە ڕووی نەدا.. مـن دەخـوازم جەماوەرەکـەم لـەناو ئەوانـەدا گۆڕانکاری بەدی بهێنن.. حەز دەکەم مرۆڤایەتیی ڕاست و دروست بۆ هەموو مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەمینە بە دیاری بهێنن.

تاقە یەك مەزهەب ڕاستەقینەیە و ئەویش مەزهەبی عەشقە. تاقە یەك خوا هەیە و ئەویش خـوای شـادی و گەشـە و جـەژنی ژیانـە.. هــەموو زەوی یەکــە و هــەموو مرۆڤایــەتیش هــەر یــەك.. ئێمــە، هەرکامـەمان بەشـێکین لەویـدی.. مـن هـیچ سـکاڵا و ناڕەزاییـەتیم لەوانـە نییـە ژار خواردیـان کـردم.. زۆر بـە ئاسـانی لێیـان خـۆش بووم.. دڵنیام ئەوان نازانن چی دەکەن و بۆچیی دەکەن.

ئەوەی کە دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دروست نییە.. ئەوە مێژوو نییە خۆی دووبارە دەکاتەوە.. ئەمە نەبوونی وشیاری و ئاگایی خەڵکە.. نابینایی خەڵك دەبێتە هۆی دووبارە بوونـەوە.. ڕۆژێـك کـە خــەڵك وشـیار و ئاگـا ببنــەوە، ئیـدی هــیچ دووبـارە

بوونەوەیەك لە ئارادا نابێت: سوكرات ژارخوارد ناكرێت.. عیسا لە خاچ نادرێت.. مەنسووری حەللاج ئەنجن ئەنجن ناكرێت. ئەمانە جوانترین گوڵەكانی ئێمەن.. ئەوان لە لووتكەدان.. مەخسەد و چارەنووسمانن.. ئایەندە و دوارۆژمانن.. (جەوهەر)ی شاراوەی ئێمەن بوونەتە هەقیقەت و راستی. دڵنیام ئێوە ناتانەوێ توورە بن و هیچ كینەیەك بخەنە دڵتانەوە.. حەز دەكەم درك بكەن و ببنە دۆست و خوازیاری بەخشیش. ئەمە نزایەكی راستەقینەیە.. ئەم نزایە دەتوانێ مرۆڤایەتییەكی باڵاتر لە ئاگایی بهێنێتە دی. بە دڵنیاییەوە، ئەم سووڕانە بێ سنوور و بە بێ كۆتاییە: لەوانەیە ئەوان بتوانن جەستەی من ژار خوارد بكەن.. سیستەمی دەمارم ژاراوی بكەن، بەڵام ناتوانن ئاگاییم لەناو بەرن.. ناتوانن بوون و جەوهەرم ژاراوی بكەن.. ئەمە زۆر باش بوو كە ئەوان ئەو هەلەیان بۆ رەخساندم تاوەكوو خۆم لە دەرەوەی جەستەمدا ببینمەوە.. لەدەرەوەی زەینمدا.

ئەم حەوت هەفتەیە تاقیكاریی ئاگر بوو.. بە بێ ئەوەی بە خۆتان بزانن، ئێوە هەمیشە و هەردەم لەم حەوت هەفتەیەدا، بە شێوەیەكی زۆر جوان یارمەتیی یەكدیتان داوە.. بە بێ عەشقی ئێوە پێم نەدەكرا و نەمدەتوانی خۆم لەو ژارە رزگار بكەم و زیندوو بمێنم، چونكە ئەگەر عەشقی ئێوە نەبووبا، هیچ پێویستی بەوە نەدەكرد ئەم هەموو هەوڵە بدەم و بەرەنگاری ئەم ژارە ببمەوە. تەواو رازیم لەوەی ئەم كارە ئەنجام درا.. دەبوو

بگەڕێمەوە ماڵەوە.. کاتێ دەبینم ئێوە هێشتا تووشی هەڵە دەبن و کوێرانە بە دوای شتێکدا دەگەڕێن، دەبێ زۆر بێ رەحم و بێ عاتیفە بم لەم بارودۆخەدا بە تەنیا جێتان بهێڵم.. دەخوازم ژیانی هەمووتان وەکوو هەتاو هەڵبێت و بدرەوشێتەوە.. وەکوو جریوەی باڵندەیەك.. وەکوو گەشانەوەی خونچە گوڵێك. لەمەودوا هیچ هۆکارێك بۆ هەمیشە مانەوەم لێرەدا نییە.

لەبیرتان نەچێت، من بۆ ئێوە لێرەم.. ئەم بیرهێنانەوەیە یارمەتیتان دەدات بۆ ئەوەی گومڕا نەبن.. یارمەتیتان دەدات وشیار و ئاگا بن لەم دنیا نا شارستانییەدا، لەهەر کوێ دەژین.. لەم شێتخانەیەدا کە ناوی مرۆڤایەتیمان لێناوە. دەبێ بە بیرتان بهێنمەوە کە: ئێمە هەین بۆ ئەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتیی نوێ بنیات بنێین.

ئەمە، ململانێیەکی گەورەیە: هەرکەس توانای رووبەڕووبوونەوەی هەیە و گەر زیرەکیش بێت مەیل و خواستی بۆ گەیشتن بە دوورترین ئەستێرەکان (تەنیا چەند کەسێکی کەم دەتوانن دەرکم بکەن) بوێریی پێویستە.. و دەبێ ئەو دەسەڵاتەت هەبێت کە ببیتە پەیڕەوی من لەم سەفەرە رۆحانییەدا _ ئەڵبەت من هیچ پەیڕەوێکم نییە.. من، هەرتەنیا عاشق و دۆست و هاوڕێی سەفەرم هەن.

حەز دەکەم ئێوە بگەنە بەختەوەریی ئەبەدی.. خۆشییەکی

جاویدان.. جەزبەکەیەك کە وەکوو لێدانی دڵمی لێهاتووە.. ئەم لێدانەی دڵ، هەقیقەتی رەهای جیهانی (بوون)ە.

**چەند گۆشەیەکیتر لە ئەمەریکا:**

مرۆڤ، تەنیا کاتێ سووکایەتیی پێدەکرێت و بچووك دەکرێتەوە، کە خۆی لەوانیدی باڵاتر بزانێت "من لەتۆ سەرووتر/ پیرۆزترم" دەکرێ ئاوەها کەسێك بکێشرێتە خوارەوە. ناتوانی مرۆڤێکی خاکەڕا بچووك بکەیتەوە.. هەرگیز.. هیچ رێگایەکی نییە. ئەمریکا هەموو هەوڵێکی دا و بەردەوامیش دەیدا.. ئەمەش تەنیا پیشاندەری گەمژەییە.. ئەگەر ئەوان نەیانتوانی لە زیندانەکانیاندا من بچووك بکەنەوە، ئەی چۆن دەتوانن لە دەرەوەی ئەمریکادا وام لێبکەن؟. من، هەر هەموو هەوڵەکانی ئەوانم بۆ بچووك کردنەوەی خۆم گەڕاندەوە بۆ خودی خۆیان، چونکە هیچ رێگایەکیتر بوونی نییە.. من، هەر تەنها قبووڵی ناکەم. تۆ، کاتێ وەکوو (نەفس/نەوس)ێك ناژیت، ئەوا بە هیچ شت و هیچ جۆرێك بچووك ناکرێیتەوە. هەر بۆ ئەمەشە کە ئەوان هێشتاش تووڕەن و هێشتاش ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن تا بە هەر چەشنێك و هەر رێگایەك بووە، زیانم پێ بگەیەنن. وانەیەکی بچکۆلە هەیە کە ئەوان هێشتا فێری نەبوونە.. ئەوان، بە بێ ئەوەی هیچ حوکمێکیان بۆ دەسگیر کردنم هەبێت، منیان گرتبوو و زەنجیریان کردبووم! هەموو کارێکیان نایاسایی بوو.. بە زەبری چەك منیان گرتبوو.. بە بێ ئەوەی تەنانەت هۆکارەکەیشیم پێ بڵێن،

زنجیریان لە دەست و پێ و کەمەرم بەست.. زۆر بە وردی پیلانیان بـۆ دارشـتبوو، چـونکە پێشـینەی پزیشـکیی منیـان دەزانـی، پێشینەی پشتئێشەکەی منیان دابۆوە دەوڵەت و هەر بۆیـەش مـن زەنجیر کرابووم.. لەهـەموو گۆڕینێکی زیندانەکەمـدا زەنجیرەکـەم بــەردەوام لەگــەڵ بــوو.. لــەماوەی دوازدە ڕۆژدا چــەندینجار زیندانەکەیان گۆڕیم و زەنجیریش هـەر لـە جێـی خـۆی، لـە هـەمان شوێنی پشتم کە ئازاری هەبوو! ئەمەش لـە خـۆڕا نـەبوو، چـونکە هیچکات بە هیچ شوێنێکیتروە نەدەبەسـترا لـە حاڵێکـدا دەکـرا بـە شوێنی دیکەوەی ببەستن.. پێمگوتن: تەنیا تۆزێك شـلیان بکـەن، گوتیان: نا، ناکرێت، ئێمە هەر وای دەبەستین کە پێمان گـوتراوە. ئەوان، تەنانەت لەوەش نیگەران بوون مەبادا من بۆ خەڵك دەسـتم بەرز بکەمەوە و بیجووڵێنم تەنانەت بە دەسبەندیشەوە، هەر بۆیـە دەسـبەنەکانیان بـە زەنجـیری کەمەرمـەوە بەسـتنەوە تـا نـەتوانم تەنانـەت دەستیشـم هـەڵبڕم..! ئینجـا ئوتۆمبێلەکانیشـیان و ئـەو شێوە ڕۆیشتنەیان... هەرگیز نەمدیوە کەسێك ئاوەها لێبخوڕێت.. کتـوپڕ پێیـان لێـدەنا و لـەناکاویش دەوەسـتان، تـەنیا بۆئـەوەی پشتی من زۆرتر ئازار بکێشێت. یەکەمجار (دەواڕاج)م لەگەڵ بـوو، پێی گوتن: ئەمە دروسـت نییـە.. هـیچ پێویسـت نییـە ئـەم کارانـە بکەن، بەڵام ئەوان گوێیـان نەدایـە.. ئـەم هەڵسـوکەوتەیان دوازدە ڕۆژی تەواو بەردەوام بوو. واپێدەچوو بۆ هەموو شتێك و لەهـەموو

کات و ساتێکدا ئەمریان پێدەگەیشت کە چی بکەن و چۆن لێ بخورن.. کتوپڕ، ئوتۆمبێلەکە خێرایی دەگەیشتە سەد کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا و لەناکاویش دەوەستا و سەرلەنوێ و بەهەمان کتوپڕی خێرای دەکردەوە و دووبارە بەهەمان کتوپڕی دەوەستایەوە، تەنیا بۆ ئەوەی ژانی پشتم زۆرتر بکات کە بەو زەنجیرەشەوە بەسترابۆوە. بەڵام ئەمانە من بچووك ناکەنەوە، تەنیا گەمژەیی ئەوان دەردەخات.. ئەوان بەهیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی پێش بە زەردەخەنەکانی من بگرن.. جەماوەر، لە هەموو شوێنێك لەسەر جادە وەستابوون تا من ببینن، ئەوە گرینگ نەبوو کە نەمدەتوانی دەستیان بۆ هەڵبڕم، بەڵام خۆ دەمتوانی بە دەمیانەوە پێ بکەنم. لە دادگەدا، کاتێ دادوەر دێتە ژوورێ، هاتنەکەی رادەگەیەنن و دەڵێن: "هەستنە سەرپێ" و ئیدی هەموان هەڵدەستنەوە.. کاتێ دادوەر دادەنیشێت، ئینجا ئەوانیش بۆیان هەیە لەشوێنی خۆیان دابنیشنەوە. بەڵام کاتێ من دەگەیشتمە دادگا، جەماوەرەکە بە ویستی خۆی هەڵدەستانەوە بەبێ ئەوەی هیچ راگەیاندن و ناچارکردنێك لە گۆڕێدا بێت.. بۆ زیندانی، فەرمانی ئاگادارکەرەوەی (هەستن) دەر ناکرێت کەچی جەماوەر بە خۆیان هەڵدەستنەوە!. ئەمەش سووکایەتیکردنێکی ئاشکرا بوو بە دادوەر و سەرجەم ئەفسەرانی پۆلیس و هەموو دەستوپەیوەندییەکانی دادگا.. ئەو هەموو خەڵکە، تەنانەت ئەوانەش پەیڕەوی رێبازەکەی من نەبوون و ئەوانەش هیچکات

منیان نەبینیبوو و بێجگە لە چەند باسێك لە رێگەی تەلەفیزیۆنەوە و ئـــەو هەڵســـوکەوتە نامرۆڤانەیـــەی حکوومـــەتی ئەمـــەریکاش سـەبارەت بـە مـن، هیچـیان نەبیسـتبوو. ئـەوان {حکوومـەتی ئەمـەریکا} هـەموو شـتێکیان کـرد و هـەموو رێگایـەکیان تـاقی کردەوە، وایان دەزانی دەتوانن بچووکم بکەنەوە و تێکم بشـکێنن، بەڵام هەرکاتێ پەیامنێرەکان پرسیاریان لێدەکردم، دەمگوت: مـن هەسـتێکی باشـم هەیـە.. ئەوەنـدەی بـە منـەوە پەیوەسـتە، هەستێکی زۆر باشـم هەیـە.. ئـەوان دەتـوانن ئەشـکەنجەم بـدەن، بـەڵام هـەرگیز نـاتوانن دەسـتم لێ بخشـێنن (لەمسـم بکـەن). مـن، هـەموو کارەکانیـانم قـاو دەدان و ئـەوان نەیانـدەتوانی وڵامـی ئـەو راستییانە بدەنەوە کە من بۆ سـەرجەم میـدیاکان رامدەگەیانـدن.. ئـەوان وڵامیـان تەنانـەت بـۆ یـەك خـاڵیش نـەبوو، چـونکە مـن، چیرۆکەکەم هەر وەکوو خۆی باس دەکرد، وەکچۆن روویدابوو.

ئەوان هەست بە سووکایەتی دەکەن و هەوڵ دەدەن ئازارم بدەن بەڵام هێشتاش هەر لە هەڵەدان.. ئەوان سەفەرێکی دەوری دنیایان بـۆ مـن رێکخسـتووە.. گـەر ئـەمکارەی ئـەوان نـەبووبا، مـن نەمـدەتوانی ئـاوا بـە دەوری دنیـادا بگـەڕێم.. رەنگـە نـەمتوانیبا هەموو جەماوەرەکەم لە وڵاتانی خۆیاندا ببینم.. لەوانە بوو نەتوانم ئەو راستییە ئاشکرا بکەم کـە: سـەردەمی ئیمپریالیسـمی سیاسـی کۆتایی پێهاتووە و جێی خۆی داوەتە ئیمپریالیسمی ئـابووری کـە

گـەڵێ لـەوەی پێشـوو مەترسـیدارترە!.. ئێسـتا، ئـەوان خـەریکی بچووکردنەوە و سووکایەتیکردنن بە وڵاتانیدیکە... مـن پـازدە ڕۆژ لـە ئێرلەنـدا بـووم، ئـەوەی ڤیزەکـەی دەدامـی، لەوانـەبوو بـیرەی زۆری خواردبێتــەوە، ئەمــەش تــەنیا شـێوازی ژیـانی ئێرلەندییــە، بۆیەش کابرا سەیری نـەکرد بزانـێ ئـەم پاسـپۆرت و ڤیزەیـە هیـی کێیە! هەر تەنها مۆری کرد.. ئێمـە داوای ڤیـزەی یـەك شـەوەمان کردبوو کەچی ئەو حەوت ڕۆژی بۆ لێدابووین، ڕەنگە ئەو مۆرەیـان لەوانیدی لێی نزیکتر بووبێت! ئێمەش گوتمان: باشـە و ڕۆیشـتینە هوتێل. بەڵام هەرلەگـەڵ ئـەوەی لـە ئـەمریکاوە زانیـاری گەیشـتە لایان کە گوایە فڕۆکەکەمان لە ئێرلەندا نیشتۆتەوە، پۆلیس گـورج ڕژایە ناو فڕۆکەخانە و لەوێ زانییان کـە ئێمـە پێشـتر دابـەزیوین و هاتووینەتــە نــاو وڵاتەکەیانــەوە. بـۆ بـەیانی زوو، پـۆلیس هاتــە هوتێلەکــەوە و ســەرجەم ڤیزەکانمــانی بــەتاڵ کردنــەوە.. ئێمــە گوتمان: دەتوانن بەتاڵیان بکەنەوە بەڵام ئێمە لێرە نـاڕۆین، ئێمـە تــەنیا شــەوێك لێـرە ماوینەتــەوە، چ تاوانێکمـان کـردووە کـە ئـاوا ڤیزەکانمان لێدەسێننەوە؟. ئەوان گوتیان: هیچ تاوانێك لە گۆڕێـدا نییە. دیار بوو ئەوان ترسابوون، چونکە کابراکـەی دوێنـێ هەڵـەی کردبوو و ڤیزەی یەك هەفتەی دابووینـێ، بۆیـە ئـەوانیش گوتیـان: باشە.. دەتوانن لێرە بێدەنگ دابنیشن و هەر بەهەمان بێـدەنگیش لێـرە بـڕۆن. ئەمـە پۆلیسـی ئـەوان بـوو.. ئێمـە بـە بـێ ڤیـزەش دەمانتوانی لە وڵاتەکەیاندا بێدەنگ دابنیشـین و دوایـیش بێـدەنگ

لەوێ بڕۆین، تەنیا بۆ ئەوەی هەڵەکەی ئەوان ئاشکرا نەبێت!..
ئێمە پازدە ڕۆژ لەوێ ماینەوە و کاتێ خەریك بووین دەردەچووین، وەزیری پەیوەندیداری ئەو وڵاتە رایگەیاندبوو: من هیچکات نەچوومەتە ئیرلەندا و لەوێ نەبوومە و ئەوە تەنیا دەنگۆیەکە و هیچیدی! ئەو، چاك دەیزانی کە من و گرووپەکەی هاوڕێم پازدە ڕۆژی تەواو لەوێ ژیاوین.. ئەو رۆژەی بەڕێکەوتین، پەیامنێر و وێنەگران لەوێ کۆ ببوونەوە و لەبەردەم هوتێلەکەدا وێنەیان لە من گرت. لەوانەیە ئەوان {پۆلیسی ئیرلەندا} پێش ئەوەی لە پەرلەمانەکەیاندا را بگەیەنن کە من هیچکات نەچوومەتە ناو وڵاتەکەیانەوە، هەموو ئەو وێنانەیان کۆ کردبنەوە و دڕاندبنیان.
ئەوەیە کە دەڵێم: ئەمەریکا خەریکی سووکایەتیکردنە بە هەموو وڵاتانیتر. لە یونان‌دا، لەماوەی پازدە ڕۆژدا منیان گرت لە حاڵێکدا پاسپۆرت و ڤیزەش لە لایەن کوڕی سەرۆك کۆمارەوە بۆ من دەرکرابوو کە خۆێ یەکێکیشە لە وەزیرەکان. ئەو خۆی ڤیزەی دابوومێ و هەر خۆیشی بەتاڵی کردەوە، ئەوان، تەنانەت ئیزنی ئەوەیان نەدەدایە من کە بۆ یەك شەویش لەوێ بمێنمەوە. بەڵام لە فڕۆکەخانەدا، سەرجەم میدیا گشتییەکان ئامادە بوون.. سەرجەم کەناڵی تەلەفیزیۆن و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤارەکانیان و هەرواش چل ئەفسەری پلەبەرزی پۆلیس! من ناتوانم لەوە تێبگەم کە ئەوان لە چی دەترسان؟ من چەکی ناوکیم لەگەڵ خۆم

نــەهێنابوو.. کاتــێ لەگــەڵ ڕۆژنامەنووســەکاندا قســـەم دەکــرد، سەرۆکی پۆلیس لەبەردەممدا وەستابوو تـا پێشـم پـێ بگرێـت.. پێمگـوت: دەمـت داخــە و بـڕۆ دواوە و لــە جێـی خـۆت بوەسـتە. لەوانەیە لە هەموو تەمەنیدا ئاوا شتێکی لە هیچکەس نەبیستبێت. ئەو، ئەوەندەش ئاوەزی هەبوو تا بەبێ یەکودوو بچێتە دواوە و لە جێی خۆی ڕاوەستێت، چونکە دیتی ئەگەر شتێك بڵێت، من دەنگ هەڵدەبڕم و دادەڕووخێمە سەری، هەموو شتێکیش لە میدیاکانەوە بڵاو دەبۆوە، کەوابوو، باشـتر وایـە کـە هـەر تـەنیا...، بـەڵام هـەر ئەوەندە لـە تەلەفیزیۆنەکانـدا بـڵاو کرایـەوە کـە: ئـەو هـاتووە تـا پێشی من بگرێت چونکە گوایە مـن دژی پـۆلیس قسـەم کـردووە و گوتوومە ئەوان دەیانویست ماڵەکەم بە (تی ئێن تی) بتەقێننەوە و هەڕەشەیان لێکردووم کە بە زیندوویی دەمسووتێنن. !

من لە خەودا بووم کە (جۆن) هاتـە لام و هەڵیسـاندم، پێمگـوت: پێیان بڵێ با تەنیا پێنج خولەك بوەستن تا خۆم گورج دەکەمـەوە و ئامــادە دەبم کــە دووبــارە دەســگیرم بکەنــەوە.. مــن ئێســتا مرۆڤێکی بە ئەزموونم و هیچ کێشەیەك نایەتە پێش، کەچی ئـەوان گوێیــان نــەدەدا.. دەســتیان کــردە بەردگرتنــە دەرکــە و پەنجـەرەکان.. لـە حەمامـدا دەنگـێکم بیسـت، دەتگـوت بۆمبـەو تەقیوەتەوە، گوتم "زۆر سەیرە" و کاتێ هاتمە خوارەوە گوتیـان: ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەگەر مـن نەیەمـە دەرەوە، خانووەکە بە (دینامیت) دەتەقێننەوە.. من لە مـاوەی ئـەو پـازدە

ڕۆژەدا هیچکات لە ژوورەکەم نەچووبوومە دەرەوە.. کاتێ ئەسینام بەجێ هێشت، هەر ئەو وەزیرەی پێشتر ڤیزەکەی دابوومێ و دوایی هەر خۆیشی بەتاڵی کردبۆوە، دووبارە لە بەرانبەر پەرلەمانەکەیاندا درۆی کردەوە. هەر بۆیەش ئەمە ئەزموونێکی گەورە بوو.. هەرچییەك من سەبارەت بە سیاسەتبازەکانم دەگوت، ڕاستییەکەی سەداسەت دەرکەوتبوو.

(هاسیا)ی سکرتێرم یەك کاتژمێری تەواو لەگەڵ ئەو وەزیرە دانیشتبوو، کەچی ئەو لە پەرلەماندا دەیگوت کە هیچکات سکرتێرەکەی منی نەبینیوە.. گوتبووی: گوایە فریوی خواردووە و کەسێکیدی ئیمزای ئەوی دەرهێناوە و ڤیزەی بۆ من دابین کردووە..! ئا ئەمانەن سەرکردەکانی ئێوە کە چارەنووسی مرۆڤایەتییان بە دەستە!! ئێمە، سەرجەم سیاسەتبازەکان دەکێشینە دادگا.. بۆ نموونە هەر دژی ئەم وەزیرە سکالا تۆمار دەکەین.. دەبێ هاسیاش بێتە بەردەم دادگا و شایەتی بدات کە کاتژمێرێکی تەواو لەگەڵ ئەو وەزیرەدا بووەو باسی منی کردووە و وڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوی داوەتەوە و ئەویش، کاتێ ڤیزەکەی ئیمزا کردووە کە بەهەموو شێوەیەك رازی بووە و قەناعەتی بە قسەکانی سکرتێر کردووە. بەم حاڵەشەوە زۆر بە ئاسانی لە ژێری دەدات و دەڵێ گوایە هەرگیز ئەو سکرتێرەی منی نەدیوە!! هەر هەمان هاوکێشە بۆ سەرجەم جیهانی پێشکەوتووی

ڕۆژاوا ڕووی داوه.. هەندێ لە وڵاتان وا ترسابوون کە من تەنانەت داواکاریی ڤیزەشم پێشکەش نەکردن، چونکە هەر پێشتر بڕیاریان دابوو ڕۆیشتنی من بۆ وڵاتەکانیان قەدەغە بکەن.. من هێشتا داوام نەکردووە و ئەوان دەڵێن نابێ ڤیزەم بدرێتێ.. ئەوان بە هەموو باڵیۆزخانەکانی خۆیان لە هەموو وڵاتاندا رایانسپاردووە کە گوایە من کابرایەکی مەترسیدارم و نابێ ڤیزەم بدەنێ.. ئەگەر داواکارییەکی منیان گەیشتە دەست، ئەوا دەبێ گورج و بێ راوەستان رەتی بکەنەوە.. ئەوان، ئەوەندە ترساون کە سەرجەم پەرلەمانەکانی ئەورووپا باسی منیان خستۆتە ڕۆژەڤی خۆیانەوە، ئەویش بە قسەو باسی سەیرو سەمەرەوە!! وەزیری دەرەوەی هولەندا گوتوویەتی: هۆی ئەوەی من بۆم نییە بڕۆمە وڵاتەکەیانەوە، ئەوەیە گوایە دژی (هاوجنس گەرایی) قسەم کردووە.. دژی دایکە ترێزا قسەم کردووە.. دژی پاپا و مەزهەبی کاسۆلیك قسەم کردووە.. هەموو وڵاتێکی (مەدەنی) بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە نامەزهەبی (سیکۆلار)ە.. پاپایش دەتوانێ رەخنە لە هەموو مەزهەبێك بگرێت و پێشوازییشی لێدەکەن بەلام من ناتوانم رەخنە لە پاپا بگرم. ئەگەر ئەو تۆزقاڵێك (شەهامەت)ی هەیە، با لەجێی ئەوەی سەری پەتەکەی ئەم سیاسەتبازانە رابکێشێت، وڵامی رەخنەکانی من بداتەوە. ئەو لەم وڵاتانەدا زۆرینەیەکی کاسۆلیکی هەیە و سیاسەتبازەکانیش لەوە دەترسێن دەنگەکانیان لە دەست بدەن!! من دەتوانم لە لۆژیکی ئەو

(وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا) لەمەڕ كاسۆلیك یا دایكە ترێزا یانخود پاپا تێبگەم، بەڵام هاوكێشەی (هاوجنس گەرایی) شتێكی زۆر جیاوازە.. من نەمدەزانی كە مەزهەبی فەرمیی وڵاتی هۆڵەندا هاوجنس گەراییە و ئەگەر رەخنە لە هاوجنس گەرایی بگریت، ناتوانی بچیتە ناو خاكی هۆڵەنداوە ! ئەو وەزیرە، سەرجەم هاوڵاتیانی هۆڵەندای بە هاوجنسگەرا ناساندووە و مەحكوومی كردوون بەوكارە.. ئەگەر هاوڵاتیانی هۆڵەندا تۆزقاڵێك ئاوەزیان هەبووبا، دەبا ئەو وەزیرە ناچار بكەن دەست لەكار بكێشێتەوە، چونكە ئەو، سووكایەتیی بە هەموو خەڵك و وڵاتی هۆڵەندا كردووە.. من هەڕەشەم، چونكە رەخنەم لە هاوجنسگەرایی گرتووە.. بەڵێ، من هەموو جۆرە لادانێك دەخەمە بەر ڕەخنە و لەسەر ئەم كارەشم بەردەوام دەبم. ئەمەریكاش لەهەر دەركەیەك دەدات.... ئەمەش بۆ ئەمەریكا سووكایەتییە.. ئێستا، ئەوان هەوڵ دەدەن سووكایەتی بە وڵاتانیتر بكەن.. هەموو ئەو وڵاتانەی لەگەڵ ئەمەریكادان، بەمشێوازە رووبەڕووی ئەو سووكایەتییە دەبنەوە.. لەملاشەوە پیاوێكی تەنیا دەتوانێ هەموو جیهان دژی خۆی هان بدات كەچی كەس ناتوانێ سووكایەتیی پێ بكات و بچووكی بكاتەوە.. هەقیقەت زۆر سادەیە.. ئەگەر مرۆڤ خاكەسار بێت، ئەوا بچووككردنەوەی زۆر ئەستەمە.. هەقیقەت بچووك ناكرێتەوە.. دەتوانی لە خاچی بدەیت، بەڵام ناتوانی سووكایەتیی

پێ بکەیت و بچووکی بکەیتەوە. ئەمەریکا، دەبێ بزانێت، ئەو بیابانە (ئۆرێگان) کە ئێمە کردمانە بێستانێك، مەترسیدارە.. ئەوان بە زۆر منیان لە ئەمریکا کردە دەرەوە و وایان دەزانی من مەترسیدارم.. ئەوان ئەو کۆمەڵەیان تێکدا و وایاندەزانی مەترسیدارە.. بەڵام شتگەلێکی نەبینراو هەن کە ئەوان ناتوانن لەناویان بەرن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەو شتە نەبینراوانە ئەوان لەناو دەبەن، نەك بە کوشتن، بەڵکوو لە رێگەی گۆڕینەوە.. دەبێ زۆر وشیار بن.. باشە تاکەی دەتوانن پێشی پێ بگرن؟ چونکە ئەمە هاوکێشەی تەنیا من نییە.. ئەوان چۆن دەتوانن پێش بە ڕۆشنبوونەوەی ئەمریکا بگرن؟ رەنگە من نەتوانم بڕۆمە ئەمریکا، بەڵام خۆ ئەمریکا دەتوانێ بێتە لای من و ئێمەش پێویستمان بەوە نییە هەموو ئەمریکا بێتە لامان، ئێمە، تەنیا چەند مرۆڤێکی وریا و هۆشمەندمان پێویستن کە بتوانن ئەم ئاگرە بەرنە وڵاتەکەیانەوە.. گەرچی ئەمریکا لەگەڵ من و جەماوەرەکەمدا هەڵسوکەوتی خراپی کردووە، من هێشتا لەسەر رستەکەی (گۆرجیەف) پێداگری دەکەم: "ئافەرین ئەمریکا"، چونکە حکوومەتی ئەمریکا، ئەمریکا نییە!! ئەمانە، هەر تەنها چەند نەزانێکی هەڵبژێردراون.. هەموو ئەمریکا خواستێکیدیکەی هەیە.. لە هەموو وڵاتەکان گەنجترە و دیاریشە کە بنەما و سەرەتای گەیشتن بە (ئیشراق) پاکییە.. وڵاتە کۆنەکان، رابردوویەکی دوورودرێژیان هەیە و هەر بەم بۆنەیەشەوە زۆرتر مەرجدار

بوونەتەوە.. ئەمریكا هێشتا نەبۆتە مەرجی، تەنیا سێسەد ساڵ تەمەن، ئەمەش زۆر نییە، تەنیا توێیەكی ناسكە و دەكرێ بە ئاسانی بسڕدرێتەوە.. رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت كە حكوومەتی ئەمریكا زۆر لە من دەترسا.. ئەوان، هەر بەڕاستی لە ترسێكی دەروونیی سەیردا گیریان كردووە.. هەوڵی زۆریان دا كە من نەتوانم لێرە بمێنمەوە.. ئەوان، لەم وڵاتە بچووكە (باجگیری)یان كردووە و هەڕەشەیان لێكردووە، ئێمەش بەدوای شوێنیترەوەین.. بەڵام هەرچەندە بگەڕێین و بڕۆینە هەركوێ، ئەمریكا، گورج پێش ئێمە دەیگاتێ، چونكە سەرجەم پەیوەندییە تەلەفۆنییەكانمان دەبیسترێن. سەرتان سووڕ دەمێنێ گەر بزانن هەموو پەیوەندییە تەلەفۆنییەكانمان لە رێگەی باڵیۆزخانەكانی ئەمریكاوە رەت دەكرێنەوە.. هەموو شتێك سەرەتا دەگاتە باڵیۆزخانەكانی ئەمریكا.. ئەوان چاك دەزانن ئێمە بەدوای چییەوەین.. لەكوێوە خەریك دەبین و جەماوەرەكەمان لەكوێ كار دەكەن، ئیدی، گورج پێش گەیشتنی جەماوەری ئێمە، گوشارەكانی ئەوان دەخرێنە سەر ئەو وڵاتانە. لە ئیرلەندا، تەنیا دوو ڕۆژ بارودۆخەكە ئاسایی بوو، ئێمە ئامادە بووین پارچە زەوییەك لە كابرایەك بكڕین بەو مەرجەی ڤیزەیەك بۆ هاوڕێكانمان دابین بكات.. ئەم شوێنە، قەڵایەكی گەورەو جوانە كە هەمووی نۆژەن كراوەتەوە.. كابرا داوای نرخێكی زۆری دەكرد و ئێمەش

گوتمـان: "باشـه دەیـدەین، بـەڵام تـۆش بەرپرسـیار دەبیـت بـۆ دابینکردنی ئیمکانیات و ئامادەسـازییە حکوومییـەکان".. ئـەویش زۆر دڵنیا بوو کە دەتوانێ ئەو کارانە بکات.. ئاخر ئـەو (دۆك) بـوو و دیاربوو دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو.. کەچی هەر ئـەمڕۆ هـەواڵیان داینێ کە حکوومەتی ئەمریکا گوشـاری خسـتۆتە سـەر ئێرلەنـدا.. ئەویش لە حاڵێکدا کـە هێشـتا هیچـکەسمان نەچـۆتە ئـەو وڵاتـە و دەسـپێکردنی ئـەو گوشـارەش هـۆی کـۆنترۆڵکردنی پەیوەندییـە تەلەفۆنییـەکانی ئێمەیـە لـە لایـەن باڵیۆزخانـەی ئـەمریکاوە. ئـەو (دۆك)ە زۆر سـەری سـووڕمابوو.. پێـی ڕاگەیانـدین: "حکوومـەت کتوپڕ ترسی لێنیشتووە".. ئەو، پێشـتر زۆر لـەوە دڵنیـا بـوو کـە هیچ کێشەیەك ڕوو نادات و حکوومەت ڕازییە.. تەنها شتێك مـابوو: شەسـت ڕۆژی دەبـرد تـا ڤیـزەی هەمیشـەیی دەر بکرێـت، کەچـی ئێسـتا، ئـەو ترسـاوە.. گوشـارەکە زۆر زۆرە.. ئـەو گوشـارەی ئـەمریکا دەیخاتـە سـەر وڵاتـان، پیشـاندەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە ئازادای لە هیچ شوێنێکدا بوونی نییە..! شـێوازی کـۆنی بـەردەیی (ژێردەسـتەبوون)ی سیاسـی لـەناو چـووە و چەشـنە بـەردەیی (ژێردەستەییەکی) ئابووری جێی گرتۆتەوە!!

ئـەوان، هەڕەشـەیان لـەو وڵاتـە کـردووە: "ئەگـەر بهـێڵن ئـەو و هاوڕێکـانی لـە وڵاتەکەتانـدا بمێننـەوە، ئێمـەش گـورج هـەموو قـەرزەکانتان لێ دەسـتێنینەوە".. ئـەمریکا ملیارەهـا دۆلاری بـە قەرز داوەتە زۆربەی زۆری وڵاتان و چاك دەزانێ کە ئەوان نـاتوانن

ئـەو قــەرزەی بدەنــەوە.. هــەرگیز نــاتوانن. بۆیــە ئەمــەش بــە هەڕەشەکەیان زیاد دەکەن: "ئەگەر نەشتوانن قەرزەکە بدەنـەوە، ئەوا ئێمە نرخـی (سـوو)وەکەی زیـاد دەکـەین لەسـەرتان.. ئەگـەر هـەر گوێشـتـان نـەدا، ئـەوا لـە داهـاتوودا هـیچ قەرزێکیدیکـەتان نادەینێ و ئـەو قەرزانـە بـەتاڵ دەکەینـەوە کـە ئامادەکارییـان بـۆ کراوەو لە ساڵێکدا دەبێتە ملیارەها دۆلار".. ئەمـەش بـۆ وڵاتێکـی هـەژار زۆر زۆرە.. زۆربـەی وڵاتـانیش هـەژارن.. ئاشـکرایە، ئـەوان ناتونن ئەو قەرزانە بدەنەوە.. ناتوانن ئەو (سوو)وە زۆرەش بـدەن و ناشــتوانن هــەموو پڕۆژکانیــان رابگــرن: جــادە و رێگــەوبان.. خەســتەخانە.. زانکــۆ.. پــرد.. هێڵــی ئاســن و...، هــەموویان نیوەکــارە و نیوەناچــڵ ماونەتــەوە و ئەگــەر ئــەو قەرزانــە وەرنــەگیرێن، ئــەوا سیســتەمی ئــابووریی وڵات بــە تــەواوەتی تێکدەشکێت و دادەڕووخێت. وەزیرێکی ئێرە گوتوویەتی (چـونکە هەمان ئەو گوشارەیان خستە سەر ئەو وڵاتەش): "لانیکەم شـتێك ئاشکرایە، ئـەویش ئەوەیـە کـە ئێمـە تووشـی ئـەو وەهمـە بووینـە گوایە سەربەخۆین.. ئێمە سـەربەخۆ نـیین.. هیچـکەس سـەربەخۆ نییە"!!!

***

***سەرچاوەکانی ئەم کۆ دەفتەرە:***

**دەفتەری یەکەم: عەشق سەمای ژیانە**

وەرگێڕان بۆ فارسی: بابەك ریاحی پـوور و فەرشـید قارەمـانی / چـاپی نۆیەم/ پایزی 1382/ تاران/ بڵاوکاری ئاوێزە.

**دەفتەری دووەم: راپەڕیو**

وەرگێـڕان: بـۆ فارسـی: عەبدولعـەلی بەراتی/چـاپی دووەم/بـەهاری 1383/تاران/ بڵاوکاری نەسیم دانش.

**دەفتەری سێیەم: ئەڵماسەکانی وشیاری**

الماسهای أگاهی/ اوشو/ ترجمه: محسن خاتمی/ انتشارات امیر قلم.

**دەفتـەرەکانی چـوارەم (ئـەمیش بەسـەر دەچـێت) و پێنجـەم (لـە خاچـدانەوەی مەسـیح ئـەمجارە لـە ئەمـەریکای رۆناڵـد رێگنـدا):**

سایتی تایبەتی ئۆشۆ:

(http://ods.blogfa.com)یا (www.oshods.com)

***

کـۆتایی

***

2009/9/2